دێڕەکانی هۆنراودا پابەند بێ پێیان و دابینیان بکا. بەڵام لە کاتی ئێستا دروستە ئیستی بەزەنە لەسەر بکرێ ئاوا: (لَهُ = ن ن) بکرێ بە(لَهْ = -). بەوێنە ئەگەر لە سەرواى سەردێڕدا (بِهِ) بوو، دەبێ لە سەرواى هەموو دێڕەکانی پاشیەوە هێی وەصڵەکە ژێری هەبێ. سەریش هەروا، بۆریش هەروا، زەنەیش هەروا.

٤- بزوێنی کورتی (ه) لە دوا پیتی ڕەوییەوە دانانرێ بەهێی وەصڵ، واتە: لە کوردیدا، چونکە ئەم بزوێنە کورتە لە کوردیدا دەق ڕۆڵی سەری عەرەبی دەبینێ. واتە: لە کاتی تێرکردندا دەبێ بە(ا) وەک شیعرەکەی سەلام: (لە چاوی پاکا).

٥- هێی پاشڕەوی یا بەشی وشەیە، وەک (تائه) و (فاره) یا ڕاناوە وەک: (بهِ، عینها) یا هێی ئێستە، وەک (غُلاَمیَةْ، یَا أَبَهْ) یا تێی خڕی نیشانەی مێیینەیە لە ناوا و، لەبەر ئێست، بەهێی وەستاو گۆ دەکرێ، وەک (رقبَهْ) کە خۆی (رقبة) بوو، وەک (حمزه) کە خۆی (حمزة) بووە.

ه- وەصڵ بەکاف: بڕوانە: یەکەم - و - کاف.

و- وەصڵ بەهەمزە: بڕوانە: یەکەم پیتی ڕەوی/ ب - یێ.

**سێیەم: پیتی خەروج، بەسەری خێی خەرووج: پاش وەسڵ:**

١- خەروج پیتێکی مەددە - بزوێنێکی درێژە - لە چەشنی بزوێنی هێی وەصڵ، یا کافی وەصڵ، لەسەرواى کراوەی وەسڵداردا (بڕ: ٦٧ - الخروج) + (دووەم - د - هێی وەسڵ).

٢- بزوێنی درێژ لە کۆتایی سەروادا، کە یەکێکە لەم سێ بزوێنە: (ا، ی، و) ئەگەر لە تێرکردنی بزوێنی ڕەوییەوە پەیدا بووبێ دەبێ بەوەصڵ، بەڵام ئەگەر لە تێرکردنی بزوێنی پیتی وەصڵەوە پەیدا بووبێ، دەبێ بەخەروج.

چەند تێبینییەک:

١- ڕێ دەکەوێ کە پیتی بەشی وشە و پیتی زائیدی کە بەمەرج دەبێ بەڕەوی، لە دێڕەکانی چامەدا دەبن بەڕەوی.

٢- هەروا پیتی وەصڵیش، بەوێنە: دروستە کە یێی بەشی وشە و، یێی تەرەننووم و، یێی سووککراوی هەمزە و، یێیەکانی تری وەسڵ بەسەرە لە دێڕەکانی یەک چامەدا ببن بەپیتی وەسڵ. وەک (المالِ، المالِی، الأحوالِ، الأنفالِ) یا وەک (الظامِی) سووککراوی



(الظامئ) لەگەڵ (الإکرامِ، غلامی)دا، یا وەک یێی تەرەننومی (ثَهْمَد = ثَهْمَدی) لەگەڵ یێی ڕیشەیی (الصِّدی) وەک (السَّرَاب) لەگەڵ (شرابی) وەک (الرَّوَابی، الزَّرَابی، عَذَابی).

٣- لەبەر ئەوەی بەزۆری پیتی خەرووج لە تێرکردنی بزوێنی پیتی وەصڵ پەیدا دەبێ، لە سەراسەری دێڕەکانی هۆنراودا یەک شت دەبێ، زۆر زۆر کەم وا دەبێ کە پیتی خەرووج غەیری پیتی ئیشباع و تەرەننوم بێ، وەک (الوَلَهُ، فَلَهُ، وَلَهُو) یا وەک (بهِ، مُشْتَبهِ، اشتبهِی) لە یەکەما (ل) ڕەوییە (ه) لە (الوله)دا بەشی وشەیە، لە (فَلَهُ)دَا ڕاناوە، لَهَ (لَهُوَ)دَا بەشی وشەی ڕاناوە، ئیشباعی (ه) (الوله) و (فله) واوە دەبێ بەخەروج، واوی (لَهُوَ) کە وێستا و کراوە دەبێ بەخەروج.

**چوارەم: ریدف کە جۆری یەکەمە لە جۆرەکانی پێشڕەوی (ر: الرِّدف):**

ریدف: ئەو پیتە مەددە، یا ئەو پیتە لینەیە کە یەکسەر لە سەروادا وا لە پێش پیتی ڕەوییەوە. ریدف لە کوردیدا سێ جۆری هەیە:

جۆری یەکەم: ریدفی ئەصڵی، دەق وەک ریدفی عەرەبی وایە، لەبەر ئەوە هەر ریدفێ لە هۆنراوی کوردیدا بەپێی دەستوورەکانی ریدفی عەرەبی بوو، ئەوە بێ چەند و چوون لە جۆری یەکەمی کوردیە.

جۆری دووەم: ریدفی زائید دەنگێکی نەبزوێنە دەکەوێتە نێوان ریدفی ئەسڵی و ڕەویەوە.

جۆری سێیەم: ریدفی تێکەڵ ئەم دوو (م) جۆرەیان با بمێنێ بۆ باسی سەرواى کوردی.

**دەستوورە سەرەکییەکانی ریدف:**

١- ریدف بزوێنێکی درێژە یەکسەر وا لە پێش ڕەوییەوە، جا یا ئەلفە، یا واوێکی وەستاوی پێش بۆرداره، یا واوێکی وەستاوی پێش سەرداره، یا یێیەکی ژێرداری پێش ژێرداره، یا یێیەکی وەستاوی پێش سەرداره، کە ئەمەیش ڕێک دەکاتە پێنج بار (حاڵەت): ئاوا:

١- (قَالَ، ماڵ، کاڵ، مامە، دایە).

٢- (ڕۆم، ثوم، مۆم، سوور، دوور، کۆمە، توونە).

٣- (قَوْل، حَوْل، طَوْل، بەور، هەور، تەور، بەورە، هەورە...).

٤- (قیر، سَمیر، سیر، شیر، تیر، نێره، بێره، پیسه، شیشه).

٥- (السَّیر، الطَّیر، الکَیْل، المَیْل، سەیر، بەین، کەین).

بڕوانە: (الحزم).

٢- ریدف لە هۆنراوی مقید و مطلقا دەبێ، لە کوردی و فارسی و عەرەبیدا هەیە، پیتێکی نەگۆڕە. لە عەرەبی سەروای ریدفدار تایبەتە بەچەند ضەربێکەوە لە چەند بەحرێ، وەک لە دواوە دێ.

٣- ئەگەر لە سەروای سەردێڕدا ریدف ئەلف بوو، دەبێ لە سەرانسەری هۆنراوەکەدا ڕەچاو بکرێ ئاوا (قال، مال، کال، مال، تال، دار، نار، جار، حار) وە دروست نییە واو - یان - یێ نۆرەسەرە لەگەڵ ئەلفا بکا.

٤- واو و یێی حەزمی مورسەلیش نەگۆڕن، بەڵام دروستە بەبێ ناشیرینی، لەگەڵ یەکتردا نۆرەسەرە (تعاقب) بکەن، وەک: (طروب) و (مشیب) و (عجیب) و (غریب) و (یَصُوب) بەرودوا سەروای هۆنراوی بن. بەڵام جوانتر ئەوەیە کە واوی ریدف لە سەراسەری دێڕەکاندا پەیڕەو بکرێ ئاوا: (نور، بدور، نسور، تنور، بحور، أمور، دور، سور) هەروا یێ ئاوا: (بشیر، نذیر، عذیر، منیر).

٥- حەزمی مونبەسیطیش نەگۆڕن، وەک (ثَوْب، رَوْب، حَوْب) و (رَیْب، شَیْب، عَیْب...) هەروا دروستە واو و یێی حەزمی مونبەسیط لە ناو خۆیانا نۆرەسەرە بکەن، وەک (خَوْف) و (ضَیْف) لەم دێڕەدا (سەریع):

یَا أیُّهَا الخَارِجُ مِنْ بَیْتِه    وَهَارِباً مِنْ شِدَّةِ الخَوْفِ
ضَیْفُكَ قَدْ جَاءَ بِزَادٍ لَهُ    فَارْجِعْ تَكُنْ ضَیْفاً عَلَى ضَیْفِ

بەڵام حەزمی مورسەل لەگەڵ حەزمی مونبەسیتا نۆرەسەرە ناکەن ئەگەر شتی وا ڕوویدا سینادە، وەک (قَضَیْنَا) لەگەڵ (رَضِینَا)دا یەکەمیان بەسەری ضادەکەی و دووەمیان بەژێری ضادەکەی.

٦- بەڵام وا باشە چامە، یا هۆنراو لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی یەک جۆرە ریدفی هەبێ، وەک ئەلفی مەدد، یا واوی مەدد، یا واوی لین... تاد.

٧- دروستە ریدف و ڕەوی لە یەک وشەدا بن، وەک (الأیَامَى، الیَتَامَى) دروستە لە دوو وشەیش دابن، وەک (إذَامَا). وە دروستە لە دێڕێکا لە یەک وشەدا بن و لە دێڕێکی



تردا لە دوو وشەدا بن، ئاوا: (الأیامی، الیتامی، إذاما، وهاما، ویاما...).

٨- دروستە ئەلفی ریدف سووک کراوی هەمزە بێ، وەک (یادو) کە لە ئەصڵا (یَأدُو) بووە.

٩- یێی موشەددەد دانانرێ بەریدف، وەک (کَیِّس، رَیِّض).

١٠- پەیڕەوی نەکردنی ریدف، بەهەر شێوەیێ بێ، دادەنرێ بەسیناد وەک (متقارب):

إذَا كُنْتَ فِي حَاجَةٍ مُرْسِلاً    فَأَرْسِلْ لَبِیباً وَلاَ تُوصِهِ
وَ إنْ بَابُ أمْرٍ عَلَیْكَ الْتَوَى    فَشَاوِرْ حَكِیماً وَلاَ تَعْصِهِ

ئەوەتا لە دێڕی یەکەما واو لە (توصه)دا ریدفە، صادەکە ڕەوییە، هێکە وەصڵە، یێی تێرکردنی بزوێنی هێکە خەروجە، بەڵام لە دێڕی دووەما تەرکی ریدف کراوە لە (تُعْصِهِ)دا، چونکە لەباتی واو عەینە (بڕ: نەنگەکانی سەروا: سیناد).

١١- ریدف و تەئسیس قەت بەیەکەوە کۆ نابنەوە.

١٢- نازناو و ناوەکانی ریدف:

١- ریدفی ئەصڵی. ٢- ریدفی زائید. ٣- ریدفی مەحض: ریدفی پەتی. ٤- ریدفی مەدد: ریدفی بزوێنی درێژ: حەزمی مورسەل. ٥- ریدفی لین: ریدفی صولب: حەزمی مونبەسیط: ثَوَانِی. ٦- ریدفی موختەلەط: ریدفی تێکەڵ.

١٣- جۆرەکانی ریدف زۆرن، سەروای داخراو پێنج جۆری هەیە، وەک لەم خشتەیەدا ڕوون دەبێتەوە:

| نەوعی ریدف | بزوێنەکەی | بزوێنەرەوەی | نەوعی وەصڵ | بزوێنەکەی | خەروج | وشەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەلف | مەدد | وەستاو | – | – | – | قال=-٥ |
| واو | مەدد | وەستاو | – | – | – | قُولْ=-٥ |
| واو | لین | وەستاو | – | – | – | قَوْلْ=-٥ |
| یێ | مەدد | وەستاو | – | – | – | قِیلْ=-٥ |
| یێ | لین | وەستاو | – | – | – | قَیْلْ=-٥ |

سەروای کراوە (موتلەق)یش جۆری زۆر زۆری هەیە، لە هەر گۆشەیەکەوە ڕەچاو بکرێ شێوەی خەیاڵی (شقوقی متصورە)ی زۆری بۆ پەیدا دەبێ، کە زۆرینەیان لە زەمینەی

جێبەجێکردندا پیادە کراون، بۆ تێگەیشتنی تەواو لە چۆنێتی دروستبوونی سەروای ریدفدار و تەئسیسدار و ڕووت لە ریدف و تەئسیس و، جۆری ریدف بەپێی بزوێنی پێشی و بزوێنی ڕەوی و بەپێی ئەوەی ریدف و وەصڵ و خەروج کۆ ببنەوە یا نا، وە بەپێی بزوێنی پیتی وەصڵەوە، یا بێ بزوێنییەوە، وە بۆ ئەوەی بزانین ریدفی مەددی و نامەددی کامەیە و، موردەفەی تەنیا چۆنە و، موردەفەی مەوصوولەی بێ خەروج یا لەگەڵ خەروجا چۆنە، بۆ تێگەیشتنی تەواو لەم کۆمەڵە زانیاریە، ئەم نەخشەیە دەنووسین، چونکە دڵنیام لەوە: (کە لە جێگەی خۆیا ئەوەی بەنەخشەیەکی یەک لاپەڕەیی دەکرێ بەپەڕاوێکی سەد پەڕەیی ناکرێ!).

بۆ نموونە: ئەلف کە دەبێ بەریدف و وەصڵ و تەئسیس، بەپێی ئەو هەموو جۆرەی ئەلف، کە لە ژمارەی/ ٦ – ئەلفدا ڕۆیشت، جۆری زۆر بۆ ریدف و تەئسیس و خەروج دروست دەکات، هەروا واو و یێ، هەروا هێ و کافی وەصڵ، هەروا ڕەچاوکردن و اعتباراتی تر:

(نەخشەی جۆرەکانی ریدف و تەئسیس و وەسڵ و خەروج)

| | ریدفی ئەلف | ریدفی واوی مەدد | ریدفی واوی لین | ریدف بە ییێی مەدد | ریدف بەپیێی لین | ئەلفی تەئسیس | خاڵی لە ریدف و تەئسیس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەصڵ بە ئەلف | قَالَ – ب | قُولَ – ب | أصَبْتُ القَوْلَ | قِيلَ – ب | كرهْتُ المَيْنَ | رئيت العالم | أحببت اَحْمَدا |
| وەصڵ بە واوی ئیشباع | مَاذَا الحَالُ | مَاذَا الغُولُ | مَاذَا القَوْلُ | هذَا الجِيلُ | المَيْنُ قبيحُ | هذَا العَالِمُ | رسُولُنَا اَحْمَدُ |
| وەصڵ بە یێ | فيِ الدّارِ | مِنَ الغُولِ | بِالقَوْلِ | بالجِيلِ | فيِ البَيعنَ | في العَالَمِ | بالأكْرَمِ |
| وەصڵ بە هێ وەستاو | أطفأ اللّهُ نَارَهْ | وأتممْ نُورَهْ | أُصَدقُ قَوْلَهْ | صَدِّقْ قِيلَهْ | ذاتَ بَيْنَهْ | في عَالَمِهِ | هذهِ رَقَبَهْ |
| بەهێی بۆردار | كيفَ حَالُهُ | رأيتُ نورُهُ | صدّقْتُ قَوْلَهُ | جَاءَ دِينُهُ | قضيتُ دَيْنَهُ | هذَا عَالُمُهُ | جَاءَ وَقْتُهُ |
| وەصڵ بە هێڵی سەردار | كيفَ حَالُهَا | رئيتُ نورَهَا | أَخْرَجَتْ نَوْرَهَا | صانَتْ دِينَها | وَفَتْ دَيْنَهَا | عالمها | وَقْتُهَا |



| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەصڵ بە هێڵی ژێردار | في دارِهِ | بنورِهِ | في قَوْلِهِ | بدينِهِ | قضاء دَيْنِهِ | في عالَمِهِ | لِوَقتِهِ |
| وەصڵ بە هێڵی تەنیشت | هَامَهْ | دُولَهْ | دَوْلَهْ | قِيمَهْ | كَيْلَهْ | ظالِمَهْ | دَفْعَهْ |
| وەصڵ و خەروج بەکاف و ئەلف | هَالَكَا | دُونَكا | قَوْلَكَا | قِيلكَا | قَيْلكَا | عَالمكا | طَبْعُكَ |
| وەصڵ بە تەنوین | العِتَابَنْ | النورَّنْ | القَوْلَنْ | القِيلَنْ | البَيْنَنْ | العَاَلَمنْ | الرَّجُلَنْ |
| وەصڵ بە کافی وەستا | قالَكْ | قُولَكْ | قَوْلُكْ | قِيلَكْ | دَيْنَكْ | عالمكْ | رَجُلَكْ |
| وەصڵ و خەروج بەکافی ژێردار و ییێی مەددی ئیشباع | جَاءكِي | دُونَكِي | قَوْلُكِ | دِينُكِ | عَيْنُكِ | عالمكِ | مِنْ فَضْلِكِ |

(چەند نموونەیەک لە هۆنراوی عەرەبی و کوردی ریدفدار):

آ– سەروای داخراو (قافية مقيدة):

١– سەروای ریدفدار بەئەلف لەگەڵ ڕەوی وەستاودا وەک (وەفایی – رەمەل):

بۆ لەبی جانان –بەچاوت– من ئەوا بوومە کەباب
(دوستان –ساقی!– کجا تا دردهد جامِ شرَاب)

لەم چامەیەدا وشەکانی سەروای دێڕەکان ئەمانەن (تاب، نقاب، افتاب، کامیاب...) یا وەک (شەوقی – کامل – مەجزوئی موزال):

قُولُوا لَهُ رُوحِي فدَاهْ    هذَا التَجَنِّي مَا مَدَاهْ
تجري الأمُورُ لغَايَةٍ    إلاَّ عَذَابِي فِي هَوَاهْ
سَمَّيْتُهُ بَدْرَ الدُّجى    وَمِنَ العَجائِبِ لاَ أرَاهْ

یا وەک (مەحوی/ رەمەل):

ئەزیەتم کەمتر دەدا، دا ڕۆژی حەشر
زۆری ڕانەگرن لەگەڵ من حیساب

٢- ریدف بەواوی پێش بۆردار (بەواوی مەدد) لە سەروای داخراودا، وەک (مەحوی/ موضارع):

دڵدۆزە تیری ئاهی فەقیرانی ڕووت و قووت
بۆ کوشتنە هەمیشە کە ئامادە شیری ڕووت

یا وەک (ڕەجەز):

حَسْبُكَ مِمَّا تَبْتَغِيهِ القُوتْمَا اكْثَرَ القُوتَ لِمَنْ يَمُوتْ

یا وەک (متقارب):

فَلاَ تَحزَنُوا أنكُمْ سَاهِرُونْ    فَسَوْفَ تَنَامُونَ مِلأَ الجُفُونْ

٣- ریدفی تێکەڵ لە واو و یێ لە سەروای داخراودا، وەک ئەم وشانە لە هۆنراوێکا بێن بەسەروای دێڕەکانی: (القرونْ، المتونْ، الحَزينْ، القَرينْ، السِّنُونْ) بەنوونی وەستاو لە هەموویاندا، نوون لە هەموویانا ڕەوییە، واو و یێکەی پێشی ریدفی تێکەڵە، لە جۆری ریدفی مەددی: ریدفی حەزمی مورسەل: ریدفی بزوێنی درێژ. ڕەنگ بێ لە کوردیشدا ریدفی تێکەڵ لەسەر شێوەی عەرەبی هەبێ، بەڵام لە کوردیدا واو و یێ، کراوە و گوشراویان هەیە. لە هۆنراودا، چ عەرەبی، چ کوردی وا جوانە هەموو دێڕەکان لە یەک جۆرە ریدف بن، لە کوردیدا واوی گوشراو لەگەڵ واوی کراوەدا و یێی گوشراو لەگەڵ یێی کراوەدا دەبن بەریدف. وەک (سالم - هەزەج):

ئەگەر باوەڕ ئەکەی سەوگەند بەئەبرۆت
هلال ئاسا، خەمیدەم بۆ مەهی ڕووت

لەم چامەیەی سالمدا، بەڕیز ئەم وشانەی تریش بوون بەسەروا، کە هەیانە واوی گوشراون، کە ئەمانەن: (گێسووت، جادووت، هیندووت، یاقووت، ڕووت، هارووت، جووت، پشکووت) وە هەیانە واوی کراوەن، کە ئەمانەن:
(ئەبرۆت، دڵجۆت، لیمۆت).

٤- ریدف بەیێی گوشراو لەگەڵ یێی گوشراودا (مەحوی/ موزاریع):

واجبە بەزات و صیفاتی خودا یەقین
باوەڕ دەبێ ببێ بەمەلائیک، بەمورسەلین



هەر لەم چامەیەدا مەحوی یێی کراوەیشی کردووە بەریدف کە دەفەرمووێ:

وەزنی عەمەل، چ ذەررە، چ کۆهـ و چ بەد، چ نێک
بێ شوبهەیە هەموو بەترازوو دەکێشرێن!

ریدف بە(ی - ی) وەک (بێکەس/ ڕەمەل):

خوایە! یەک لۆتەر بنێری بۆ گەلی کوردی فەقیر
تا نەجاتی دا لە ژێر دەستی مەلا و شێخان و پیر
ئەم شەوی دەیجوورە تا کەی؟ دەرکەوێ ڕۆژی مونیر
ئەوروپایی بوونە حاکم، ئێمە هەر دیل و ئەسیر!

کۆبوونەوەی (وو) لەگەڵ (ۆ)دا، یا (ی) لەگەڵ (ێ)دا، چ ڕەوی بن، چ ریدف، زۆر پەسەند نییە بەڵکو دادەنرێ بەیەکێ لە نەنگەکانی سەروای کوردی.

ب- سەروای کراوەی ریدفدار:

٥- ئەلفی ریدف و واوی ئیشباعی وەصڵ (تەویل):

أمِنْ بَعْدِ بَذْلِ النَّفْسِ فِيمَا تُرِيدُهُ
أُثَابُ بِمُرِّ العَتْبِ حِينَ أُثَابُ

لە دوایەوە: (عضاب، خراب، تراب = أثابو، عضابو، خرابو، ترابو).

٦- ریدف بەیێ لەگەڵ هێی وەستاوی وەسڵ (خەفیف):

يا طيورَ المَسَاءِ في الرَّوْضَةِ الوَسـ
ـنَى يُحَيِّكِ شَاعِرٌ تَعْرِفِينَهْ

(سەرواکانی تر ئەمانەن: تَسْمعِينَهْ، حَنِينَهْ، فُنُونَهْ...) لەم هۆنراوانەدا سێ پیت لە پیتەکانی سەروایان تیادایە: نوونی ڕەوی، واوی مەددی ریدف، هێی وەستاوی وەسڵ، نۆرە سەرە لە نێوان واو و یێی ریدفدار کراوە: (حنینە - فنونە).

٧- ریدفی ئەلفی درێژ لەگەڵ هێی سەردار و ئەلفی وەسڵدا (تەویل):

وَدَبَّابَةٍ تَحْتَ العَبَابِ بِمَكْنِ    أمِينٍ تَرَى السَّارِيَ وَلَيْسَ يَرَاهَا

لە دواتر (أخَاهَا، حَوَاهَا...).

٨- لەگەڵ هێی ژێردار لە پاشیەوە یێی وەسڵ، وەک (السَّاهِی، اللاّهِی، النَّاهِی، الوَاهِی) یا وەک (وافیر):

هَفَا وَاللیْلُ مُمْتَدّ    فَأیقَظَ جَفْنِیَ السَّاهِی

٩- لەگەڵ ڕەوی هێی بۆردار بێ و ریدف ئەلف بێ و وەسڵیش واوی مەددی: (بسیط):

هَاجَتْ عَلی وَحْیـه العُلْویِّ شرْذِمَةٌ
مـحـیَّـرُونَ عَلی أصْنَامِـهِمْ تاهُوا

لە پاشیەوە: (مأوَاهُ، یَنْسَاهُ، رُویَاهُ، تخشَاهُ...).

١٠- ئەلفی ریدف و پیتی ڕەوی و هێی وەصڵ و ئەلفی خەروج (متدارک):

نَجَا وَتَمَاثَلَ رُبَّانُهَا    وَدَقَّ البَشَائِرَ رُکْبَانُهَا

لە دوایەوە: (سُکَانُهَا، طوفانُهَا، رَحمانُهَا، نیرانُهَا...) ئەلفەکە ریدفە، نوونەکە ڕەویە، هێکە وەسڵە، ئەلفەکەی کۆتایی خەرووجە.

١١- سەروای ریدفدار بەواوی لین، لەگەڵ یێی وەسڵا (خەفیف):

مالِهذَا الضَّبَابِ یَغْشی مَکَانِی    وَلِهـذا السُّکُونِ یَرْقُدُ حَولِی
أنَا مِنْ وَحْشَةِ اللَّیَالِی أُعَانِی    مَا یُعَانِی الغَرِیبُ مِنْ کُلِّ هَوْلِ

دروستە لەگەڵ ئەم سەروایانەدا ئەم وشانەیش ببن بەسەروا: (مَیْلِ، کَیْلِ، لَیْلِ...).

١٢- سەروای ریدفدار بەئەلف لەگەڵ ئەلفی خەروجا (وافیر/ هەزەج - سەلام):

چە خۆشە من لە ڕێی عەشقا لە خاکا    بگەوزێم و غەزالی بەرر هەراکا
ڕەقیب با هەر حەچەی بێت و مڕەی بێ    میسالی سەگ بەچوار دەوری کەلاکا
بەبێ حیکمەت نییە دایم ئەنالم    بزانە مردَوِێکم وا لە خاکا

لە دوایەوە: (هیلاکا، لە پاکا، فاکا) ئەلف ریدفە، کاف ڕەویە، ئەلفی دووەم خەروجە. نالی - ڕەحمەتی خودای لێ بێ - دەفەرمووێ (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحذووف) واوی ریدفی لین و ئەلفی خەروج ئیشباع لەسەر:

ساقی! بەمەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەوبە
بشکێنە بەیەک نەوبە دووسەد ماتەمی تەوبە

لە پاشیەوە (ئەوبە، جەدەوبە، قەڵەوبە، جڵەو بە، خەوبە، نەوبە). واوەکە ریدفی لینە،



(ب) ڕەویە، بزوێنەکەی دوا (ب) کە ئیشباع دەکرێ تا ئەلفێکی لێ پەیدا دەبێ و دەبێ بەپیتی خەرووج، چونکە لەسەر هەر ئەلف پەیدا دەبێ. لە کوردیدا واوی ریدف لەگەڵ یێی ریدفدا قەت نوورە سەرە ناکەن. بەبزوێنی پیتی ڕەوی دەگوترێ: مەجرا.

١٣- واوی کراوە و وەسڵی ئەلفی ئیشباع (سالم/ هەزەج):

لە ڕەمزی سیڕی عیشقا ئەهلی دڵ بێدار و باهۆشە
وەلێ بێ دڵ لە خوابی غەفڵەتا هەمزادی خەرگۆشە

لەگەڵ ئەم وشانەدا: (خامۆشە، پڕ جۆشە، زرێپۆشە، نۆشە، ئاغۆشە... تاد).

١٤- ریدف بەواوی گوشراو (سالم/ هەزەج):

سەوادی قیرگووشە و لە نوسخەی عەنبەرین مووتە
سەراسەر ڕەونەقی دونیا لە عەکسی خاڵی هیندووتە

سەرواکانی تر (جووتە، تابووتە، قووتە، هاڕووتە، کووتە، مووتە). یا وەک ئەم چامەیەی نالی (هەزەج):

لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندوورە
شەطی ئەشکم نەبێ مانیع، دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە

١٥- ریدف بەیێی گوشراو و ڕەوی تێرکراو (نالی/ موزاریع):

دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵ مەگرە ئەی حەبیبە
وە بزانە خوێنی خۆمە، یا مییننەتی ڕەقیبە

هاوسەرواکانی (بیبە، لەهیبە، فریبە، مەهیبە، موصیبە، نەصیبە،...).

١٦- ریدف بەیێی کراوە و ڕەوی تێرکراو (محوی/ هەزەج):

بەهارێ بوو جوانی، بوو بەسوخرەی پایزی پیری
بەسەرچوو باغ و باقی ماوەوەی مشتێ چڵ و چێوە

١٧- ریدف بەواوی مەدد و یێی مەدد، با بەنووسینیش نەنووسرێن وەک (ڕەمەل):

ضَمَّخُوا اعَارِضَهَا بالـ + ـمِسْكِ في خَدٍّ أسیـلِ
تَحْتَ صُدْغَیْنِ یُشیرا + نِ إلی وَجْـهٍ جَمِیـلِ
عِنْدِیَ الشَّـوْقُ إلَیْـهِ + وَالتناسی عنده (و) لِی

لەم هۆنراوانەدا پیتی (اسیل) و (جمیل)ی ریدفە، ژێری سینی (أسیل) و میمی (جمیل)ی حەذوە، بۆری هێی کۆتایی (عِنْدَهُ) حەذوە، شاعیر لەبەر ناچاری ڕاستکردنەوەی کێش و بێ نەنگی سەروا، تێری دەکا، تا لەم بۆرە واوی ریدف دروست ببێ، کە ئەوەتا لە زارا گۆی پێ دەکرێ، بەڵام لە خەتا نانووسرێ، هەروا یا یێ لە پاش لامی (أسیل) و (جمیل)ییەوە بەئیشباع زیاد دەکرێ، لە زارا هەیە، بەڵام لە خەتا نییە، ئەوسا ئەو واوە پەیدا بووە دەبێ بەریدف و نۆرە سەرە لەگەڵ پیتی ریدفی (أسیل) و (جمیل)یدا دەکا. (ی، و) ریدفە (ل) ڕەویە (ی)ی موشبەعی کۆتایی (أسیل) و (جمیل)ی لەگەڵ (ی)ی (لی)دا دەبن بەوەسڵ. (بڕ: ٥١ – حذو).

(تێبینی): سەروای داخراوی ریدفدار لە عەرەبیدا تایبەتە بەم نۆ دەریاوە:

١- مەدید ٢- بەسیط ٣- کامل ٤- هەزەج ٥- سەریع ٦- مونسەریح ٧- ڕەمەل ٨- متقارب ٩- متدارک. لەم دەریانەیشدا بەگشتی نا، بەڵکو تایبەتە بەهەندێ زەربی تایبەتیانەوە. جا کاتێ ئەمەمان بۆ ڕوون بۆوە دەڵێین:

ئایا ئەم هەڵبەستەی مەحوی – ڕەحمەتی خودای لێ بێ – کە دەڵێ (موزاریع):

وەک بولبول ئەی تۆ تازە گوڵم پڕ بەدڵمە شەوق
وەک قومری، ئەی تۆ سەر و سەهی، پڕ بەملمە تەوق

ئایا ئەم چامەیەی مەحوی دادەنرێ بەسەروای ریدفداری داخراو، کە جۆری ریدفەکەی (و)ی لین بێ، لە وەڵاما دەڵێین: بەڵێ. ئەمە لە جۆری کوردییە.

هەروا ئەم دێڕەی مەولەوی – ڕەحمەتی خودای لێ بێ – کە دەڵێ (دە بڕگە):

فەقێ بێ تەدریس، مەدرەسە بێ ذەوق    مزگی بێ ئیمام، جەماعەت بێ شەوق

هەروا ئەم دێڕەی تری (دە بڕگە):

گێچ سەرکاوان جەسەر دبین کەیل    بۆ مەدان چون بۆی بێ وەفایی لەیل

دەنا دەبێ ئەم دێڕەی ئەدەبیش –ڕەحمەتی خودای لێ بێ– کە موضاریعە، ئەویش ریدفدار نەبێ کە دەڵێ:

ئەی شەککەرین دەهان و شەکەر نوتقی لەب نەبات
شیرین هەموو شەمایل و شیرین هەموو ئەدات(*)

(*) بڕوانە (سەروا– د. عەزیز گەردی ل ١٢٨، ١٣١، ١٣٤ – چاپی یەکەم – هەولێر).



هەروا ئەم دێڕەی نالیش کە ڕەمەلە:

هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ طەیکەری هەوراز و لێژ
سینە پان و، مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ

١٨- لە عەرەبیدا لەم شوێنانەدا پەیڕەوی ریدف کراوە: (لە هەموو زەربێکا کە یەک پیتی بزوێنداری کەمتر بێ لە زەربی پێش خۆی). وەک:

١- زەربی سێیەمی تەویل:

وَلاَ خَيْرَ فِيمَنْ لاَ يُوَطِّنُ نَفْسَهُ
عَلَى نَائِبَاتِ الدَّهْرِ حِيْنَ تَنُوبُ

زەربی پێش ئەمە زەربی دووەمە کە (مفاعلن)ە، ئەم زەربە کە سێیەمە (فعولن)ە، دەی (فعولن) پیتێکی بزواوی کەمترە لە (مفاعلن).

٢- زەربی دووەمی بەسیط کە مەقطوعە:

ذِكْرُ الفَتَى عُمْرُهُ الثَّانِي وَحَاجَتُهُ    مَا فَاتَهُ وَفُضُولُ العَيْشِ إشْغَالُ

٣- زەربی دووەمی مەقطووعی کامل:

دَارَتْ قَدِيماً في الفَضَاءِ رَحَى القُوى
فَغَذَى الأثِيرُ دَقِيقَهَا المَنْخُولاَ

٤- نۆیەمی کامیل:

أين الَّذِينَ تَسَابَقُوا    في المَجْدِ لِلْغَايَاتِ

٥- زەربی مەقطوعی دووەمی ڕەجەز:

حَسْبُكَ مِمَّا تَبْتَغِيهِ القُوتُ    مَا اكثر القُوتَ لِمَنْ يَمُوتُ

٦- سێیەمی سەریع:

أنْعَى فَتَى الجُودِ إلى الجُودِ    مَا مِثْلُ مَنْ أنعى بِمَوْجُودِ
أنعى فَتىً مَصَّ الثرى بَعْدَهُ    بَقِيَّةَ المَاءِ مِنَ العُودِ

بەڵام جاروبار وا دەبێ ئەم پەیڕەوییە دەفەوتێ، بگرە زۆر جار لەم زەربانەدا ریدفی مەدد و لین پەیڕەوی ناکرێ، لەگەڵ ئەوەیشا کە زۆرە ئیبنو ڕەشیق لە (العمدة)دا دایدەنێ بەنەنگ. وەک:

آ- تەویل:

سَتُبْدِي لَكَ الأَيَامُ مَا كُنْتَ جَاهِلاً     وَيَأْتِيكَ بِالأَخْبَارِ مَنْ لَـمْ تُـزَوِّدْ

بەدالی وەستاوی سووک، کە لە ضەربی مەحذووفی موعتەمەد بێ، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە بەدالی ژێردار بێ، کە ضەربی دووەم بێ.

ب- (مەقطوعی ڕەجەزی بێ ریدفی مەدد):

إِنْ يَأتِنِي لِصٌّ فَأَنِّي لِصٌّ     أَطْلَسُ مِثْلَ الذِّيبِ إِذْ يَعْنَسُّ
سَوْقِي حُدَاءُ وَسَفِيرِي بَسٌّ

بەسینی قورسی ڕەوی.

هەروا (ڕەجەز):

جارية منْ ضَرَّةَ بْنِ أَدٍّ     كَـأَنَّ تَحْتَ دِرْعِهَـا المنْعَطِّ
شَطّاً أمرٌّ فَوْقَهُ بِشَـطٍّ     لَمْ يَنْزُ في البَطْنِ وَلَمْ يَنْحَطِّ

ئیبنو مالیکیش لە ئەلفیەدا دەفەرموێ:

وَمَوْضِعَ الحَالِ تجئُ جُملَهْ     كجاءَ زيدٌ وَهْوَنَاوٍ رِحْلَهْ

ج- (سەریع):

انْزَلَنِي الدَّهْرُ عَلَى حُكْمِهِ     مِنْ شَامِـخٍ عَالٍ إِلى خَفْضِ
وَبَزَّنِي الدَّهْرُ ثِيابَ الغِنَى     فَلَيْسَ لِي مالٌ سِوَى عِرْضِي

بڕوانە سەروای موتەرادیف کە ئەویش دەبێ ریدفدار: (ر: جۆرەکانی سەروا بەپێی بزوێنەکانی).

**پێنجەم: تەئسیس: جۆری سێیەمە لە پێش ڕەوی. شەشەم: پیتی دەخیل: جۆری دووەمە لە پێش ڕەوی.**

بڕوانە: (٤ - التأسيس + ٨٧-الدخيل)، ئەمەیش پوختەی ڕێساکانی پیتی تەئسیسە لە سەروادا:

١- لە سەروای داخراو و کراوەدا ئەلفی تەئسیس هەیە، لە هەموو جۆرەکانی هۆنراوەدا هەیە، وەک تاک و سێیینە و پارچە و غەزەل و چامە و... تاد. ئەلفی تەئسیس نەگۆڕە.



٢- تەئسیس ئەلفێکە لە بەینی ئەو و ڕەویدا پیتێکی بزواوی تر هەیە پێی دەگوترێ دەخیل.

٣- مەرجە ئەلفی تەئسیس و پیتی ڕەوی و پیتی دەخیل لە یەک وشەدا بن. وەک: (ناصب، کواکب، ترائب، مناکب، غایب، عجایب، حالب، نواجب، أرانب) (ب) لە هەموویانا ڕەویە، پیتی پێشی دەخیلە کە بەڕیز ئەم پیتانەن: (ک، ء، ک، ی، ی، ل، ج، ن) هەموویان ژێردارن (ا) پیتی تەئسیسە نەگۆڕە خۆی و پیتی ڕەوی وان لە یەک وشەدا، پیتی دەخیل بگۆڕە، بەڵام بزوێنەکەی نەگۆڕە، لەم نموونانەدا لە هەموویانا ژێرە.

٤- ئەگەر لە بەینی ئەلف و پیتی ڕەویدا دوو پیتی تر هەبوو ئەوە تەئسیس نییە، وەک (عقابیل، حیازیم، مصابیح).

٥- ئەلفی تەئسیس و پیتی ڕەوی لە یەک وشەدا بن، ئەمە بەکۆی دەنگ وایە، بەڵام ڕای بەهێز ئەوەیە، ئەگەر ڕەوی ڕاناو بوو یا بەشێ بوو لە ڕاناو (ضەمیر) وەک ئەم ڕاناوانەی وان لەم سەروایانەدا: (بدائک، کذلک، جمالک، مقالک،... غوانیا، ومالیا، ومابیا) و یا وەک میمی (هما) و یێی (هیا) کە دوو ڕاناوی نەلکاون، کە حەرفی جەڕیان لە پێشەوە بێ، وەک (ومالیا، ومابیا)وە وەک (تەویل):

إِذَا زُرْتَ أَرْضاً بَعْدَ طُولِ اجْتِنَابِهَا     فَقَدْتُ صَدِيقِي والبِلاَدُ كَمَا هِيَا

ڕای بەهێز ئەوەیە ئەم جۆرە ئەلفانەیش لەم شوێنانەدا ئەلفی تەئسیسن. لەسەر ئەم شێوەیە:

آ- ڕەوی ڕاناوی لکاو بێ و پیتی جەڕی لەسەر نەبێ ئەوە ئەلفەکە تەئسیسە، وەک (تەویل):

أَتُشْفِيكَ تَيّاً أَمْ تُرِكْتَ بِدائِكَا     وكانَتْ قتُولاً للرجالِ كَذَالِكَا

یا وەک (تەویل):

قِفِي قَبْلَ وَشْكِ البَيْنِ يا ابْنَةَ مَالِكٍ     وَعُوجِي عَلَيْنَا مِنْ صُدُودِ جَمَالِكِ

ئەمە ڕاناوە کە خۆی بووە بەبەشێ لە وشەکەی پێشی و تەواو لکاوە پێوەی.

ب- ڕەوی ڕاناوی لکاو بێ و لکا بێ بەپیتی جەڕەوە، ئەمیش هەر تەئسیسە، گەرچی هەیە دەڵێ ئەمەیان تەئسیس نییە، وەک (تەویل):

أَلاَ نَادِ فِي آثَارِهِنَّ الغَوَانِيا     سُقِينَ سِمَاماً مَالَهُنَّ وَمَالِيَا

یا وەک: (وَمَابِيَا، وَمَالِيَا) و (وَلاَ بكا، وَدَائِكا).

ج- ڕەوی بەشێ بێ لە ڕاناوی نەلکاوی جیاوە بوو، وە پیتی جەڕی لە پێشەوە بێ ئەمیش تەئسیسە، وەک (تەویل) گەرچی هەیە دەڵێ ئەمە تأسیس نییە:

فأنْ شئْتُمَا ألْقَحْتُمَا أوْ نَتَجْتُمَا     وَإنْ شئْتُمَا مثْلاً بِمثْلٍ كَمَا هُمَا

د- ئەگەر ڕەوی بەشێ بوو لە ڕاناوی نەلکاو، وە پیتی جەڕی لە پێشەوە نەبوو ئەوە ئەلفی تەئسیس نییە. وەک (متقارب):

إذَا مَا تَرَعْرَعَ فينَا الغُلاَمُ     فَمَا أنْ يُقَالَ لَهُ مَنْ هُوَهْ
إذَا لَمْ يَسُدْ قَبْلَ شَدِّ الإزارِ     فذلِكَ فِينَا الَّذِي لاَ هُوَهْ

پوختەی بابەت: هەردوو لە یەک وشەدا بوون ئەوە زۆر باشە، ئەگەر لە دوو وشەیشدا بوون کە لە حوکمی یەک وشەدا بوو هەر باشە.

٦- ئەگەر تەئسیس لە وشەیەکی سەربەخۆدا بوو، ڕەویش لە وشەیەکی سەربەخۆدا بوو، نە ڕاناو بوو، وە نە بەشێ بوو لە ڕاناو، ئەوە تەئسیس نییە. وەک (کامیل):

وَإذَا تَكُونُ كَرِيهَةٌ أُدْعى لَهَا     وَإذَا يُحَاسُ الحَيْسُ يُدْعى جُنْدُبُ

٧- بەڵام موبەررید و هەندێ زانای پایە بەرز کە یەکێ لەوانە هەستیاری گەورە ئەبو عەلای موعەڕییە، دەڵێن: دروستە ئەلفی تەئسیس و پیتی ڕەوی لە دوو وشەیشا بن، باراناویش نەبن، وەک وێنەی ئەم وشانە بن بەسەروا لە چامەیەکا: (وَالِدَا، صَاعِدَا، مُعَاوِدَا، اللأعْلَى يَدَا، أبْعَدُهَا مَدَى، مَا هَدَا).

٨- ئەلفی درێژ و ئەلفی مەقصوورە دروستە بن بەتەئسیس، وەک (کواکب و مناکب) و (أولْى، اَحْلَى لَكَ).

٩- تەئسیسی مەخفیش وەک ریدف و وەصڵی مەخفی هەیە وەک ئەلفی (کذلک) کە لە خەتا نانووسرێ.

١٠- کەم وا دەبێ چامەی تەئسیسدار پیتی پاش ئەلفی تەئسیس سەری هەبێ، یا بۆری هەبێ، بەڵکو پیتی دەخیل زۆرینەی کات ژێری هەیە، مەگەر چۆنەها بۆر یا سەری هەبێ، مەگەر کاتێ ڕەوی ڕاناو بێ یا بەشێ بێ لە ڕاناو، وەک سەری هەبێ: (بَدَالَكا، هَيَا لَكَ، وَمَالَكا) بۆری هەبێ وەک (تەویل):

ألَمْ تَرَ أنِّى وَابْنَ أسْوَدَ لَيلَةً     لَنَسْرِي إلى نَارَيْنِ يَبْدُو سَنَاهُمَا

چامەی وا دەشێ زۆرینەی دێڕەکانی، سەرواکانی ڕاناو بێ. باشترین نموونە بۆ دەخیلی سەردار ئەم وشانەیە (أصابک، أشابک، رابک، هابک) و شتی تری وا.



١١- چامە و پارچە و هۆنراوی خاڵی لە تەئسیس و ریدف دروستە ناو بەناو دێڕێ یا دووانی ئەلفی تەئسیسی هەبێ، یا پیتی ریدفی هەبێ، بەڵام دانانرێ بەتەئسیس.

ئەمەیش پوختەی دەستوورەکانی سەروای عەرەبییە، کە هەستیارە عەرووززانە بلیمەتەکانی خۆیشمان، لە هۆنراودا، زۆرینەی ئەم دەستوورانەیان ڕەچاو کردووە:

١- سەروا یا داخراوە یا کراوەیە (مقید ومطلق).

٢- داخراو یا ریدفدارە یا تەئسیسدار، یا ڕووتە و خاڵییە لە هەردوو لا، وەسڵدار و خەروجداری نییە.

٣- هۆنراوی کراوە تەئسیسدار و ریدفدار و وەسڵدار و خەروجدار و ڕووت ( مجرّد )ی هەیە.

٤- پیتی ڕەوی و تەئسیس و ریدف و وەسڵ و خەروج نەگۆڕن لە هۆنراودا، تەنیا پیتی دەخیل لە پیتەکانی سەروا بگۆڕە، نەگۆڕ نییە.

٥- ریدف و تەئسیس بەیەکەوە کۆ نابنەوە، بەڵام تەئسیس لەگەڵ وەسڵ و خەروجا کۆ دەبێتەوە، هەروا ریدف لەگەڵ ئەم دووەدا کۆ دەبێتەوە.

٦- کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ سەر یاساکانی تەئسیس و وەسڵ و خەروج و تەجرید، بەدەیان و بەسەدان جۆری سەروا دروست دەبێ لە داخراو و کراوە و سیلەدار و خەروجدار و... تاد.

٧- ئەگەر هێی ڕاناو و کافی ڕاناو پیتی دەخیل بوون، هەستیاران لە کاتی وادا، بۆ ئاسانکاری پیتی تریان تێکەڵ نەکردوون، وەک (کما هما، وما هما، هداهما، اعطی کما، سماکما، رحماکما، حماهم، کماهم، وماهم، اعطاهم) بەڵام شتی وا دروستە وەک (طەویل):

فــأنِ شئتما ألْقَحُتَما وَنُتجِتُمَا     وَإنْ شِئْتُمَا عَيْنَاً بِعَينٍ كَمَا هُمَا
وَإنْ كَانَ عَقْلاً فاعْقِلاَ لأخيكُمَا     بَنَاتِ المَخَاضِ وَالفِصَالَ المقاحِمَا

هەروا پیتی دەخیلی پێش کافی ڕاناو، هەستیاران بۆ ئاسانکاری نایگۆڕن، وەک (طەویل):

تَراغَتْ لِوَشْكِ البَيْنِ بُزلِ جمالِك
وَلَوْ شِئْتِ مَا فَجَّعْتِنِي بارتِحَالِكِ

بەڵام دروستە بگۆڕرێ، وەک (مالک) لەگەڵ (المبارک)دا. بەڵام ئەگەر لە شوێنی ئەم

کافی ڕاناوە هێی ڕاناو دابنرێ، دروست نییە پیتی پێشی بگۆڕێ، چونکە ڕەوییە وەک (طەویل):

عَلَى ابن أبي العَاصِي دِلاَصٌ حَصِينَةٌ     أجَادَ المُسدِّ سَرْدَهَا وَأذَالَهَا

لام ڕەویە، ئەلفی پێشی ریدفە، هێ وەسڵە، ئەلفی پاشی خەروجە، دروست نییە لامەکە بگۆڕێ چونکە ڕەوییە، دروست نییە بڵێی: ئەم سەروایە تەئسیسدارە چونکە هێی بزواوی پێش بزواو، کە لە نەفسی وشە نەبێ هەر دەبێ بەسیلە و بەس.

## ٢- (بزوێنەکانی سەروا: حَرَكَاتُ القَافِيَةِ):

بزوێنەکانی سەروا زۆرتر پەیوەندییان بەپیتەکانی سەرواوە هەیە کە ئەم شەش بزوێنەن:

١- مەجری. ٢- نەفاذ. ٣- حەذو. ٤- ئیشباع. ٥- رەسس. ٦- تەوجیە.

یەکەم: مەجرا: بڕوانە (٣٧ - المجرى) و (قافیە/ نموونەکانی ریدف/ ١٢).

دووەم: نەفاذ: نەفاز: بزوێنی پیتی وەسڵە، چ سەر، چ ژێر، چ بۆر بێ، وە خوای پیتی وەسڵەکە هێ بێ یا کافی خیطاب بێ، وەک سەری هێ لە (شِعَارُهَا)دا و بۆرەکەی لە (شِعَارُهُ)دا و ژێرەکەی لە (في شِعَارِهِ)دا. پیتی نەفاز تایبەتە بەسەروای رەهاوە، چونکە لە سەروای داخراودا پیتی وەسڵ نییە. نەفاز بۆیە پێی دەگوترێ نەفاز، چونکە لە پێشا بێ بزوێن بووە، کە بزوێنەکە چووەتە سەری جێی خۆی گرتووە.

نموونەی مەجرا و نەفاذ، وەک (کامل): (إنَّ الشِّرَاكَ قُدَّ مِنْ أدِيمِهِ)

میمەکە ڕەوییە، ژێری دالەکە حەذوە. یێکە ریدفە، بزوێنی میمەکە مەجرایە، هێکە وەسڵە، بزوێنەکەی نەفاذە، یا یێکی لێ پەیدا دەبێ دەبێ بەخەروج!

سێیەم: حەذو: بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە لەگەڵ ریدفدا تەریبە، وەک بڵێی بەرابەری ڕاوەستاوە ئاوا. بڕوانە (٥١ - حذو + شیعرەکەی نەفاذ) و (نموونەکانی ریدف/ ١٧).

چوارەم: ئیشباع: بزوێنی پیتی دەخیلە، لە سەروای موئەسسدا، زۆرتر ژێرە، بەڵام دروستە بزوێنی دەخیل بۆر یا سەر بێ، ئیشباع لە سەروای داخراو و کراوەدا دەبێ (بڕوانە: پیتەکانی سەروا/ پێنجەم/ ج) و (١٣٢ - إشباع) و (٤ - التأسيس). ئیشباع بەژێر وەک ژێری هێی (جاهِل) لەم هۆنراوەدا (تەویل):

وَإذَا أنْتَ لَمْ تقصرْ عَنِ الجَهْلِ وَالخَنى
أصَبْتَ حَلِيمَاً أوْ أصَابَكَ جَاهِلُ



وەک بۆری بێی (کابُل) لەم هۆنراوەدا:

سُجُوداً لَهُ غَسَّانُ يَرجُونَ فَضْلَهُ
وَتُرْكٌ وَرَهْطُ الأعَجَمِينَ وكَابُلُ

وەک سەری لام لەم دێڕەدا (موتەقاریب):

إذا كُنْتَ ذَا ثَرْوَةٍ مِنْ غنِيً     فَأنْتَ المُسَوَّدُ في العَالَمِ

(تێبینی):

١- گەرچی بەزۆری لە عەرەبیدا بزوێنی پیتی دەخیل، کە پێی دەگوترێ: ئیشباع، وا باش و پەسەندە کە ژێر بێ، بەڵام جاروبار لە ناو چامەدا سەر یا بۆریش دەبێ، وەک لە سێ دێڕی یەک چامەدا ئەم سێ وشەیە ببن بەسەروا: (جاهِل) و (کابُل) و (العالَم) بەژێری هێ و بۆری بێ و سەری لام.

٢- کۆبوونەوەی ئیشباعی سەر لەگەڵ بۆر و ژێردا، یا لەگەڵ یەکێکیاندا زۆر ناپەسەندە، بەڵام نۆرە سەرەی بۆر و ژێر لە دێڕەکانی یەک چامەدا کەمتر ناپەسەندە، چونکە سەر لە ژێر و بۆرەوە دوورترە، هەتا ژێر لەگەڵ بۆردا، وەک دەگوترێ: (بۆر و ژێر دوو خوشکن).

٣- دروستە بزوێنی ڕەوی و وەسڵ بکرتێ، وەک لە هۆنراوی داخراو و وەسڵ بەهێی وەستاودا بزوێنی ڕەوی و پیتی وەسڵ دەکرتێ، بەڵام لە هیچ کاتێکا دروست نییە کە بزوێنی دەخیل - واتە: ئیشباع - بکرتێ و حەذف بکرێ. دوور نییە هەر لەم خاڵەیشەوە ناونرا بێ ئیشباع، چونکە هەمیشە تێروتەسەلە لە بزوێن.

٤- کاتێ بزوێنی دەخیل لە دێڕەکانی چامەیەکا جیا بن لە یەکتر، ئەوە دادەنرێ بەنەنگی سەروا، پێی دەگوترێ (سناد) وەک لە دێڕی یەکەما (أبَادِوُ) بێ، بەژێری دال و لە دێڕێ تری هەمان چامەدا (المظاهر) بێ، بەسەری هێ.

٥- حەذو و ئیشباع قەت بەیەکەوە کۆ نابنەوە، هەروەک ریدف و تەئسیس بەیەکەوە کۆ نابنەوە، چونکە هۆنراو یا ریدفدارە، یا تەئسیسدارە، یا هیچیان نییە، کەواتە ریدف لەگەڵ تەئسیسا و حەذو لەگەڵ ئیشباعا مانیعەتولجەمعن، بەڵام مانیعەتولخولو نین، وەک کاتی تەجرید و خاڵی بوون لە هەردوو لایان.

٦- ئیشباعی سەر لە کوردیدا پێی دەگوترێ هەڵکشاوی، ئیشباعی ژێر پێی دەگوترێ داکشاوی، تەوجیە و ئیشباع بەیەکەوە کۆ نابنەوە، تەوجیە تایبەتە بەسەروای ڕووتەوە.

پێنجەم: ڕەسس: بزوێنی پیتی پێش ئەلفی تەئسیسە، وەک سەری دالی (جَدَاوِلُ) و بزوێنی عەینی (مَعَابِدُ) ڕەس لە داخراو و کراوەدا هەیە، حەذو و ڕەس لە یەک سەروادا یەک ناگرن، هەروەک ڕیدف و تەئسیس یەک ناگرن.

شەشەم: تەوجیە: بریتییە لە بزوێنی پیتی پێش ڕەوی، لە سەروای بێ تەئسیس و بێ ڕیدفی داخراو و کراوەدا، لە داخراودا وەک بزوێنی پیتی دالی (دەر) کە سەرە، لەم چامەیەی مامۆستا مەلا ئەسعەد مەحویدا –ڕەحمەتی خودای لێ بێ– کە دەڵێ (ڕەمەل):

هەستە ئەی بادی سەبا خێرا بڕۆ وێنەی تەتەر

جەژنە پیرۆزە بکە لەو یارە وا کەوتۆتە دەر

یا وەک سەری طێ لە (لَمْ يُطَعْ)دا. جاری وا هەیە لە یەک پارچە هۆنراودا سێ جۆر بزوێن (سەر، بۆر، ژێر)ی تەوجیە کۆ دەبێتەوە، بەڵام یەک بزوێنی تەوجیە جوانترە، وەک جیاوازی بزوێنی تەوجیە لەم هۆنراوانەدا (متقارب):

لاَ وَأَبيكَ اْبنَةَ العَامِرِيّ(م)

لاَ يَدَّعِي القَوْمُ أَنِّى أَفِرْ

تَمِيمُ بنُ مُرٍّ وَأَشْيَاعُهَا وكِنْدَةُ حَوْلِي جَمِيعاً صُبُرْ

إِذَا ركبُوا الخَيْلَ وَاْستَلئَمُوُ تَحرَّقَتِ الأَرْضُ وَاليَوْمُ قَرْ

ئەوەتا پیتی بزوێن لە دێڕی یەکەما ژێرە، لە دووەما بۆرە، لە سێیەما سەرە.

تەوجیە لە موطڵەقا وەک سەری لامی (سلكوا) لەم دێڕەدا (بەسیت):

بَانَ الخَلِيطُ وَلَمْ يَأْوُوا لِمَنْ تَرَكُوا

وَزَوَّدُوكَ اشْتِيَاقاً أَيَّةَ سَلَكُوا

جاری وا هەیە ژێر و بۆریش لەگەڵ سەردا کۆ دەبنەوە وەک (بەسیط):

مُقْوَرَّةٌ تَتَبَارى لاَ شِوَارَ لَهَا

إِلاَّ القَطُوعُ عَلَى اْلاكْوَارِ وَالوُرُكُ

يا حَارِ لاَ أُرْمَيَنْ مِنْكُمْ بِدَاهِيَةٍ

لَمْ يَلْقَهَا سُوقَةٌ قَبْلِي وَلاَ مَلِكُ

بەبۆری ڕێی (الوُرُك) و ژێری لامی (مَلِكُ).



لە سەروای موتەرادیفدا تەوجیە نابێ. لە کوردیشا وەک جیاوازی پیتی تەوجیە لەم وشانەدا کە وەفایی کردوونی بەسەروای چامەیەکی (ڕەمەل):

ئەی صەبا! تێک مەدە تۆ پەرچەم و کاکۆڵی گوڵە

زوڵف و کاکۆڵی گوڵە مەسکەنی صەد پارە دڵە

هاوسەرواکانی ئەمانەن: (سڵە، نوغوڵە، کوڵە، دوو دڵە...). بەڵام حەریق لە چامەیەکا کە ئەمە سەردێڕەکەیەتی، تەوجیەی تا سەر دابین کردووە (هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحذوف):

بۆ جەمعی غەم و شادی نەبوو ڕۆژی موحەررەم

ڕووت بەرگی گوڵی شادی و زوڵفت شەوی ماتەم

هاوسەرواکان: (دەم، پەرچەم، جەهەننەم، موعەللەم، مونەظظەم، مەحرەم، غەم، خوڕڕەم، مەحرەم).

**ژمارەی سەروا بەپێی پیتەکانی سەروا:**

وەک گوتمان سەروا بەپێی بزوێنی پیتی ڕەوی دوو جۆری هەیە: داخراو و کراوە –واتە: مقيد و مطلق–.

آ– داخراو چوار جۆری هەیە:

١– تەئسیسدار: وەک (ڕاهب، صاحب، جالب...) مەحوی دەفەرموێ: (هەزەج):

دڵە عەرشی خودا مەحوی. خەجاڵەت بە لەبەر غەفڵەت

کە بۆتە بوتکەدەی بێ بەرهەمەن، یا دەیری بێ ڕاهیب

مەحوی لە سەراسەری دێڕەکانی ئەم چامەیەدا پەیڕەوی پیت و بزوێنی پێویستی لەم چامەیەدا کردووە، کە بریتین لە ١– ڕەس ٢– تەئسیس ٣– دەخیل ٤– ڕەوی ٥– زەنەی ڕەوی ٦– بگرە بزوێنی دەخیلیشی پەیڕەو کردووە.

هاوسەرواکان: (غایب، حاجیب، طالیب).

٢– ڕیدفدار، کە سێ جۆری هەیە:

آ– ئەلف، یەک جۆری هەیە ئاوا (باش) لەگەڵ (ماش) و (داش) و....

ب– واو، دوو جۆری هەیە: واوی مەدد، وەک (طروب، حلوب، شروب...)، واوی لین،

وەک (تەور، بەور، هەور...).

ج- یێ، دوو جۆری هەیە: ییێی مەدد، وەک (نصیح، جریح، کەریم، رەحیم، سەرین، جەمین) ییێی لین، وەک: (دەیر، سەیر، طەیر).

د- تێکەڵ، وەک (خەوف، ضەیف...).

٣- داخراوی ڕووتی بێ ریدف و تەئسیس: وەک (نەفەل + عەجەل) و (جَحْفَلْ + حنظَلْ) و (احمد + امجد + سرمد... تاد). ناری - ڕەحمەتی خوای لێ بێ - دەفەرمووێ (ڕەمەل):

ڕۆژی عیشوە و عوشرەت و عەیش و تەرەبْ

ئەی موبارەک بێ لە تۆ: شۆخی عەرەبْ

سەرواکانی تر (نەسەب، روتەب، لەقەب، زەهەب، عەنەب، حەڵەب، بەگەپ) ئەم سەروایانە هەموویان خاڵین لە ریدف و تەئسیس و بزوێن و پیتی پاش و پێشیان، تەنیا پیتی ڕەوی پەیڕەو کراوە لە سەروایەکی موتەراکیبدا، پیتی ڕەوی بێی وەستاوە.

٤- داخراوی موصمەت: (بڕ: ٢٢ - البیت - ١٠- بەیتی موصمەت/٢).

ب- کراوەیش شەش جۆری هەیە:

١- تەئسیسداری وەسڵدار: (بڕ: ٤ - التأسیس). لە کوردیدا وەک ئەم چامەیەی بێکەسی ڕەحمەتی کە ئەمە سەردێڕەکەیەتی (ڕەمەل):

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ بەر ناگرێ

سەربەخۆیی بێ فداکاری ئەبەد سەرناگرێ

هەستیار لە گشت سەرواکانی دێڕەکانی ئەم چامەیەیدا پابەند بووە بەم پیت و بزوێنە پێویستانەوە: کە ئەمانەن:

١- رەس ٢- تەئسیس ٣- ڕەوی ٤- مەجرا ٥- دەخیل ٦- ئیشباع ٧- وەسڵ.

سەرواکانی تر: (نادرێ، نامرێ، ناکرێ، لابرێ، ڕاگرێ، هەڵناگرێ، نافڕێ، نادرێ، ناپەڕێ، دادڕێ). لەم سەروایانەدا: ڕێ ڕەوییە، ژێرەکەی مەجرایە، ئەلفەکە تەئسیسە سەری پێشی رەسە، ییێکەی کۆتایی وەصڵە، پیتە بگۆڕەکەی نێوانی ئەلف و ڕێکە دەخیلە، بزوێنەکەی کە سەرە ئیشباعە. هەموویان ڕێک وەک خۆیان دووبارە بۆتەوە بێجگە لە دەخیل، کە ئەم پیتانەن: (گ، د، م، ک، ب، گ، گ، ف، د، ڕ، ڕ). (ێ)ی کۆتایی



دێڕەکان ڕاناوی کەسی تاکی لکاوی سێیەمە لەبەر ئەوە نابێ بەڕەوی.

(تێبینی):

١- سەرواکانی تری ئەم چامەیە ئەمانەن: (نادرێ، نامرێ، ناکرێ، لابرێ، ڕاگرێ، هەڵناگرێ، نافڕێ، نادرێ، ناپەڕێ، دادڕێ).

٢- ئەوەی کە دەڵێین ئەم چامەیە تەئسیسدارە لەسەر ڕای موبەررید و پێشنیاری ئەبوعەلای موعەڕی لە (لزوم ما لایلزم)دا و، تەحسینی ئیبنو رەشیق لە (العمدة)دا. ئەمەیش ئەو هۆنراوانەیە کە ئەم زاتانە کردوویانە بەبەڵگەی دروست بوون:

آ- أقولُ لعَبْدِ اللّه - لَمَّا سِقَاؤنَا وَنَحْنُ بِوَادِي عبد شَمْسِ وَهَا-شِم

ب- أقولُ لعبدالله لَمَّا لَقَيْتُهُ وَنَحْنُ بِوَادِي الرُّومِ فَوْقَ القَنَا - طِر

ج- وَأطْلَسُ يَهْدِيهِ إلى الزَّادِ أنْفُهُ أطافَ بِنَا وَالليلُ دَاجِي العَسَاكِر

فَقُلْتُ لِعَمْرٍ وَصَاحِبِي إذْ رَأيْتُهُ وَنَحْنُ عَلى حَوْضٍ دِهَاقٍ، عَوى، سِر

چونکە سەرواکان کە ئەمانەن یەکی دوو وشەن ئاوا: (وهاشم = وَهی + شِمْ) (وهی) فیعلی ماضییە و (شِمْ) فیعلی ئەمرە. (القَنَاطِر = القَنَا + طِرْ) (القنا = کۆی القناة)ە و (طِر) ئەمرە لە طەیەران. (العساکر) یەک وشەیە بەڵام (عَوی سِر = عوی = فیعلی ماضی، سر، فیعلی ئەمرە لە سیر، کەواتە دوو وشەیە.

٣- من پشتگیری ئەم ڕایە دەکەم، چونکە دەبێ بەهۆی پیادەکردنی تەئسیس بەزۆری لە هۆنراوی کوردی ڕەسەندا، کە تەئسیس یەکێکە لە هۆ گرنگەکانی ڕازانەوەی سەروا (بڕ: القوافی تەنوخی ص ١٠٦ + عمدەی ئیبنو رەشیق ج/ ١ ص ١٦٢ + لزوم ما لایلزم ص ٨ + عەروض و قافیەی شێخ محمد ئەمینی بێژوەیی، دەسخەت، سەر باسی سەروا + سەروا. د. عەزیز گەردی ل/ ١٣٥).

٢- تەئسیسداری وەسڵداری خەروجدار، وەک (یُوَافِقُهَا) لەم دێڕەدا (مُنْسَرِح):

یُوشَكُ مَنْ فَرَّ مِنْ منیَّتِهِ فِي بَعْضِ غِرَّاتِهَا یُوافِقُهَا

١- سەری واوەکەی رەسە. ٢- ئەلفەکەی تەئسیسە. ٣- فێ دەخیلە. ٤- ژێری فێکە ئیشباعە. ٥- قافەکەی ڕەویە. ٦- بۆرەکەی مەجرایە. ٧- هێکەی وەسڵە. ٨- سەری هێکە نەفاذە. ٩- ئەلفەکەی کۆتایی خەروجە.

لەم سەروایەدا، لە دوازدە پێویستییەکانی سەروا - کە شەشیان پیتە و شەشیان بزوێنە

– نۆیان کۆبوونەتەوە، هەموویان – بێجگە لە پیتی دەخیل – دەبێ لە سەرجەمی دێڕەکانی تری چامەکەدا وەک خۆیان دووبارە ببنەوە، ئاوا: (یُرافِقُـهَـا، یُصَادِقُـهَـا، یُرَافِـقُـهَـا، تُسَاحقها). لە هیچ جۆرە سەروایەکی تردا لەمە زیاتر کۆ نابێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە لە کوردیدا زۆر زەحمەتە.

٣– ریدفداری وەسڵدار، وەک (طراق)ی لەم دێڕەدا (بەسیت):

یا عَبْدُ مَالَكَ مِنْ شَوْقٍ وَإبْرِيقِ     وَمَرِّ طَيْفٍ عَلَى الاهْوَالِ طَرَّاقِ

نالی –ڕەحمەتی لێ بێ– دەڵێ (هەزەجی ئەخرەب):

بایێ لە طەرەف قـیـبلەمـەوە دێت و وەزانە

یا بۆنی هەناسـەی دەمی غـونچـەی لەرەزانە

١– سـەری زێ حەذوە. ٢– ئەلف ریدفـە. ٣– نوون رەویە. ٤– بزوێنەکـەی کـە سـەرە مەجرایە. ٥– ئیشباعەکەی کە ئەلفێکی لێ پەیدا دەبێ وەسڵە.

دەی ئەم پێنج شتـە لە هەمـوو سـەرواکـانـی تردا ڕەچاو کـراون ئاوا: (نەزانە، خـەزانە، خەزانە، بزانە، مەرەزانە، مەزانە، دزانە).

٤– سەروای ریدفداری وەسڵداری خەروجدار، وەک (یُعِیدُهَا) لەم دێڕەدا (تەویل):

مِنَ الخفرات البيضِ وَدَّ جَليسُهَا

إذَا مـا انْقَضَتْ أحْدُثَةٌ لَوْ یُعِیدُهَا

بزوێنی عـەینەکە حەزوە، یێکە ریدفە، دال ڕەویە، بزوێنەکەی مـەجرایە، هێکە وەسڵـە، بزوێنەکەی نەفاذە، ئەلفەکە خەروجە. حەوت پێویستی سەروای وا تیادا.

٥– سەروای کراوەی ڕووتی وەسڵداری بێ ریدف و تەئسیس (تەویل):

قِفَا نَبْكِ مِنْ ذِكْرَى حَبِيبٍ وَمَنْزِلِ

بِسِقْطِ اللِّوى بَيْنَ الدُّخُولِ فَحَوْمَلِ

لام ڕەویە، بزوێنەکەی مەجرایە، یێی پاش ڕەوی وەسڵە، سەرواکە ڕووتە لە تەئسیس و ریدف و خەروج.

یا وەک حاجی –ڕەحمەتی لێ بێ– دەڵێ (ڕەمەل):

زۆر سـەگم دیوە فـەقـەت نەمـدی ڕەقـیـبی هەندەسـە

وەزعی نامەوزوون دەبێ وەک خـانـوویی بێ هەندەسە



سێن ڕەوییە، بزوێنەکەی مەجرایە، ئەلفی ئیشباعەکەی کە لە (ه) پەیدا دەبێ وەسڵە نە ریدف و نە تەئسیسی نییە.

٦– سەروای کراوەی ڕووتی وەسڵداری خەروجدار (ڕەجەز):

کل امْرِئٍ مُصَبَّحٌ في أهْلِهِ     وَالْمَوْتُ أدْنَى مِنْ شِرَاكِ نَعْلِهِ

یا وەک شیعرەکەی نالی: (دەروونی... بڕوانە: ٢٢ – البيت – هێڵکاری...).

**جۆرەکانی سـەروا بەپێی بزوێنـەکانی یا بەپێی زەربەکان:**

وەک لە پێشەوە لە پێناسەی سەروادا گوتمان سەروا دوو پیتی وەستاو سنووری سەرەتا و کۆتای دیاری دەکەن، جا لەسەر ئەو بنیاتە سەروا دەبێ بەم پێنج جۆرەوە:

یەکەم – سەروای موتەرادیف: ئەوەیە لە کۆتایی دێڕدا دوو پیتی وەستاو پێکەوە بن، یا زیاتر، پیتی بزاویان لە نێواندا نەبێ، بەمەرجێ وەستاوی یەکەمیان پیتی لین بێ، وەک (سەریع):

مَنْ عَائِدِي اللَّيْلَةَ أمْ مَنْ نَصِيحْ     بِتُّ بِهِمٌّ فُؤَادِي قَرِيحْ

ئەم جۆرە سەروایە تایبەتە بەچەند پێیەکەوە، کە تووشی جۆرێ گۆڕین (عیللە)ی تایبەت دەبن، لە هەندێ بەحری دیاریکراودا، وەک:

١– (فـاعـلاتن) بەقـەصـر لە مـەدید و رەمـەلدا دەبێ بە(فَاعِـلاَتْ = فَاعِـلاَنْ) بەنونی وەستاو. وەک (مەحوی – رەمەلی مەقصوور):

مــاهی من ڕۆژێ لە ڕوو لادا نیـــقــابْ

شەو مەگەر هەڵبێ –لە شەرمان– ئافتابْ

بەتەسبیغیش لە مەجزوئی رەمەلا دەبێ بە(فاعلاتان) وەک:

كُلَّمَا قَابَلَهُ شَخْـــ     ـصٌ رَأى صُورَتَهُ فيه

–ب–+–ب ب–– + –ب––+ب ب––ْ

٢– (مستـفعلن) لە سێیەمی بەسیطا بەتەذییل دەبێ بە(مستـفعلان) بەنوونی وەستاو، وەک (إخوَانَ خَيْرْ = مستفعلانْ = ––ب–ْ).

٣– (مـفـاعـیلن) لە هەزەجدا بەقـەسـر دەبێ بە(مـفـاعـیْل) بەلامی وەسـتـاو، دەکرێ بە(فعولان = عَطَايَايْ).

٤- (متفاعلن) له کاملدا بەتەذییل دەبێ بە(متفاعلان). بەئیضمار و تەذییل دەبێ بە(مستفعلان) وەک (متقابلان) و (أفْرَاخَ طَيْرْ = --ب-ْ).

٥- (مفعولات) له سەریعا بەوەقف دەبێ بە(مفعولات = مفعولان) بەوەقف و تەی دەبێ بە(مفعلات = فاعلان = -ب-ْ).

له مونسەریحا بەوەقف و نەهک دەبێ بە(مفعولات = مفعولان = ---ْ) بەوەقف و نەهک و خەبن دەبێ بە(مفعولات = فعولان = ب--ْ).

٦- (فعولن) له موتەقارەبا بەقەصر دەبێ بە(فعول) بەلامی وەستاو، وەک (خَجُولْ + عَجُولْ = ب- ْ).

٧- (فاعلن) له موتەدارەکا بەتەذییل دەبێ بە(فاعلان) وەک (الدُّهُورْ + بِالسُّطُورْ = فاعِلاَنْ = -ب- ْ).

(تێبینی): مەرجی سەروای موتەرادیف ئەوەیە داخراو و ریدفدار بێ، وەک ئەم نموونانەی کە لە پێشەوە ڕابووردن. جا ئەگەر ریدفدار نەبوو، وەستاوی یەکەم پیتی مەدد نەبوو، پێی دەگوترێ: سەروای موسمەت. وەک (لم یفزعْنْ) بڕوانە: (٢٢ - البیت - جۆرەکانی بەیت - ١٠ - بەیتی موصمەت).

سەروای موتەرادیف و موصمەت لە کوردیدا جۆری تریان هەیە و جیاوازی زۆریشیان هەیە لە هی عەرەبی. بۆ دەریاکان، خوا یار بێ (بڕ: ٢٤٧ - التزام اللین في القوافي).

دووەم: سەروای موتەواتیر: ئەوەیە لە کۆتایی دێڕدا یەک پیتی بزواو لە نێوانی دوو پیتی وەستاو بێ. وەک (مەولەوی - دە برگە):

دەلالەت جۆشۆ چوون ڕۆی ئازادی

گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕ شادی

لە عەرەبیدا وەک (عضی) لەم دێڕەدا (تەویل):

حَمِدْتُ إلهِی بَعْدَ عُروَةَ إذْ نَجَا    خِرَاشُ وَبَعْضُ الشَّرِّ أهْوَنُ مِنْ بَعْضِ

سەروای موتەواتیر لەم پێیانەدا ڕوو دەدا، یا لە خۆیانا، یا لە موزاحەفەکەیاندا: (١- فعولن، ٢- مفاعیلن، ٣- مفاعلتن، ٤- مفاعیلن، ٥- فاع لاتن، ٦- فاعلن ـــ فعلن = --، ٧- فاعلاتن، مستفعلن ـــ مفعولن، ٨- متفاعلن ـــ مفعولن ـــ متفاعل ـــ فعلن = --، ـــ مستفعلاتن ـــ متفاعلاتن، ٩- مفعولات، فاعلاتن،



١٠- مستفعلن ـــ فعولن).

کە کاتێ دەچینەوە سەر دەریاکان و چاو دەگێڕین بۆ ئەم پێیانە و زیحافکراوەکانیان بۆمان دەردەکەوێ سەروای موتەواتیر، لە هەر شازدە دەریاکەدا ڕوو دەدا.

سێیەم: موتەداریک: ئەوەیە کۆتایی زەرب، دوو پیتی بزواو بێ لە نێوانی دوو پیتی وەستاودا، واتە: وەتەدێکی کۆ بێ لە پاش پیتێکی وەستاوەوە. وەک (مستفعلن، متفاعلن، فاعلن، مفاعلن). سەروای موتەداریک لە هەموو بەحرێکا دەبێ، بێجگە لە موضاریع و موقتەضەب و موجتەس و وافیر.

سەروای موتەداریک لە (مستفعلن)ی ڕەجەزدا، نامی دەفەرمووێ:

قورئان لە بۆ تۆ هاتە خوار لەلای خودا

ئینسانی زانا کرد بەڕێگەی ئیهتیدا

لە (فاعلن)ی بەسیتا، سەفوەت -ڕەحمەتی خوای لێ بێ- دەفەرمووێ:

هیچ بۆنێ ناگا بەخاکێ وا بەئەندامیەوە

تووبا بەشی ئەو کەسە، ئەو خاکە، ماچ کا بەدەم

چوارەم: موتەراکیب: ئەوەیە کۆتایی زەرب سێ پیتی بزواو بێ لە نێوانی دوو پیتی وەستاودا، وەک (مفاعلتن، مفتعلن، فعلن). لە هەموو دەریاکاندا دەبێ، بێجگە لە طەویل و هەزەج و موضاریع و موجتەس و موتەقارەب. وەک (فعلن) لە بەسیتدا، نامی دەفەرمووێ:

گەلێ فریشتە و پەری بەگیان و دڵ موشتەری

لە بۆ ثەنای سەروەری ثەنا بێی بەدەما

پێنجەم: سەروای موتەکاویس: ئەوەیە کە لە کۆتایی زەربا چوار پیتی بزواو لە نێوانی دوو پیتی وەستاودا بێ. واتە: فاصیلەیەکی گەورە بێ، کە بریتییە لە (فعلتن) لە بەسیط و ڕەجەز و سەریعدا ڕوودەدا، ئەم دێڕەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس دەست دەدا بۆ نموونەی (فعلتن) لە ڕەجەزدا:

قُرئان لە بۆ تۆ هاتە سەر تەختی زەوی

تێراو بوو لێی عالەم چ بەرزو چ نەوی

لەتی دووەم ئاوا پارچە پارچە دەکرێ:

تێراو بُلِيي : عَالْمَچَبَرْ : زُچَنَوِی

مستفعلن : مستفعلن : فَعِلتنْ

--ب- : --ب- : ب ب ب-

لە شوێنیّ (وو) لە (تێراو بوو)دا، بەبۆر دابنرێ، دەبێ (و) لە (بەرز و چ نەوی)دا، باشتر بەبزوێنی بۆر دابنرێ، ئەو کاتەیش ییّکە یەکسان دەبێ بە(فعلتن) و دەبێ بەنموونە بۆ سەروای موتەکاویس لە کوردیدا. لە کوردیدا وەک (هەرەوەزی، سەرەخەرێ، دەرەبەگی، سەگە سەگە، حەمەڕەشی، شلەپەتێ، دڵەتەپێ).

(تێبینی):

١- سەروای ڕووت هەر پێنج جۆرەکەی هەیە، وەک (برنج، دەرگا، نەشتەرگەری، کوێرەوەری، هەرەوەزی).

٢- سەروای ریدفدار و تەئسیسدار چەند جۆرێکیان هەیە بڕوانە: نەخشەی (جۆرەکانی ریدف و تەئسیس و وەسڵ و خەروج).

### ٣- (نەنگەکانی سەروا: عُيُوبُ القافِيَة):

وەک دەزانین هەستیار دەبێ لە سەروادا، بەپێی زەربی دەریاکە، پابەند بێ بەچەند پیتێک و بەچەند بزوێنێکەوە، جا هەر کاتێ یەکێ لەو یاسایانە ڕەچاو نەکا، شیعرەکەی تووشی نەنگێکی سەروایی دەبێ.

نەنگەکانی سەروایش هەیانە پەیوەندی بەڕەوی و بزوێنەکەیەوە هەیە، هەیانە پەیوەندی بەپیت و بزوێنەکانی پێش ڕەوییەوە هەیە، هەیانە پەیوەندی بەپیت و بزوێنەکانی پاش ڕەوییەوە هەیە.

یەکەم: نەنگ و کەموکوڕییە ناودارە کانی ڕەوی شەشن: ئیکفا و ئیجازە پەیوەندییان بەڕەوییەوە هەیە، ئیقوا و ئیصراف بەمەجراوە هەیە، کە بزوێنی ڕەوییە، ئیطا و تەضمینیش دەبن بەپاشکۆی ئەمانە، بەدەلیش دادەنرێ بەنەنگ و پەیوەندی بەڕەوییەوە هەیە:

١- ئیکفاء: لە زمانا واتە: هەڵگێڕانەوە و پێچەوانە کردنەوە، لە زاراوا بریتییە لە جیاوازیی پیتەکانی ڕەوی لە دێڕەکانی هۆنراودا، لە لەفظا، نەک لە مەخرەجا، بەڵکو لە



مەخرەجدا لەگەڵ یەکتر بسازێن، وەک (سائس × قارص) و (حالب) لەگەڵ (حالم، حاکم) و (شارح × شارخ) و (شائن × شاتم) و (صدْغ - صُقْع). وەک (تەویل):

وَلَمَّا أصَابَنى مِنَ الدَّهْرِ بَنْوَةٌ
شُغِلْتُ، وَأَلْهى النَّاسَ عَنّى شُؤُنُهَا
إذَا الفَارِغِ المَكْفِىُّ مِنْهُمْ دَعْوَتَهُ
أمَرَّ، وكَانَتْ دَعْوَةً يَسْتَدِيمُهَا

ئەوەتا پیتی ڕەوی لەم دوو دێڕەدا، کە لە یەکەما نوونە و لە دووەما میمە، لە زارا لە یەکتر جیاوازن، بەڵام لە سازگە (مەخرەج = دەروازە)دا، لە یەکتر نزیکن، میم لێوییە، نوون زمانییە. ئەمە لە کوردیدا نموونەی زۆرە، گەرچی لە تایبەتمەندییەکانی سەروای کوردیدا بەتەواوی قسەی لێ دەکەین، بەڵام لێرەیش، کەمێ لێی دەدوێین، بەڵام لە پاش ئیجازە، تا بزانین ئەیارەی دووری و نزیکیی پیتەکان لە ناو خۆیانا چۆنە.

٢- ئیجازە: ئەوەیە دوو پیتی لە یەکتر جیا، لە زار و لە سازگەدا، ببن بەهاوڕەوی، وەک (د - ق) لە (عبید - عریق)دا و (ب - ل) لە (شارب - قاتل)دا و (م - ه) لە (کاتم - فارە)دا. هەندێ مامۆستا دەڵێن: ئیجازە ئەوەیە: کە یەکێتیی تەوجیە نەمێنێ، وەک (أفِرْ، صُبُرْ، قَرْ). بڕ: (بزوێنەکانی سەروا، شەشەم: تەوجیە). بڕێ مامۆستایش دەفەرموون: ئەوەیە عەرووزی چەند دێڕێ لە هۆنراوێکا لە یەکتر جیاواز بن و جیاوازییەکەیش بۆ تەصریع نەبێ. وەک (بەسیط):

مَنْ يَسألِ النَّاسَ يَحْرِمُوهُ وَسَائِلُ اللّه لاَ يُخيبُ
سَاعِدْ بِأَرْضٍ إذا كُنْتَ بِهَا وَلاَ تَقُلْ إنَّنِى غَرِيبُ

بەپێی عەرووز و زەربی دێڕی یەکەم کە (فعولن - فعولن)ە، دەبێ ئەم هۆنراوە لە حەوتەمی بەسیت بێ، کە موخەللەعی بەسیتە، بەپێی عەرووزی دێڕی دووەمیش بێ کە (مفتعلن)ە دەبێ لە چوارەمی بەسیط بێ. هەندێ تر دەڵێن: ئیجاز بەڕێی بێ خاڵ نەک ئیجازە بەزێی خاڵداری بچووک. ئەمەیش نەخشەی سازگەکانی پیتەکان، کە ناودارن بەمەخاریجی حورووف:

| ژ | جێگەی سازگە | ژمارەی سازگەکانی | ناوی پیتەکانی سازگەکان | ژمارەی پیت | ریزی دوور و نزیکییان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | جەوف بۆشایی ناودەم | ١- بۆشایی ناودەم و گەروو | (ا،و،ی) مەددی | ٣ | |
| ٢- | حەلق گەروو | ١- ئەوپەڕی کەروو نزیکی سنگ<br>٢- ناوەڕاستی گەروو<br>٣- سەرەتای گەروو، نزیکی دەم | (أ، ه)<br>(ع، ح)<br>(غ، خ) | ٦ | |
| ٣- | لیسان زمان | ١- بنی زمان تەنیش گەروو<br>٢- بنی زمان ژێر سازگەی (ق)<br>٣- ناوەڕاستی زمان<br>٤- نووکی تا کاکیلەکان<br>٥- نووکی تا ئەوپەڕی<br>٦- تووکی تا ژێر سازگەی لام<br>٧- نووکی زمان<br>٨- نووکی و بنی ددانەپێشینەکان<br>٩- نووکی کەمێ لە سەروو ددانە پێشینەکانی سەروخوارەوەوە<br>١٠- نووکی لەگەڵ نووکی ددانە پێشینەکانی سەرو | (ق)<br>(ک)<br>(ج،ش،ی-نامەددی)<br>(ض)<br>(ل)<br>(ن)<br>(ر)<br>(ط، د، ت)<br>(ص، ز، س)<br>(ظ، ذ، ث) | ١٨ | |
| ٤- | شەفەتان دوولێو | ١- ناوەوەی لێوی خواروو لەگەڵ نووکی ددانەپێشینەکانی سەرەوە<br>٢- هەردوو لێو | (ف)<br>(ب-،و-نامەددی) | ٤ | |
| ٥- | خەیشووم لای سەرووی لووت هەتا ناودەم | ١- پیتەکانی منگە<br>٢- میم کە ئیخفابکرێ لە بێ دا | نوونی وەستاو و تەنوین و میم و نوونی قورس | ٥ | |

ئەم پیتانە لە کوردیدا بوون بەهاوڕەوی، وە لە جۆری نەنگی ئیکفان: (ب – پ، ج – چ، ح – ه، خ – غ، ز – س، ث – س، ژ – ش، ف – ڤ، ک – گ، ر – ڕ، ل – ڵ، وو – ۆ، ی – ێ، ا – ە، ه – ی). بەڵام زۆر بەکەمی، هەستیار تا خۆی لێ بپارێزێ چاکترە.

پیرەمێرد – ڕەحمەتی خودای لێ بێ – بزوێنێ کورتی کردووە بەهاوڕەوی بزوێنی درێژ، کە دەڵێ (بڕ: چی پیتێ دەبێ بەڕەوی/ آ- ئەلف/ ١٠، ١١) و (٤٤ – الإجازة – ٢).

هەر لە ڕۆژهەڵات هەتا ڕۆژاوا     چرای ئەم دینەی تیا هەڵکراوە



٣- ئیقواء: ئەوەیە کە بزوێنی ڕەوی کراوە لە یەکتر جیا بن لە هۆنراودا، بەڵام لە یەکتر نزیک بن، وەک: ژێر و بۆر. وەک: (فَوَارِسِ) بەژێری سین، لەگەڵ (حَوَارِسُ)دا بەبۆری سین. وەک (تەویل):

دَعَانی أخِي وَالخَيْـــلُ بَيْنِي وَبَيْنَهُ     فَلَمَّـا دَعَانِي لَمْ يَجِدْنِي بِقُعْدُدِ
فَطَاعَنْتُ عَنْهُ الخَيْلَ حَتَّى تَنَهْنَهَتْ     وَحَتَّى عَلاَنِي حَالِكُ اللونِ أَسْوَدُ

بەژێری دالی (قُعْدُدِ) و بۆری دالی (أَسْوَدُ) کە هەردووکیان هاوڕەوین، کەواتە: ئیقوا جیاوازی مەجرایە، لەبەر ئەوە ناچێتە سەر سەروای داخراو.

٤- ئیصراف: ئەوەیە کە بزوێنی ڕەوی جارێ سەر بێ و جارێ بۆر، یا ژێر بێ، وەک (قَدْرُ) بەبۆری دال، لەگەڵ (عَبْرَآ)دا بەسەری دال، یا وەک (في يَوْمِ سُوقِ) لەگەڵ (أَنْ تَذُوقَا)دا. هەندێ مامۆستا دەفەرموون: جیایی بزوێنی ڕەوی هەر چۆن بێ ئیقوایە، جاری وا دەبێ، بۆر و ژێر و سەر لە یەک هۆنراودا کۆ دەبنەوە، وەک (وافیر):

تكلِّفُنِي سَوِيقَ الكَرْمِ جَرْمٌ     وَمَا جَرْمٌ وَمَا ذاكَ السُّوِيـقُ
وَمَا شَرِبُوهُ وَهْوَ لَهُمْ حَلاَلٌ     وَلاَ قَالُوا بِهِ فِي يَوْمِ سُـوقِ
فأَوْلى ثُمَّ أَوْلى ثـم أَوْلى     ثَلاثآ يا ابنَ عَمْرٍ وَأَنْ تَذُوقَا

(تێبینی): آ- کۆگیری بۆ نەنگی سەروا لە کوردیدا، ئەوەیە: جیاوازی پیت و بزوێنەکانی سەروا لە یەکتر، لەو شوێنانەدا کە مەرجە، یا پەسەندە وەکو یەک بن، ئەم جیاوازییە دادەنرێ بەنەنگ و کەموکوڕی.

بۆ نموونە: مەرجە کە ڕەوی لە دێڕەکاندا، لە زار و لە سازگەدا یەک پیت بێ، وەک: (ن، ن، ن... تاد) یا وەک: (ش، ش، ش... تاد) هەروا پەسەندە ئەو پیتەیش لە یەک جۆر بێ و یەکێتی بزوێنەکەی، یا وەستاوییەکەی بەپێی یاسای خۆی بپارێزرێ، وەک (ڕ، ڕ، ڕ... تاد) یا وەک (ڵ، ڵ، ڵ... تاد) بەڵام کاتێ ئەم مەرجە فەوتا، یا ئەم پەسەندییە ڕەچاو نەکرا، وەک ئەوە (پ) بوو بەهاوڕەوی (ب) یا (ڕ)ێی گەورە کرا بەهاوڕەوی (ر)ێی بچووک ئەوەدا دەکرێ بەنەنگی سەروا وەک ئەم حاڵەتانە: (پ-ب، ج-چ، ح-ه، خ-غ، ز – س، ث-س، ژ-ش، ف-ڤ، ک-گ، ر-ڕ، ل-ڵ، وو-ۆ، ی-ێ، ا-ە، ە-ی) یا وەک ئەم بارانەی تر: (گوڵ- گڵ، چوون- چۆن، فڕین- بەفرین، شوێن- سەرین... تاد).

چەند نموونەیێ لەم بابەتی نەنگە لە کوردی ڕۆیشت: (بڕ: چەند نموونەیێ لە... ریدفدار/٤) و (پیتەکانی سەروا/ یەکەم: پیتی ڕەوی -ز- بەتایبەتی دێڕەکەی سەلام) و

٣- تەسبیغ تەنیا لە ڕەمەلدا هەیە و بەس.

کۆی بەحرەکان (٤) چوارن.

**١٠- لیستی ئەو بەحرانەی کە عیللەی کەمییان وا تیادا:**

١- حەذف لە هەشت بەحردا دەبێ:

١- طەویل ٢- مەدید ٣- وافیر ٤- هەزەج ٥- ڕەمەل ٦- خەفیف ٧- موجتەث ٨- موتەقاریب.

٢- قەتف لە وافیردا و بەس.

٣- قەطع لە پێنج بەحردا دەبێ و بەس:

١- مەدید ٢- بەسیت ٣- کامیل ٤- ڕەجەز ٥- موتەدارەک

٤- قەصر لە پێنج بەحردا دەبێ:

١- مەدید ٢- هەزەج ٣- ڕەمەل ٤- خەفیف ٥- موتەقاریب.

٥- بەتر لە دوو بەحردا دەبێ:

١- مەدید ٢- موتەقاریب.

٦- حەذەذ لە کامیلدا دەبێ و بەس.

٧- صەلم لە دوو بەحردا ڕوودەدا:

١- سەریع ٢- مەدید

٨- وەقف لە دوو بەحردا دەبێ:

١- سەریع ٢- مونسەریح.

٩- کەسف لە دوو بەحردا دەبێ:

١- سەریع ٢- مونسەریح.

کۆی بەحرەکان (١٤) چواردە بەحرن.

**١١- لیستی ئەو بەحرانەی کە عیللەی زیحافانەیان وا تیادا:**

١- تەشعیث لە سێ بەحردا دەبێ:

١- خەفیف ٢- موجتەث ٣- موتەدارەک.



٢- خەرم لە شەش بەحردا دەبێ:

١- طەویل ٢- وافیر ٣- هەزەج ٤- موزاریع ٥- موتەقاریب ٦- کامیل.

٣- ثەرم لە دوو بەحردا:

١- طەویل ٢- موتەقاریب

٤- ثەلم لە دوو بەحردا:

١- طەویل ٢- موتەقاریب

٥- عەزب لە وافیردا و بەس.

٦- شەتر لە دوو بەحردا:

١- هەزەج ٢- موزاریع

٧- خەرب لە دوو بەحردا:

١- هەزەج ٢- موزاریع

٨- قەصم لە وافیردا و بەس.

٩- جەمەم لە وافیردا و بەس.

١٠- عەقص لە وافیردا و بەس.

کۆی بەحرەکان (٨) هەشت بەحرن.

**١٢- لیستی ئەو بەحرانەی کە زیحافی جێگری عیللەیان واتیادا:**

١- قەبز لە تەویلدا و بەس.

٢- خەبن لە پێنج بەحردا:

١- مەدید ٢- بەسیت ٣- سەریع ٤- خەفیف ٥- موتەدارەک.

٣- عەصب لە وافیردا و بەس.

٤- ئیزمار لە کامیلدا و بەس.

٥- تەی لە سێ بەحردا:

١- سەریع ٢- مونسەریح ٣- موقتەزەب.

٦- خەبل لە سەریعا و بەس.

کۆی بەحرەکان (١٠) دە بەحرن.

**١٣– لیستی بەحرەکان و تایبەتمەندی و زیحاف و عیللەی هەر بەحرێ:**

**(یەکەم: بەحری طەویل):**

١– سالم و صەحیحی هەیە، واتە: عەرووز و زەربەکەی عیللە و زیحافی تیادا نەبێ، وەک یەکەمی تەویل لە کاتی تەصریعدا.

٢– تەویل مەجزووء و مەشطور و مەنهووکی نییە، هەشت پێیە.

٣– هۆی ناونانی بەتەویل ئەوەیە، لە کاتی تەصریعدا، لە شیعری عەرەبیدا پیتەکانی دەگاتە چل و هەشت پیت، هیچ بەحرێکی تری عەرەبی ناگاتە ئەم ژمارەیە.

٤– ئەم زیحاف و عیللەتانەی واتیادا:

١– قەبز ٢– کەف ٣– حەذف ٤– خەرم ٥– ثەرم ٦– ثەلم.

٥– لە نێوانی پێی (مفاعیلن) و نوونەکەیدا موعاقەبە هەیە، کە بەکوردی پێی دەڵێین: نۆرەکرتێ. واتە: (مفاعیلن) و (مفاعیل) و (مفاعلن)ی دروستە، بەڵام (مفاعل = ب – ب ب) لە تەویلدا دروست نییە، کە هەم مەقبووض و هەم مەکفووف بێ.

٦– هەر پێیەک لە تەویلدا، لە خەرم و ثەرم و ثەلم ڕزگاری ببێ پێی دەگوترێ: (موفور).

٧– بەیتی موزاحەف لە تەویلدا ئەوەیە کە هەموو پێیەکانی زیحافی واتیادا (بڕ: ٢٢ – البیت – ١٥).

٨– لە تەویلی دووەما سەروای موقەییەد (داخراو) پەسەندە، بەڵام لە یەکەما ناپەسەندە، بگرە ئەگەر هەبوو شاذە.

٩– ریدف لە سێیەمی تەویلدا پێویستە (ر: ردف/ چەند نموونەیەک/١٨).

١٠– تەویل یەک عەرووز و سێ زەربی هەیە ئاوا:

١– (مفاعلن × مفاعیلن = یەکەم).

٢– (مفاعلن × مفاعلن = دووەم).

٣– (مفاعلن × فعولن = سێیەم).

١١– دروستە یەکەم دێڕی هۆنراو تەصریع بکرێ، بینا لەسەر ئەمە لە کاتی تەصریعی تەویلدا، عەرووزەکەی لە کێش و سەروادا دەق وەک زەربەکەی لێ دەکرێ، لە سەردێڕی چامەکەدا، بەبێ زیاد و کەم ئاوا: (لە عالەما × لە ئادەما = مفاعلن × مفاعلن). لەکاتی



تەصریعدا دووەمی تەویل وەک خۆی دەمێنێ، دەسکاری ناکرێ، یەکەمی بەزیادە تەصریع دەکرێ، سێیەمی بەکەمی: (مفاعیلن ـــ مفاعی = فعولن).

١٢– تەویل دەریای یەکەمی سەر بەبازنەی یەکەمە، کە پێی دەگوترێ: دائیرەی موختەلیف: بازنەی جیاواز، لە بەحرە تێکەڵەکانە، لە (فعولن)ی پێنجی و (مفاعیلن)ی حەوتی دروست دەبێ.

١٣– قەبز لە (فعولن)ی پێش زەربی سێیەمیدا نیمچە پێویستێکە، پێی دەگوترێ: ئیعتیماد، هێشتنەوەی ئەم پێیەیە، لەم شوێنەدا بەساغی – واتە: بەسالمی – ئەگەر بەکەمیش بێ هەر ناشیرینە.

١٤– تەویل لە کوردی و فارسی و تورکیدا زۆر کەمە، چونکە لەگەڵ ئاهەنگی ئەم زمانانە ناگونجێ.

**(دووەم: بەحری مەدید):**

١– بەحری دووەمە لە بازنەی جیاواز (دائیرەی موختەلیف). لە دەریا تێکەڵەکانە، تێکەڵە لە (فاعلاتن)ی حەوتی و لە(فاعلن)ی پێنجی، چوار جار، کە دەکەنە هەشت پێ.

٢– هەمیشە بەمەجزووئی بەکار دەهێنرێ، لە هەشت پێ شەش پێی دەمێنێ = (فاعلاتن فاعلن فاعلاتن/٢). مەدید مەنهووکی نییە، چونکە نەهک لە بەحری هەشت پێییدا نابێ، بەڵام مەشطووری هەیە.

٣– چوار عەرووز و هەشت زەربی هەیە:

+ یەکەم: صەحیحە یەک زەربی هەیە وەک خۆی صەحیحە: (فاعلاتن×فاعلاتن–١–).

+ دووەم: مەحذوفی نامەخبوون، سێ زەربی هەیە:

١– مەقصوور: (فاعلن × فاعلات – ٢ –).

٢– مەحذوف وەک خۆی: (فاعلن × فاعلن – ٣ –).

٣– ئەبتەر: (فاعلن × فعلن – ٤ –).

+ سێیەم: مەحذوفی مەخبوون، سێ زەربی هەیە:

١– مەحذوفی مەخبون وەک خۆی: (فعلن × فعلن – ٥ –).

٢– ئەبتەر، ئاوا: [ (فعلن × فعلن = ب ب – × – –) – ٦ –].

٣- موشەعەث: (فعلن × فالاتن - ٧ -).

+ چوارەم: مەشطوری صەحیح، یەک زەربی هەیە وەک خۆی، چونکە لە مەشطووردا پێی دوایی هەم عەرووزە و هەم زەربە: (فاعلن - ٨ -).

٤- ئەم گۆڕانکارییانە دەچنە سەر ئەم بەحرە:

١- خەبن ٢- کەف ٣- شەکل ٤- قەصر ٥- بەتر ٦- تەشعیث ٧- حەذف ٨- صەلم.

٥- دروستە لە کاتی تەصریعدا عەرووزەکەی دەقاودەق وەک ضەربەکەی لێ بکرێ، ئەگەر عەرووزەکەی جیابوو لە ضەربەکەی، وەک (فاعلن × فاعلات = - ب - × - ب -ْ = محذوف × مقصور).

٦- لەم دەریایەدا سێ جۆرە موعاقەبە هەیە:

١- موعاقەبەی صەدر. ٢- موعاقەبەی عەجز. ٣- موعاقەبەی طەرەفەین

(بڕ: البرئ).

٧- مەدیدیش وەک تەویل، لە کوردی و فارسی و تورکیدا زۆر کەمە، هەروا لە عەرەبیشدا کەم بەکار هاتووە، چونکە کێشێکی قورسە.

٨- هۆی ناونانی ئەم دەریایە بەمەدید، قسەی زۆر لێکراوە، گوایە پێیە حەفتییەکانی بەدەوری پێیە پێنجییەکانیدا دەکشێن. هەروا پێیە پێنجییەکانی بەگردی پێیە حەفتیەکانیدا دەکشێن.

**(سێیەم: دەریای بەسیط):**

١- دەریای سێیەمە لە بازنەی جیاوازدا، ئەمیش دیسان لە دەریا تێکەڵەکانە، تێکەلە لە (مستفعلن)ی خاوەن وەتەدی کۆی حەوتی و لە (فاعلن)ی پێنجی، چوار جار. بەمەجزوئی و بەنامەجزوئی دێ، واتە: هەشت پێیی و شەش پێیی هەیە، هەشتینە و شەشینەی هەیە.

٢- ئەصڵ - بنەڕەت - لە عەرووز و زەربی بەسیطی تەواودا مەخبوونە، نەک صەحیح، ئەگەر صەحیح بن شاذن، بەڵام ئەمە لە عەرەبیدا وایە، لە کوردیدا مەخبوونیش نەبێ بەشاز دانانرێ.



٣- حەوت عەرووز و دە زەربی هەیە:

یەکەم: عەرووزی مەخبون، دوو زەربی هەیە:

١- مەخبون وەک خۆی: (فعلن × فعلن = ب ب - × - -) - ١ -

٢- مەقطوع: (فعلن × فعلن = ب ب - × ب ب -) - ٢ -

دووەم: مەجزوئی سالمی صەحیح، سێ زەربی هەیە:

١- موزال: (مستفعلن × مستفعلان - ٣ -). ئەم (مستفعلان)ە، خەبن و تەی و خەبلی دروستە ئاوا: (مفاعلان، مفتعلان، فعلتان).

٢- صەحیح وەک خۆی: (مستفعلن × مستفعلن - ٤ -).

٣- مەقطوع: (مستفعلن × مفعولن - ٥ -)

سێیەم: مەقطوع، یەک زەربی هەیە وەک خۆی مەجزوء و مەقطوعە: (مفعولن × مفعولن - ٦ -).

چوارەم: مەخبونی مەجزوئی مەقطوع یەک ضەربی هەیە وەک خۆی: (فعولن × فعولن = موخەللەعی بەسیط = زەربی حەوتەم - ٧ -).

پێنجەم: مەشطورە صەحیحە، هەر خۆیشی زەربە: (فاعلن - ٨ -).

شەشەم: مەشطورە موزالە، هەر خۆیشی زەربە: (فاعلان - ٩ -).

حەوتەم: مەشطوری مەقطووع، هەر خۆیشی زەربە: (فعلن = - - = - ١٠ -).

٤- ئەو گۆڕانکارییانە دەچنە سەری:

١- خەبن ٢- تەی ٣- خەبل ٤- إذالە ٥- قەطع ٦- تەخلیع.

٥- خەبن و قەطع و جەزء لە موخەللەعدا مەرجە، بەڵام تەی لە پێیەکانیدا دروست نییە مەگەر بەشاذ.

٦- تەصریع و تەقفیە لە سەردێڕی زەربەکانیدا پەسەندن.

**(چوارەم: دەریای وافیر):**

١- دەریای وافیر دەریای یەکەمە لە بازنەی موئتەلیف - واتە: لە بازنەی تەبا - کە بازنەی دووەمە، بریتییە لە سێ جار (مفاعلتن = ب - ب ب -). بۆیە پێی دەگوترێ: (تەبا) چونکە هەموو پێیەکانی لە ناوخۆدا سازن، لەبەر ئەوەی کە لە یەک جۆرن، هەموو حەفتین: (مفاعلتن).

٢- گۆڕانکارییەکانی:

١- عەصب ٢- عەقل ٣- نەقص ٤- خەرم ٥- عەزب ٦- قەصم ٧- عەقص ٨- جەمەم ٩- قەطف ١٠- کەف.

٣- دەریای وافیر دوو جۆری هەیە: تەواو (تام) و مەجزووء، تەواوەکەی قەت صەحیحی نەهاتووە، بەڵکو پێویستە کە قەطف کراو بێ.

٤- لە وافیردا موعاقەبە -نۆرەکرتێ- هەیە، لە نێوانی عەقل و نەقصی (مفاعیلن)دا، چونکە (مفاعلتن) بەعەقل دەبێ بە(مفاعلن) بەنەقصیش دەبێ بە(مفاعیل). دەی ئەگەر پێکەوە عەقل و نەقص بکرێ (مفاعل)ی دەمێنێ، ئەوەیش لە وافیردا دروست نییە.

٥- وافیر دوو عەرووز و سێ ضەربی هەیە:

یەکەم: تەواوی مەقطووف، یەک زەربی هەیە وەک خۆی: (فعولن × فعولن - ١ -).

دووەم: مەجزوئی صەحیح، دوو زەربی هەیە:

١- ضەربی یەکەم ساغە وەک خۆی: (مفاعلتن × مفاعلتن - ٢ -).

٢- ضەربی دووەم مەعصوب: (مفاعلتن × مفاعیلن - ٣ -).

٦- بۆیە پێی دەگوترێ وافیر، لەبەر زۆری بزوێن و زۆری وەتەدەکانی.

**(پێنجەم: دەریای کامیل):**

١- کامیل دەریای دووەمە لە بازنەی موئتەلیف، بریتییە لە شەش جار (متفاعلن = ب ب - ب -) لە دەریا سافەکانە، چونکە هەر شەش پێی بازنەییەکەی لە یەک جۆرن و وەک یەکن.

٢- گۆڕانکارییەکانی:

١- تەی ٢- ئیزمار ٣- وەقس (وقص) ٤- جەزل (خەزل) ٥- تەرفیل ٦- تەذییل ٧- قەطع ٨- حەذەذ ٩- خەبن ١٠- خەزم.

٣- سێ عەرووز و نۆ زەربی هەیە:

یەکەم: عەرووزی تەواوی ساخ (تامی صەحیح) سێ زەربی هەیە:

١- تەواوی وەک خۆی: (متفاعلن × متفاعلن - ١ -).

٢- مەقطوع: (متفاعلن × فعلاتن - ٢ -).



٣- أحذ مضمر: (متفاعلن × فعلن - ٣ -).

دووەم: حەذذاء، دوو زەربی هەیە:

١- ئەحەذذی نامۆزمەر: (فعلن × فعلن - ٤ -).

٢- ئەحەذذ وەک خۆی: (فعلن × فعلن - ٥ -).

سێیەم: مەجزوئی سەحیح، چوار زەربی هەیە:

١- مورەففەل: (متفاعلن × متفاعلاتن - ٦ -).

٢- موزال: (متفاعلن × متفاعلات - ٧ -).

٣- وەک خۆی صەحیح: (متفاعلن × متفاعلن - ٨ -).

٤- مەقطوع: (متفاعلن × فعلاتن - ٩ -).

٤- کامیل زەربی زۆرە بەلایەنی کەمەوە نۆ زەربی هەیە، تام و مەجزووئی هەیە، چل و دوو پیتە، جاری وا دەبێ (٣٠) سیی پیتیان بزواو دەبن، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێ: دەریای کامیل، واتە: بەحری کامڵ، چونکە هیچ بەحرێکی تر ئەوەندەی بزوێن تیادا نییە، بزوێنەکانی هەندێ دێرە هۆنراوی دەگاتە (٣٠) سیی بزوێن. هەندێکیش دەفەرموون: لەبەر زۆری زەربەکانی پێی دەگوترێ کامیل.

٥- لە بەینی (س) و (ف)ی (مستفعلن)دا، لەکاتی ئیزماردا نۆرەکرتێ (معاقبة) هەیە. واتە: خەبل لە کامیلی موزمەردا دروست نییە، هەتا ئیزماریش نەکرێ تەیی دروست نییە.

٦- کامیل لە عەرەبیدا زۆر باوە، بەڵام لە کوردی و فارسی و تورکیدا زۆر کەمە.

٧- کامیل تەواو و مەجزوء و مەشتووری هەیە، مەشطورەکەی مورەففەل و موذەییەل و موعەرڕای هەیە. (بڕوانە: ١٧٦ - المعرّی).

**(شەشەم: هەزەج):**

١- هەزەج دەریای یەکەمە لە بازنەی موجتەلەب - واتە: دەریای هێنراو - کە بازنەی سێیەمە، بریتییە لە شەش جار (مفاعیلن = ب---) لە دەریا سافەکانە، لە عەرەبیدا هەمیشە بەمەجزوئی بەکارهاتووە، لە کوردیدا زۆر زۆر باوە: چوارین و شەشین و هەشتینی هەیە.

٢- گۆڕانکارییەکانی:

١- کەف ٢- قەبز ٣- خەرم ٤- خەرب ٥- شەتر ٦- حەذف ٧- قەصر

٣- نۆرەکرتێ (معاقبة) لە نێوانی (ی) و (ن)ی (مفاعیلن)دا هەیە - واتە: لە نێوانی قەبز و کەفیدا، واتە: دروست نییە هەردووکیان پێکەوە بکرتێن و ببێ بە(مفاعل = ب - ب ب) بەڵام دروستە بەنۆرە (ی)ەکە، یا (ن)ەکە، یەکێکیان بکرتێ و یەکێکیان بمێنێ، ئاوا: (مفاعلن) یا (مفاعیل = ب--ب) وەدروستە هەردووکیان بمێنن ئاوا: (مفاعیلن).

٤- یەک عەرووزی ساخ و سێ زەربی هەیە.

یەکەم:

١- ساخ وەک خۆی: (مفاعیلن × مفاعیلن - ١ -).

٢- مەحذووف: (مفاعیلن × فعولن - ٢ -).

٣- مەقصور: (مفاعیلن × فعولان = ب - -ْ = - ٣ -).

٥- لە کاتی تەصریعدا عەرووزی زەربەکان هاوکێش و هاوسەروا دەکرێن لەگەڵ زەربەکانیادا لە سەردێڕدا.

**(حەوتەم: دەریای رەجەز):**

١- دەریای دووەمە لە بازنەی موجتەلەب، دەریای حەوتەمیشە لە دەریاکانی خەلیل، بریتییە لە شەش جار (مستفعلن). مەجزوء و تەواو و مەشطور و مەنهوک و مووەحەدی هەیە. لە جۆری (مستفعلن)ی خاوەن وەتەدی کۆیە، لە کێشە سافەکانە، لە کوردی و فارسی و عەرەبیدا زۆر باوە.

٢- هۆنراوی ئەم دەریایە لە پەخشانەوە نزیکە، لەبەر ئەوە هەموو کەس پێی دەوێرێ، بۆیە پێی دەگوترێ: (حمار الشعراء: کەری هەستیاران!) چامە و هۆنراو لەم بەحرە پێی دەگوترێ: رەجەز یا ئورجووزە.

٣- لە رەجەزدا هەستیاران بڕیاریان داوە کە یەکێتی سەروا ڕەچاو نەکرێ، بەڵام لەباتی ئەوە دەبێ هەموو دێڕە شیعرێ، هەردوو لەتەکەی هاوسەروا بن، واتە: موقەففا بن (بڕ: ١١٥ - المزدوج).

٤- گۆڕانکارییەکانی:

١- خەبن ٢- تەی ٣- قەطع ٤- خەبل



٥- رەجەز پێنج عەرووز و حەوت زەربی هەیە:

یەکەم: ساخ: جاری وا هەیە تووشی خەبن یا تەی دەبێ، دوو زەربی هەیە:

١- وەک خۆی ساخ (جاری وا هەیە تووشی خەبن یا تەی دەبێ - ١ -).

٢- مقطوع: (مستفعلن × مفعولن - ٢ -).

دووەم: مەجزووئی صەحیح: دوو زەربی هەیە:

١- وەک خۆی صەحیح: (مستفعلن × مستفعلن - ٣ -).

٢- مەقطوع: (مستفعلن × مفعولن - ٤ -).

سێیەم: مەشطوری صەحیح، هەر خۆشی زەربە (٥).

چوارەم: مەشطوری مەقطوع، هەر خۆشی زەربە (٦).

پێنجەم: مەنهوکی صەحیح، هەر خۆیشی زەربە (٧).

٦- رەجەز بەیتی مووەحەدی هەیە (ر: ٢٢ - البیت - بەیتی موحّد) دەڵێین: مورەففەل و موذەییەلیشی هەیە، بەپشتی خودا لە دەریاکاندا باسی دەکەین. رەجەز جۆری تری زۆرە لە دواوە دێ.

٧- بۆیە پێی دەگوترێ: رەجەز چونکە دەلەرزێ (بڕ: الرجز) کەواتە: بەحری رەجەز: واتە: دەریای لەرزۆک، شاعیرێ شیعر لەسەر ئەم دەریایە بهۆنێتەوە، پێی دەگوترێ: (رەججاز: رەجەزەوان: زەجەلەوان).

**(هەشتەم: دەریای رەمەل):**

١- دەریای رەمەل دەریای سێیەمینە لە بازنەی موجتەلەب، دوا دەریای ناسراوە لەم بازنەدا، لە دەریا سافەکانە، لە شەش (فاعلاتن) دروست دەبێ، تامّ و مەجزووء و موسەببەغی هەیە، مەجزووء موختەصەریشی پێ دەگوترێ.

٢- رەمەل لە کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبیدا - بەاستثنای شیعری جاهلی - زۆر باوە، ناونراوە: رەمەل، چونکە ڕەوتی خۆشە، وەک وڵاخی سەر نەرمی ڕەوت خۆش لە ژێر سواردا.

٣- زیحافەکانی:

١- خەبن ٢- کەف ٣- شەکل ٤- تەسبیغ ٥- حەذف ٦- قەصر ٧- تەشعیث.

٤- هەمیشە عەرووزی ڕەمەل مەحذووف دەبێ (فاعلن) کەم وا دەبێ (فاعلاتن)ی تەواو بێ، مەگەر بەشاذ، ئەمە لە عەرەبیدا وایە، بەڵام لە کوردیدا ڕەمەلی تەواو زۆرە، هەروا لە کاتی تەصریع و تەقفیەدا لە عەرەبیشدا ڕەمەلی تەواو شاذ نییە.

٥- موعاقەبە لە ڕەمەلدا هەیە بڕوانە: (١٨ - البرئ).

٦- دوو عەرووز و شەش زەربی هەیە:

یەکەم: تەواوی بەواجبی مەحذووف، سێ زەربی هەیە:

١- صەحیح: (فاعلن × فاعلاتن - ١ -).

٢- مەقصور: (فاعلن × فاعلاتْ - ٢ -).

٣- وەک خۆی مەحذوف: (فاعلن × فاعلن - ٣ -).

دووەم: مەجزووئی ساخ سێ زەربی هەیە:

١- موسەببەغ: (فاعلاتن × فاعلاتانْ - ٤ -).

٢- صەحیح وەک خۆی: (فاعلاتن × فاعلاتن - ٥ -).

٣- مەحذوف: (فاعلاتن × فاعلن - ٦ -).

**(نۆیەم: دەریای سەریع):**

١- سەریع دەریای یەکەمە لە بازنەی موشتەبەهـ، کە بازنەی چوارەمە، بۆیە پێی دەگوترێ (سەریع) واتە: خێرا، چونکە بەخێرایی گۆ بەپێیەکانی دەکرێ، کەواتە: بەحری سەریع، واتە: دەریای خێرا و تیژ و گەوارا، لە دەریا تێکەڵەکانە، چونکە تێکەڵە لە (مستفعلن)ی خاوەنی وەتەدی کۆ و (مفعولات)ی خاوەنی وەتەدی بڵاو، لە دەریا حەوتییەکانە.

٢- گۆڕانکارییەکانی (زیحاف و عیللەکانی):

١- خەبن ٢- تەی ٣- خەبل ٤- صەلم ٥- وەقف ٦- کەسف ٧- الحذذ.

٣- سەریع تام و مەشطوری هەیە، بەڵام مەجزووئی نییە، دەنا ئیشتیباهی دەبێ بەمەجزووئی ڕەجەزەوە، قەتیش بەصەحیحی بەکار نەهاتووە، لە شیعری جاهیلیدا کەمە.

٤- سەریع چوار عەرووز و حەوت زەربی هەیە:

یەکەم: مەطوی مەکسوف، سێ زەربی هەیە:



١- مەتوی مەوقوف: (فاعلن × فاعلانْ - ١ -).

٢- مەتوی مەکسوف: وەک عەرووزەکەی: (فاعلن × فاعلن - ٢ -).

٣- اصلم: (فاعلن × فَعْلُنْ - ٣ -).

دووەم: مەخبوولی مەکسوف: (فَعِلُنْ) دوو زەربی هەیە:

١- مەخبولی مەکسوف وەک عەرووزەکەی: (فَعِلُنْ × فَعِلُنْ - ٤ -).

٢- ئەصلەم: (فَعِلُنْ × فَعْلُنْ - ٥ -).

سێیەم: مەشطوری مەوقوف (مفعولان = - - -ْ) هەر خۆشی زەربە (٦).

چوارەم: مەشطوری مەکسوف: (مفعولن = - - -) هەر خۆشی زەربە (٧).

**(دەیەم: دەریای مونسەریح):**

١- دەریای دووەمە لە بازنەی موشتەبەهـ، بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە لە زارا خۆش و سووک و سفتوسۆڵە لەسەر زمان.

٢- گۆڕانکارییەکانی:

١- خەبن ٢- تەی ٣- خەبل ٤- وەقف ٥- کەسف ٦- قەطع.

٣- لە دەریا تێکەڵەکانە، بەتەواوی و بەمەنهوکی هاتووە. تێکەڵە لە (مستفعلن)ی خاوەن وەتەدی کۆ و(مفعو لات)ی خاوەن وەتەدی بڵاو، سێ عەرووزو چوار زەربی هەیە:

یەکەم: مەطوی، دوو زەربی هەیە:

١- مەتوی وەک عەرووزەکەی: (مفتعلن × مفتعلن - ١ -).

٢- مەقطوع: (مفتعلن × مفعولن - ٢ -).

دووەم: مەنهوکی مەوقوف: (مفعولان) هەر خۆیشی زەربە (٣).

سێیەم: مەنهوکی مەکسوف، کە تەیی قەدەغە بێ (مفعولا = --- = مفعولن) هەر خۆشی زەربە (٤).

٤- مونسەریح مەجزووئی نییە (بڕ: مجزوء).

٥- (مستفعلن)ی ضەرب لە مونسەریحدا موعاقەبە (نۆرەکرتێ) لە نێوانی (س) و (ف)کەیدا هەیە، دەبێ یا (مفاعلن) یا (مفتعلن) بێ، دروست نییە ببێ بەمەخبول (فعلتن) واتە: خەبن و تەی پێکەوە بکرێ (بڕ: البرئ).

**(یازدەهەم: دەریای خەفیف):**

١- دەریای سێیەمە لە بازنەی موشتەبەهـ، بۆیە وای پێ دەگوترێ، چونکە بزوێنەکانی سووکن لەسەر زار، خەفیف واتە: سووک. بەحری خەفیف واتا: دەریای سووک. لە دەریا تێکەڵە حەوتییەکانە: (فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن) ×٢ (فاعلاتن)ی وەتەد کۆ و (مستفع لن)ی وەتەد بڵاو.

٢- تەواو و مەجزوء (موختەصەر)ی هەیە، تامەکەی جۆرە زەربێکی تایبەتی هەیە، مەجزوئەکەیشی هەروا.

٣- گۆڕانکارییەکانی:

١- خەبن ٢- کەف ٣- شەکل ٤- تەشعیث. تەنانەت لە کاتی تەصریعیشدا تەشعیث دەکرێ. ٥- حەذف ٦- قەصر.

٤- سێ عەرووز و پێنج زەربی هەیە:

یەکەم: ساخ، دوو زەربی هەیە:

١- ساخ وەک خۆی: (فاعلاتن × فاعلاتن - ١ -).

٢- مەحذوف: (فاعلاتن × فاعلن - ٢ -).

دووەم: مەحذوف، یەک زەربی هەیە وەک خۆی: (فاعلن × فاعلن - ٣ -).

سێیەم: مەجزووئی ساخ (مستفعلن) دوو زەربی هەیە:

١- ساخ وەک خۆی: (مستفعلن × مستفعلن - ٤ -).

٢- مەخبونی مەقصور: (مستفعلن × فعولن - ٥ -).

٥- تەی ناچێتە سەر (مستفع لن) لە خەفیف و موجتەثدا، چونکە چوارەمی وەستاو، کە فێکەیە لەم جوزئەدا، ناوەڕاستی وەتەدی بڵاوی (تفع)یە، تەییش تایبەتە بەدووەمی سەبەبی سووک ناچێتە سەر وەتەد. (مستفع لن) لە خەفیفدا بەخەبن و قەصر دەبێ بە(فعولن) نەوەک بەخەبن و قەطع، چونکە قەطع لە ئەوتاددا دەبێ، بەڵام قەصر لە سەبەبدا.

٦- (فاعلاتن) بەخەبن دەبێ بە(فعلاتن) بەکەف دەبێ بە(فاعلات) بەشەکل (خەبن + کەف) دەبێ بە(فعلات = ب ب - ب). بەڵام (فاعلاتن)ی ضەرب، کەف و شەکلی دروست نییە.



٧- (مستفع لن) بەخەبن دەبێ بە(مفاعلن) بەکەف دەبێ بە(مستفع ل = - - ب ب) بەشەکل دەبێ بە(متفع ل = ب - ب ب) = (مفاعل) لەم (مستفع لن)ەدا، تەی و خەبل دروست نییە، چونکە بریتییە لە (سەبەبی سووک + وەتەدی بڵاو + سەبەبی سووک) دەی تەی و خەبل دەچنە سەر چوارەمی پێ بەمەرجێ سەبەبی سووک بێ، بەڵام لێرەدا چوارەمی پێ ناوەڕاستی وەتەدی بڵاوە.

**(دوازدەهەم: دەریای مضارع = بەحری موزاریع):**

١- موزاریع، واتە: موشابیهـ، موشابیهیش، واتە: لە یەکترچوو: لێچوو، موزاریعیش لە خەفیف دەچێ، چونکە وەک ئەو یەکێ لە پێکانی خاوەنی وەتەدی کۆیەکە (مفاعیلن)ە و، یەکێکیشیان وەتەدی بڵاوە کە (فاع لاتن).

٢- دەریای چوارەمە لە بازنەی موشتەبەهـ، لە دەریا تێکەڵە حەوتینەکانە، ئاوا: (مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن × ٢).

٣- هەمیشە بەمەجزووئی هاتووە: (مفاعیلن فاع لاتن) یەک عەروض و یەک ضەربی هەیە، کە مەجزوئی ساغن ئاوا: (فاعلاتن × فاعلاتن - ١ -).

٤- گۆڕانکارییەکانی:

١- کەف ٢- قەبز ٣- خەرم ٤- شەتر ٥- خەرب.

٥- لە نێوانی قەبز و کەفی (مفاعیلن)دا موراقەبە هەیە، کەف لە عەرووز و زەربەکەیدا دروستە.

**(سیازدەهەم: دەریای موقتەزەب):**

١- دەریای پێنجەمە لە بازنەی چوارەم، کە موشتەبەهە، بۆیە وای پێ دەگوترێ، چونکە موقتەضەب واتە: داڕنراو، ئەمیش لە دەریای مونسەریح داتاشراوە، ئاوا: مونسەریح لە ئەصڵی دەریاکەییدا ئاوایە: (مستفعلن مفعولات مستفعلن) ×٢. جا موقتەضەبی ئاوا لێ داتاشراوە، پێی یەکەمی فڕە دراوە و کراوە بە(مفعولات مستفعلن) ×٢ بووە بەموقتەزەب!

٢- لە دەریا تێکەڵە حەوتییەکانە، هەمیشە بەمەجزووئی دێ، وەک موزاریع و موجتەس، ژمارەی پیتەکانی هەمیشە بیست و چوار پیتن، نە زیاد دەکەن نە کەم.

٣- گۆڕانکارییەکانی:

١- خەبن ٢- تەی

٤- تەی لە عەرووز و زەربیدا نەگۆڕە.

٥- یەک عەرووز و یەک زەربی هەیە، هەردووکیان مەجزوئی مەطوی نەگۆڕن ئاوا: (مفتعلن × مفتعلن - ١ -).

٦- خەبن و تەی لە (مفعولات)دا موراقەبەیان لە نێواندا هەیە، واتە: دەبێ یا (مفاعیل) بێ، یا (فاعلات) بێ. زۆر زۆر بەدەگمەن (مفعولات) هاتووە.

**(چواردەهەم: دەریای موجتەس):**

١- دەریای شەشەمە لە بازنەی چوارەم، کە موشتەبەهە، بۆیە پێی دەگوترێ: (موجتەث = موجتەس) چونکە لە خەفیف داتاشراوە، موجتەسیش واتە: داتاشراو. پێی یەکەم لە خەفیف فڕێدراوە کە (فاعلاتن)ە، ماوەتەوە (مستفع لن) + (فاعلاتن)وە بووە بە(موجتەس = مجتث).

٢- موجتەث هەمیشە بەمەجزووئی هاتووە، مەگەر چۆنها.

٣- زیحافەکانی:

١- خەبن ٢- کەف ٣- شەکل ٤- حەذف ٥- تەشعیث.

٤- موجتەث یەک عەرووزی مەجزوئی صەحیحی هەیە، لەگەڵ یەک زەربی وەک خۆی (فاعلاتن × فاعلاتن - ١ -).

٥- هەندێ دەفەرموون: دوو عەرووز و دوو زەربی تری هەیە:

١- مەحذوف لەگەڵ مەحذوفدا (فاعلن × فاعلن - ٢ -).

٢- مەحذوفی مەخبون، زەربەکەی وەک خۆی (فعلن × فعلن - ٣ -).

٦- موعاقەبە هەیە لە نێوانی نوونی (مستفع لن)ی حەشودا و ئەلفی (فاعلاتن)ی عەرووزدا، لە نیوە دێڕی یەکەمدا، وە هەروەها لە نێوانی نوونی (فاعلاتن)ی عەرووز و سینی (مستفع لن)ی حەشوی سەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا.

**(پازدەهەم: دەریای موتەقارەب):**

١- دەریای یەکەمە لە بازنەی پێنجەم، کە بازنەی موتتەفیقە، متفق وشەیەکی عەرەبییە، بەواتا: ڕێک و تەبا و کۆک، بۆیە وای پێ گوتراوە، چونکە پێیەکانی هەموو



پێنجین و وەکو یەکن، کە بریتین لە هەشت جار (فعولن) لە یەک دێڕدا. لە دەریا سافەکانە، تەواو و مەجزووئی هەیە.

٢- گۆڕانکارییەکانی:

١- قەبز ٢- حەذف ٣- خەرم ٤- ثەلم ٥- ثەرم ٦- قەصر ٧- بەتر ٨- قەطع.

٣- دوو عەرووز و شەش زەربی هەیە:

یەکەم: ساخ، چوار زەربی هەیە:

١- ساخ وەک خۆی: (فعولن × فعولن - ١ -).

٢- مەقصور: (فعولن × فعول = ب - - × ب -ْ = - ٢ -).

٣- مەحذوف: (فعولن × فعل = ب - - × ن - = - ٣ -).

٤- ئەبتەر: (فعولن × فل = ب - - × - = - ٤ -).

دووەم: مەجزووئی مەحذووف، دوو زەربی هەیە:

١- وەک خۆی: (فعل × فعل = ب - × ب - = - ٥ -).

٢- ئەبتەر: (فعل × فع = ب - × - = - ٦ -).

**(شازدەم: دەریای موتەدارەک):**

١- دەریای دووەمە لە بازنەی پێنجەم، ئاخر دەریایە لە دەریا خەلیلییەکان، دەق هەڵگەڕانەوەی (فعولن)ە، ئاوا: (لن فعو = فاعلن) لە دەریا سافە پێنجینەکانە، دەکاتە (فاعلن) هەشت جار لە یەک دێڕدا، چوار بەچوار لە هەریەک لە دوو لەتەکەیدا.

٢- موتەدارەک، واتە: بەسەرگرتنەوە، بەپەرێزدا چوونەوە، بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە لە بەحرەکانی خەلیل خۆیدا نەبووە، ئەخفەش بەسەری گرتۆتەوە و، چەسپاندوویەتی، بەدوو شێوە دەخوێنرێتەوە (موتەدارەک) بەسەری ڕێ و، (موتەداریک) بەژێری ڕێ، چونکە موتەقارەبی گرتۆتەوە و پێی گەیشتووە!.

٣- گۆڕانکارییەکانی:

١- خەبن ٢- تەرفیل ٣- تەذییل ٤- تەشعیث ٥- قەطع

٤- دوو عەرووز و چوار زەربی هەیە:

یەکەم: تەواوی ساخ، یەک زەربی هەیە وەک خۆی: (فاعلن × فاعلن - ١ -).

دووەم: مەجزوئی ساخ، سێ زەربی هەیە:

١- مورەففەل: (فاعلن × فاعلاتن – ٢ –).

٢- موزال: (فاعلن × فاعلان – ٣ –).

٣- ساخ: (فاعلن × فاعلن – ٤ –).

**١٤- لیستی بازنەکان و ئەو بەحرانەی کە سەر بەو بازنەن:**

**(بازنەکان):**

دائیرە عەرووزییەکان پێنج دائیرەن، بەکوردی پێیان دەگوترێ: بازنە عەرووزییەکان، هەیشە پێیان دەڵێ: جەغزی کێشەکان – دائرة البحور – ئێمە لێرەدا وەک لیست قسەیان لێ دەکەین، دەڵێین: پێنج بازنەن:

١- موختەلیف ٢- موئتەلیف ٣- موجتەلەب ٤- موشتەبەه ٥- موتتەفیق.

یەکەم: موختەلیف: سێ کێش (بەحر) سەر بەم بازنەیەیە:

١- تەویل ٢- مەدید ٣- بەسیت.

دووەم: موئتەلیف: دوو کێش:

١- وافیر ٢- کامیل.

سێیەم: موجتەلەب: سێ کێش:

١- هەزەج ٢- رەجەز ٣- رەمەل

چوارەم: موشتەبەه: شەش کێش:

١- سەریع ٢- مونسەریح ٣- خەفیف ٤- موزاریع ٥- موقتەزەب ٦- موجتەث.

پێنجەم: موتتەفیق: دوو کێش:

١- موتەقارەب ٢- موتەدارەک.

(تێبینی): لەبەر ئەوەی زانایانی کێشزانی، لەسەر ژمارە و زنجیرەی عەرووز و زەربەکانی هەر بەحرێ یەک نین، ئەو ئاماژانەی کە لەم پەڕاوەدا، لەم لایانانەوە کراوە، بەپێی ئەو ژمارە و زنجیرە و لیستانەیە کە لەم کتێبە خۆیدا چەسپ کراون، بەڵام زۆرینەی ژمارەی عەرووز و زەربەکان لەم کتێبەدا، بەپێی پەڕاوە ناودارەکانی کێشزانی داڕێژراون.



**١- (کێشی تەویل):**

(بڕوانە: لیستی بەحرەکان و تایبەتمەندی و زیحافی بەحری تەویل).

کێش –بەحر–ی تەویل سەر بەبازنەی یەکەمە، کە بازنەی موختەلیفە، لەناو بازنەی خۆیدا هەشت (پێ)ی هەیە، بەم شێوەیەیە:

| حەشو (ناواخن) | | | عەروز |
|---|---|---|---|
| ١- فَعُولُنْ | ٢- مَفَاعِیلُنْ | ٣- فعولن | ٤- مَفَاعیلن |
| ب -- | ب--- | ب-- | ب--- |

| حەشو (ناواخن) | | | عەروز |
|---|---|---|---|
| ٥- فعولن | ٦- مفاعیلن | ٧- فَعُولُنْ | ٨- مَفَاعِیلُنْ |
| ب -- | ب--- | ب-- | ب--- |

جارێ پێش ئەوەی کە دەست بکەین بەڕاهێنان و شیکردنەوە و نموونە هێنانەوە بۆ قالبەکانی کێشی تەویل، چەند سەرنجێکی گرنگ، بەشێوەیەکی گشتی، سەبارەت بەهۆنینەوەی هۆنراو، بەپێی ئەم بەحرانە و جۆرەکانیان تۆمار بکەین، هەتا ئەم سەرنجانە ببن بەماموستایێ بۆ فێرخواز، هەر کاتێ بەگوێیان بکا، بەئاسانی دەتوانێ زاڵ بێ بەسەر ئەرکەکەی خۆیدا:

١- کۆنترۆڵکردنی نووسینی عەرووزی (ضبط خط العروض) وەک لە پێشەوە بەدوورودرێژی ڕوونمان کردەوە.

٢- کۆنترۆڵکردنی بڕگەی عەرووزی، بەهەموو جۆرەکانیەوە، بەتایبەتی چۆنێتیی بڕگەی عەرەبی و بڕگەی کوردی و چۆنێتیی جیاوازی لە نێوانیاندا، وەک لە پێشەوە ڕۆیشت.

٣- پێ لە چی دروست دەبێ؟ وەک دەزانین لە سەبەب و وەتەد و فاصیلە.

٤- لەبەرکردنی دە پێ بنەڕەتییەکان، وەک لە (أصول التفاعیل)دا باس کران. وە زانینی ئەو پارچانەی کە پێکەی لێ دروست دەبێ، ئاوا: (فاعلن = سەبەبی سووک + وەتەدی کۆ... هەروا ئەوانی تر).

٥- تێگەیشتنی تەواو لە زیحاف و لە عیللەکان، وە چۆن چۆنی لە پێیەکاندا پیادە دەکرێن، وەک خەبن و قەبز و حەذف و کەسف... تاد.

٦- ڕەوانکردنی زاراوەکان، وەک مەجزوء چییە؟ تەشطیر چییە؟ مەنهووک چییە؟ موعاقەبە چییە؟ تەصریع چییە، هەروا عەرووز و زەرب و جۆرەکانیان و پارچەکانی دێڕ، وەک حەشو و لەت و صەدر و عەجز و ڕەوی و سەروا... تاد.

٧- گرنگی تەواو بەفێربوونی تەقطیع (پارە پارەکردن) و پارچە پارچەکردن بدا.

٨- فێربوونی بەکارهێنانی هێما (ڕەمز) لەجیاتی پیت، کە ئێمە - بەپشتی خودا - لە سەراسەری ئەم کتێبەدا، لە کاتی پارە پارەکردن و دانانی هێما بۆ پیتەکان، ئەم یاسایە پەیڕەو دەکەین:

آ- لە ژێر هەموو پیتێکی بزواودا، کە پیتی وەستاوی لە دواوە نەبێ ( ) نوونێکی بێ نوختە دادەنێین، ئاوا: (سەبەتە = ب ب ب) یا (ذهب = ب ب ب).

ب- بەرابەر هەموو پیتێکی بزواو، کە پیتی وەستاوی لە دواوە بێ، هێڵێکی درێژکوولەی ئاوا: (ـــــ) دادەنێین، وەک: (قال = - ن).

٩- لەم پەڕاوەدا لەکێش (میزان)دا، نەک لە کێشراو (مەوزون)دا، ئەم خاڵانە ڕەچاو دەکرێن:

آ- هەمیشە تەنوینی پێیەکانی کێش بەنوونی وەستاو دەنووسرێ ئاوا: (فعولن، فاعلن، مستفعلن... تاد). قە نانووسین: (فاعلات) وە ئاوا بیخوێنینەوە: (فاعلاتن).

ب- هەر پێیەکی تەرازوو ئاخرەکەی تەنوینی پێوە نەبوو، ئەوە بەبێ تەنوین دەخوێنرێتەوە، وەک (فعول = ب - ب = فەعولو. مفاعیل = ب - - ب).

ج- زۆربەی کات بڕگەی کوردی لە تەراووزدا دەق وەک بڕگەی عەرەبی دەنووسرێ، با ژمارەی پیتە وەستاوەکانیشی لە یەک زیاتر بێ، ئاوا: (سە = ب، بە = ب، تە = ب = سەبەتە) یا (ئاو = -) یا (مانگ = -°°)... تاد.

١٠- وەک زانراوە ئەو کێش و قاڵبانەی کە خەلیل لە شیعری عەرەبیدا بڕیاری لەسەر داون (٣٦) عەرووز و (٦٦) زەربە، سەر بە(١٦) بەحرن، کە لە پێنج بازنە هەڵێنجراون، وە هەروەها هەموو کێشە نوێکانی تر، چ کوردی، چ عەرەبی، چ بەزمانێ تر، سەرچاوەی دروستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ پیادەکردنی زیحاف و عیللە و ڕیزکردنی ئەو پێیانە و پاش و پێش پێ کردنیان لە ناو دێڕدا و، لە ناو دەریا نوێکاندا. وەک بەبەراورد لەمەودوا ئەمە دەچەسپێ و دەسەلمێ. ئەو گۆڕانکارییەی کە بەم شێوەیە بەسەر ئەم پێیەیانەدا دێ، کارێکی وای کردووە کە بەهەزاران چامە و، بەملیارەها هەڵبەست، بەگشت زمانێ



بگوترێ، وە چۆن ئاوی دەریا کۆتایی نایێ، شیعری ئەم دەریایانەیش قەت کۆتایی نایێ!.

١١- ئەوەیش بزانین کە ئەم ناو و زاراوانە هەموویان داتاشراون، لە حەقیقەتدا شتێ وا نییە کە ئەمانە بەپێی وەضعی لۆغەت بۆ ئەم مەبەستانە دانرا بن، بەڵکو ئەمانیش وەک ناو و زاراوەکانی زانستەکانی تر - وەک نەحو و صەرف و ڕێزمان و ڕێنووس و ڕەوانبێژی و... تاد - استعمالێکی خاصّ و تایبەتن، لەبەر ئەوە دەتوانرێ ناو و زاراوی تریان لێ بنرێ. بەڵکو دەتوانرێ استغنایان لێ بکرێ، لە ڕێگەی هێما و کۆمپیتەر و جەدوەل و نەخشە و شتی تری واوە.

١٢- تکایە چاوی بخشێنرێتەوە، بەم شوێن و زاراوانەدا:

(البیت، هێڵکاری بەیتێکی شەش پارچەیی لە -البیت-دا، هەتا کۆتایی هەموو جۆرەکانی بەیت، کە بەیتی موزاحەفە. هەروا: جزء، مجزوء، نهک، شطر، مشطور، عروض، ضرب، حەشو، سبب، وتد، زحاف، علّة، فاصله، صدر، البیت، المصراع، جەدوەلەکانی زیحاف و عیللەکان، تەقطیع، مراقبە، معاقبە، سالم، صحیح... تاد).

١٣- ئەمەیش دیسان کورتەیەکی پوختی دەستوورەکانی هۆنینەوەی هۆنراو، لەسەر کێشی دەریای تەویل:

١- بەیتی سالم و صەحیحی هەیە، مەجزوء و مەشطور و مەنهوکی نییە.

٢- یەک عەرووز و سێ زەربی هەیە، لەکاتی تەصریعا دوو جۆری تری عەرووز دروست دەبێ.

٣- زیحاف و عیلە (گۆڕانکارییە)کانی:

١- قەبز ٢- کەف ٣- حەذف ٤- خەرم ٥- ثەرم ٦- ثەلم.

٤- لە نێوانی نوون (کەف) و یێ (قەبز)ی (مفاعیلن)دا، نۆرەکرتێ هەیە، واتە: دەبێ یا (مفاعیلن) بێ بەساخی، یا (مفاعلن) بێ بەقەبزکراوی، یان (مفاعیل ب - - ب) بێ بەکەفکراوی، بەڵام (مفاعل ب - ب ب)ی قەبز و کەفکراو لە یەک کاتدا دروست نییە.

٥- شیکردنەوەی زیحافەکانی:

١- قەبز لە تەویلدا فڕێدانی نوونی (فعولن) یا فڕێدانی (ی)ی (مفاعیلن)ە، کە پیتی پێنجەمی وەستاوی دووەمی سەبەبی سووکن، لە پاش قەبزکردن ئاوایان لێ دێ: (فعول ب - ب) و (مفاعلن ب - ب -). لە تەویلدا گشت (فعولن)ی قەبز دەکرێ، تەنیا

(فعولن)ی زەربی سێیەم نەبێ، کە مەحذوفی (مفاعیلن)ە، وە گشت (مفاعیلن)ێ قەبزی دروستە، تەنیا (مفاعیلن)ی زەربی یەکەم نەبێ، کە دەبێ ئەم پێیەیە بەساخی بمێنێتەوە، هەتا نیشانەی جیاوازی زەربی یەکەم و دووەم بێ، بەڵام قەبزی (مفاعیلن) زۆر باو نییە!

٢- کەف لە تەویلدا فڕێدانی نوونی (مفاعیلن)ە، کە پیتی حەوتەمە و وەستاوی دووەمی سەبەبی سووکە، ئاوای لێ دێ (مفاعیلن ـــ مفاعیل ب - - ب) هەر چوار (مفاعیلن)ەکان کەف دەکرێن، لە پاش قەبز پێیەکە پێی دەگوترێ: (مقبوض = قەبزکراو) وە لە پاش کەفیش پێیەکە پێی دەگوترێ: (مکفوف = کەفکراو) بەڵام کەف لە (مفاعیلن)ی تەویلدا ناشیرینە.

٣- حەذف لە تەویلدا تەنیا دەچێتە سەر (مفاعیلن)ی زەربی سێیەم و بەس، سەبەبی سووکی لێ دەکرێ دەبێ بە(مفاعیلن ـــ مفاعی) دەگوێزرێتەوە بۆ (فعولن = ب - -). حەذف عیللەتێکی نەگۆڕە، پێویستە لە سەردێڕەوە هەتا دوا دێڕی هۆنراو ڕەچاو بکرێ.

٤- هەموو (فعولن)ێ کە لە سەرەتای دێڕەوە بێ، خەرمی دروستە (بڕ: خرم)، پاش خەرم - واتە: پاش لابردنی پیتی یەکەمی - دەبێ بە(عولن) نەقڵ دەکرێ بۆ (فعلن - -) وە پێی دەگوترێ پێی ئەثلەم، یا دێڕی ئەثلەم، یا (فعولن) ئەثلەم.

٥- ثەرم بریتییە لە خەرمی (فعول ب - ب)ی قەبزکراو، ئاوا (فعولن) بەقەبز دەبێ بە(فعول ب - ب) ئەوجا بەخەرم دەبێ بە(عول - ب) دەگوێزرێتەوە بۆ (فعل - ب) وە پێی دەگوترێ: (پێ/ دێڕ -ی ئەثرەم).

٦- هەر پێیەک چ لە تەویل و چ لە بەحرەکانی تردا، ڕزگاری ببێ لە خەرم پێی دەگوترێ (موفور).

٧- ئەگەر سەرنج بفەرموون دەبینین گۆڕانکارییەکانی بەحری تەویل، لە چەند جۆرن هەیانە زیحافی تاکە، وەک (قەبز و کەف) وە هەیانە عیللەی نەگۆڕە، لە جۆری کەمی، وەک (حەذف) هەیانە عیللەی زیحافانەیە و بگۆڕە و نەگۆڕ نییە، وەک (خەرم و ثەرم و ثەلم) هەیانە زیحافی ڕووتە، واتە: لە دێڕێکا ڕوودەدا، لە دێڕەکەی تردا ڕوونادا، لە یەک دێڕدا لە پێیەکیدا ڕوودەدا، لە پێیەکی تریدا ڕوونادات، بەڵام هەیانە زیحافی لە جۆری عیللەی نەگۆڕە، وەک قەبز لە عەرووزی هەرسێ زەربەکەدا و قەبز لە زەربی دووەمدا.

٨- تەصریع لە تەویلدا بەدوو جۆر دەبێ:

١- بەزیادە (بڕوانە ٢٢ - البیت - ٩ - بەیتی موصەررەع).



٢- بەکەمی: لە زەربی دووەمدا تەصریع پێویست نییە، لە عەرووزی زەربی یەکەمدا، تەصریع بەزیادە دروست دەبێ، لە عەرووزی زەربی سێیەمیدا تەصریع بەزیادە دروست دەبێ.

٩- نەگۆڕ ئەوەیە ئەو گۆڕان و گۆڕینە، کە لە دێڕدا هەبوو، دەبێ لە هەموو دێڕەکانی دوایەوە دووبارە ببێتەوە، وەک قەبزی عەرووز لە تەویلدا، وەک حەزفی زەربی سێیەم.

١٠- تەویل یەک عەرووز و سێ زەربی هەیە:

یەکەم: عەرووزەکەی پێویستە هەمیشە قەبزکراو بێ ئاوا: (مفاعلن ب - ب -) مەگەر لە کاتی تەصریعا، لە یەکەما دەبێ بە(مفاعیلن) و لە سێیەمدا دەبێ بە(فعولن) سێ زەربی هەیە:

١- عەرووزی مەقبوز و زەربی صەحیح (ساخ): (مفاعلن × مفاعیلن) لەسەر ئەم شێوەیە:

فَعُولُن مَفَاعیلن فعولن مفاعِلُنْ

فعولن مفاعیلن فعولن مَفَاعیلن

ئەم کێشە پێی دەگوترێ: تەویلی یەکەم، یا یەکەمی تەویل، وەک:

فَيَا سَعْدُ حَدِّثْنِي بِأَخْبَارِ مَنْ مَضَى

فَأَنْتَ خَبِيرٌ بِالأَحَادِيثِ يَا سَعْدُ!

ئاوا تەقطیع و شی دەکرێتەوە:

فَيَاسَعْ: دُحَدْدِثْنِي: بِأَخْبَا : رِمَنْمَضَى

ب--: ب ---: ب-- : ب-ب -

فَعُولُنْ: مَفَاعيلن : فَعُولُنْ : مَفَاعِلُنْ

فَأَنْتَ : خَبِيرُبِلْ : أَحَادِي: ثِيَاسَعْدُو

ب-ب: ب--- : ب--: ب---

فَعُولُ: مَفَاعِيلُنْ: فَعُولُنْ: مَفَاعِيلُنْ

دەبینین بریتییە لە دوو پێ کە (فعولن) و (مفاعیلن)ن، بەڵام چوار جار دووبارە بوونەتەوە، وە هەستیار دەتوانێ بەپێی ڕێسایەکی ناسراو، چەند گۆڕان و گۆڕینێ لەم پێیانەدا پیادە بکا، بەوێنە لەم دێڕەدا (فعولن)ی یەکەم و دووەم و چوارەم ساخن، بەڵام

(فعولن)ی سێیەم، کە پێی ژمارە پێنجە لە دێڕەکەدا، قەبزکراوە، لە (فعولن)ەوە بووە بە(فعول ب – ب). دەی هەستیار دەتوانێ لە دێڕێکی تری پاش ئەم دێڕەوە (فعولن)ی پێنجەم بەساخی پیادە بکا، قەبزی (فعولن)ەکانی تر بکا یان نەیانکا، هەروا (مفاعیلن) دروستە کە قەبز یا کەف بکرێ.

قەبز لە تەویلدا زۆرە و پەسەندە، بەڵام لە (مفاعیلن)ی حەشودا ناپەسەندە، گەرچی دروستە. عەرووز و زەربی ئەم دێڕەی پێشەوە صەحیحن، چونکە خاڵین لە عیللە، بگرە زەربەکەی سالمیشە چونکە خاڵییە لە عیللە و لە زیحافیش.

ئەم قاڵبە – کە تەویلی یەکەمە – لە کاتی تەصریعا، بەزیادە تەصریع دەکرێ، چونکە دەبێ (ی)ێک لە (مفاعلن)ی عەرووز زیاد بکرێ، هەتا ببێ بە(مفاعیلن) تا دەق لەسەر کێشی زەربەکەی بێ، لە تەصریعا هەر ئەوە بەس نییە کە عەرووز و زەرب هاوکێش بن و بەس، بەڵکو دەبێ هاوسەروا و هاوڕەویش بن، وەک ئەم دێڕە (تەویلی یەکەمی تەسریعکراو):

هُوَ البين حَتَّى لاسلام وَلاَ رَدُّ

وَلاَ نظرةٌ يَقْضِى بهَا حَقَّهُ اْلوَجْدُ

هُوَلْبَىْ: نُحَتْتَى لا: سَلاَمُنْ: وَلاَرَدْدُوَ

ب--: ب -- -: ب --: ب ---

فعولن: مفاعیلن: فعولن: مفاعیلن

وَلاَنَظْ: رَتُنْ يَقْضِى: بِهَا حَقْ: قَهَلْوَجْدُو

ب--: ب --- : ب --: ب ---

فعولن: مفاعیلن : فعولن: مفاعیلن

(بڕوانە: ٢٢ -البیت- بەیتی موصەرڕەع)

ئەم جۆرە دێڕە پێشی دەگوترێ: (بەیتی تامّ) چونکە تەواوی ژمارەی پێیەکانی ئەم زەربەی بەساخی وا تیادا، وە پێیەکانیشی هەموو سالمن، واتە: ساخن، چونکە هیچ گۆڕانکارییەکیان تیادا نییە، وە پێی (فعولن)ی یەکەم و پێی (فعولن)ی سێیەم پێیان دەگوترێ (موفور) چونکە لە خەرم ڕزگار بوون!

تەصریع بەکورتی ئەوەیە: (هەستیا کێش و سەروای عەرووز و زەرب یەکسان بکا، لەسەر دێڕی هۆنراودا، بەمەرجێ عەرووز و زەربەکە بەپێی قاڵبی بەحرەکە کێشیان لە



یەکتر جیا بێ، دەنا ئەگەر کێشیان لە یەکتر جیا نەبوو، وەکو دووەمی تەویل، ئەوە پێویستیان بەتەصریع نییە، تەنیا پێویستیان بەتەقفیەیە و بەس).

(تێبینی): دروست نییە تەصریع بەس کێش بێ، ئەگەر شتی وا بوو، شاذە، بگرە عەرووزی تەواو لە تەویلا لە غەیری کاتی تەصریعدا شاذە، وەک:

وَنَحْنُ ضَرَبْنَا اْلخَيْـلَ يَوْمَ نَهَاوَنْدَ     وَقَدْ أحْجَمَتْ عَنَّا اللُّيُوثُ الضَّرَاغم

فعول: مفاعیلن: فعولن: مفاعیلن     فعولن: مفاعیلن: فعولن: مفاعلن

٢- زەربی دووەم وەک عەرووزەکەی مەقبووضە، ئاوا: (مفاعلن × مفاعلن). وەک نامی دەفەرمووێ:

شەریفە و لەطیفە و بێ میثالە لە عالەما     نەجیبە و ئەریبە و خۆش خیصالە لە ئادەما

فعولن : مفاعیلن : فعول: مفاعلن فعولن : مفاعیلن: فعول : مفاعلن

ب --: ب --- : ب-ب: ب-ب- ب --: ب ---: ب-ب: ب – ب –

شَرِيفَوْ: لَطِيفَوْ بِى: مِثَالَ: لَعَالَمَا نَجِيبَوْ : أرِيبَوْخُشْ : خِصَالَ : لآدَمَا

ئەم دێڕە قافیەدارە، چونکە کێش و سەروا و ڕەوی عەرووز و زەربەکەی، بەسروشت، بەبێ گۆڕانکاری و دەسکاری کێشەکەی وەک یەکن. دووەمی تەویل پێویستی بەتەصریع نییە، بەڵام وا جوانە کە سەردێڕ سەروادار بکرێ (بڕ: بەیتی موصەرڕەع، لە -البیت-دا) بەڵام دروستە تەقفیەیش نەکرێ و موخەممەع بێ (ر: تخمیع).

لەم زەربی دووەمەدا ڕەچاو دەکەین کە (فعولن)ی دووەم و (فعولن)ی چوارەم قەبز کراون، شتی وایش لە حەشوی ئەم بەحرەدا دروستە، بەڵام بگۆڕە، نەک نەگۆڕ، وە ڕەچاو دەکرێ کە عەرووز و زەرب هەردووکیان قەبز کراون، هەر کاتێ زەرب وەک عەرووز مەقبوز بووە، ئەوە تەویلی دووەمە، ئیتر دەبێ لەسەراسەری هەموو دێڕەکانی تری ئەو چامەیەدا پەیڕەو بکرێ.

نالی – ڕەحمەتی خودای لێ بێ – چامەیەکی نۆ دێڕیی موقەففای لەسەر ئەم کێشی دووەمی تەویلە داناوە، هەتا ئێستا چەند جارێ استشهادمان بەدێڕەکانی کردووە و کردوومانن بەبەڵگە بۆ زۆر شت (بڕ: دیوانی نالی، پیتی هێ، چامەی ژمارە پێنج لاپەڕە (٤٠٣) مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودرس و مامۆستا مەلا فاتح).

٣- زەربی سێیەم مەحذوفە ئاوا: (مفاعلن × فعولن)، وەک:

وَلاَ خَيْرَ في مَنْ لاَ يُـوَطِّـنُ نَفْسَــهُ     عَلَى نَائِبَاتِ الدَّهْــرِ حِينَ تَنُوبُ

ب--: ب---: ب-ب: ب-ب-:     ب--: ب---: ب-ب: ب--

وَلاَخَيْ: رَفِيمَنْ لاَ: يُوَطْطِ: نُنَفْسَهُو     عَلَى نَا: ئِبَاتِدْدَهْ: رِحِينَ: تَنُوبُو

ئەم زەربە لە کاتی تەصریع کردندا بەکەمی تەصریع دەکرێ، دوا سەبەبی سووک کە (لن)ە لە (مفاعیلن)ی زەربدا، کە (مفاعلن)ی چوارەمە و پێی هەشتەمە، بەهۆی عیللەی حەذفەوە دەکرێ لە (مفاعیلن)ەوە دەبێ بە(مفاعی ـــ فعولن). وەک

يَمُدُّ الدُّجى في لَوْعَتِي وَيَزِيدُ

وَيُبْدِئُ بَثِّي في الْهَوَى وَيُعِيدُ

پارە پارەکردنی:

يَمُدْدُدْ: دُجَى في لَوْ: عَتِيوَ : يَزِيدُو

ب--: ب---     : ب-ب: ب--

فعولن: مفاعیلن : فعول : فعولن

وَيُبْدِ : ئُبَثْثِيْ فِلْ: هَواوَ : يُعِيدُو

ب-ب: ب---   : ب-ب: ب--

فعول : مفاعیلن : فعول : فعولن

قەبز لە (فعولن)ی پێش زەربی سێیەمدا، کە دەکاتە پێی حەوتەم، نیمچە پێویستە بەوە دەگوترێ: (اعتماد) بەڵام جاروبار ئەم پێیە بەساڵمی دەمێنێ، وەک ئەم شیعرەی (امرئ القیس):

أعِنِّي عَلَى بَرْقٍ أَرَاهُ وَمِيضٍ     يُضِيءُ حَبِيًّا في شَمَارِيخَ بيضِ

شیکردنەوە:

فعولن. مفاعیلن. فعول. فعولن     فعول. مفاعیلن. فَعُولُنْ. فَعُولُنْ

لە زەربی سێیەمی تەویلدا ریدف پەیڕەوی دەکرێ، وەک: لە (تنوب) و (یعید) و (بیض)یدا ڕەچاو دەکرێ، هەروا لە دووەمی تەویلدا، سەروای داخراو (موقەیید) پەسەندە، بەڵام لە یەکەما سەروای کراوە (موطڵەق) پەسەندە، بگرە لە یەکەما ئەگەر سەروای موقەییەد هەبێ شازە. تەویل هەتا ئێستایش لە کوردی و فارسی و تورکیدا زۆر کەمە، چونکە گیانی سەما و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و بزوان بەسەر هەستی هەستیارانی ئەم



زەمانانەدا زاڵە، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێمەدا، سەرەڕای ئەوەیش کە ئاهەنگی ئەم زەمانانە لەگەڵ ئاهەنگی کێشی درێژی تەویلا زۆر پێکەوە ناسازین و جۆش ناخۆن، بەڵام بەپێچەوانەوە لە عەرەبیدا هەر زۆر زۆرە.

هەندێکیش دەفەرموون: زەربێکی چوارەمیشی هەیە، کە موقەییەد بەسکوونە، وەک:

سَيُغْنِي أَبَا الهِنْدِيِّ عَنْ وَطْبِ سَالِمٍ     أَبَارِيقُ لَمْ يَعْلَقْ بِهَا وَضَرُ الزَّيْتْ

بەقسەی ئەم هەندە بێ، جێگەی ئەم زەربە لە بەینی زەربی دووەم و سێیەمدایە، چونکە: پێی زەربی یەکەم کە (مفاعیلن)ە، ساخ و تەواوە هیچی کەم نەکردووە، دووەم یەک پیتی وەستاوی کەم کردووە کە (ی)ی (مفاعیلن ـــ مفاعلن)ە، سێیەم کە ئەم زەربە موقەییەد بەسکوونەیە، پیتێکی وەستاو و بزوێنێکی کەم کردووە، چوارەم پیتێکی وەستاو و پیتێکی بزواوی کەم کردووە (مفاعیلن ـــ مفاعی ـــ فعولن).

ئیبنو رەشیق لە (العمدة)دا دەفەرموێ: (تەویل مُسَدَّسی مُحْدَثی هەیە، واتە: لە هەر لەتێ (مفاعیلن)ێکی لێ دەکرێ، لە هەشت پێ شەش پێ دەمێنێ).

(تێبینی):

١- مەرج نییە هەموو هۆنراوێ کە لە بەحری تەویل بێ، یا لە هەر بەحرێکی تر بێ، لەسەر شێوەی چامە بێ و یەکێتیی سەروا لە هەموو دێڕەکانیدا ڕەچاو بکرێ، چونکە ئەمە بەس لە چامەدا مەرجە، لە هەر بەحرێ بێ، بەڵکو دروستە هۆنراو هەبێ لەسەر کێشی تەویل بێ و لەسەر شێوەی موزدەوەج بێ. وەک ئەم هۆنراوانەی مامۆستای نامی – خودا پایەداری بفەرموێ (تەویلی موزدەوەج):

صەلاتێ کە لایەق بێ بەذاتی مونەووەری
سەلامێ کە لایەق بێ، بەرەوضەی موعەططەری
لەسەر ئەو رەسوولەی وا نەسیب و حەبیبە خۆی
رەسوولێ خودا دنیای دروست کردووە لە بۆی
بەصوورەت لە نەوعی ئادەمیدایە هەیئەتی
بەسیرەت فریشتەی فەرشە یا عەرشە طەلعەتی
صیفاتی وەکو زاتی هەموو پاک و بێ عەیبە
وەکو رۆحی قودسی وایە ماوای لە لای غەیبە

وە لە کاتی وادا دروستە کە هەر دێڕێکی ئەو پارچە هۆنراوە لەسەر زەربێکی تایبەتی ئەو بەحـرە بێ، ئەوەتا ئەم چوار دێڕەی نامی، یەک و دوو و سـێی لە زەربی دووەمی تەویلە، بەڵام چوارەمی موصەررەعی یەکەمی تەویلە، بڕوانە: (١١٥ – المزدوج) دەبینی کە موزدەوەجەکەی ئەحمەد شەوقی، کە چوار دێڕی لێ ڕاگوێز کراوە، دێڕی یەکەم و دێڕی سێیەمی ڕەمەلی دووەمی مەقصوری موصەررەعی ڕەمەلە، وە دێڕی دووەم و چوارەمی لە ڕەمەلی سێیەمی مەحذووفە.

٢– بۆ نموونەی تەویلی مەخرووم و تەویلی ئەثرەم بڕوانە: (٧٠ – خەرم).

٣– تەقفیە – یا هاوسەروایی – ئەوەیە عەرووز و زەرب یەک کێش و یەک سەروایان بێ، بەڵام بەبێ دەسکاری و گۆڕانکاری لە عەرووزدا، بۆ هاوکێشی لەگەڵ زەربدا، وەک لە دووەمی تەویلدا عەرووز (مفاعلن)ە، زەربیش هەر (مفاعلن)ە، هەستیار وشەی (مَعَابِد) و (مَسَاجد) بکا بەعەرووز و بەزەرب، کە هاوکێش و هاوسەروان، بەبێ زیادی و کەمی.

٤– بڕوانە: (٢٢ –البیت– ٩/٣ – بەیتی موصەررەع).

٥– بۆ خووگرتن و ڕاهاتن لەسەر شیکردنەوەی عەرووزی، لە هۆنراوی کوردیدا، ئەم دوو دێڕە پارە پارە دەکەین – واتە: تەقطیع دەکەین:

١– نالی –بەڕەحمەت بێ– دەفەرمووێ:

دەروونی لِدَارِ الشَّارَزُورِ وَبَرْدِهِ    کَفَرْمیسكٍ إِلى آوِ سَرْدِهِ

پارە پارەی:

دَرُونِی : لِدَارِشْشَا : رَزُور : وَبَرْدِهِی
ب-- : ب--- : ب-ب : ب-ب-
فَعُولُنْ : مَفَاعِیلُنْ : فَعُولُ : مَفَاعِلُنْ
کَفَرمِیْ : سَکِنْ گِرْمِنْ: إِلِی آ : وِسَرْدِهِی
ب-- : ب--- : ب-- : ب-ب-
فعولن : مفاعیلن : فَعُولُنْ : مَفَاعِلُنْ

(شیکردنەوە):

وشەی (فرمێسک) لە بنەڕەتدا، یەکسانە بەدوو بڕگەی درێژ، واتە: بەدوو سەبەبی سووک دادەنرێ: (فرمێسک – –) بەڵام بەهۆی سروشتی شیعرەکەوە، کە تەعریبی وشە



کوردییەکانە و، دانانی شیعرێکی تێکەڵە لە دوو زمان، هۆنەر هاتووە بۆ ڕاستکردنەوەی کێش، پیتی وەستاوی سینی (فرمێسک)ی بزواو کردووە و، فرمێسک لە دوو سەبەبی سووکەوە بووە بەدوو سەبەبی سووک و وەتەدێکی کۆ ئاوا: (فَرْمِیسْكْ = – –ْ ْ ـــــ فَرْمِیْسَکِنْ = ––ب– ). بەمە کێشی دێڕەکە ڕاست بۆتەوە. نالی مامەڵەی لەگەڵ وشە کوردییەکاندا، وەک وشەی عەرەبی ڕەسەن کردووە، لەبەر ئەوە حسێبی عوجمە و غەیرە مونصەریفی بۆ نەکردوون، دەنا بەشێوەیێ تر دەخوێنرانەوە، ئەم جۆرە کردارە شۆخی ئامێزە، شیعری عەرەبی ئامێز، پەخشانی عەرەبی ئامێز، هەتا ئێستایش لە ناو ئەدەبدۆستاندا باوە، ئێستا ئینگلیزی ئامێز و تورکی ئامێز و فارسی ئامێزیش پەیدا بووە، بگرە شیعری وا هەیە بەچەند شێوە، یان بەچەند زمان دەخوێنرێتەوە، لە نامەخانەی ئەوقافی سلێمانی پارچەیێ هۆنراوم بینی، بەچەند زمان و بەچەند شێوە دەخوێنرایەوە، هەر خوێندنەوەیێ واتای تایبەتی خۆی هەبوو!! بەئوفوقی و عەموودی و لە قوطرەوە بۆ قوطر و لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە ڕاستەوە بۆ چەپ و لە چەپەوە بۆ ڕاست، بەکوردی و فارسی و بەعەرەبی و بەڕووسی دەخوێنرایەوە. ئەمەیش چەند نموونەیەکە لە ئەدەبی کوردی عەرەبی ئامێز:

١– دەڵێن: جارێ مەلایێ دەیەوێ بارێ دار لە کابرایێ بکڕێ، کابرا، کەرێکی ڕەشی پێ دەبێ، مەلا ئاوا سەوای بارە دارەکەی لێ دەکا: (بابەلێ! حملی حطبی أسودت بەچەندە؟).

٢– دەڵێن: جارێ مەلایەکی کورد دەیەوێ مەلایەکی عەرەب بۆڕ بدا، پێی دەڵێ: ئەگەر ڕاستە تۆ زۆر شارەزای لە زمانی عەرەبیدا ئەمە مەعنای چییە: (رئیتُ بزنەن فَوقَ بەردن، قالت: البزن: هێڕ هێڕ!).

٣– دەگێڕنەوە بێکەس، بەبۆنەی هاتنی موعەللیمێکی مەسیحییەوە بۆ سلێمانی گوتوویەتی: ئەی سلێمانی! بوشراكِ + بِمُقَلَّمٍ أَتَاكِ + کێرم بەقوزی داکی!!

ئەوەی گرنگ بێ لێرەدا ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییەیە: (لە پێشا تێگەیشتن، لە پاشا پێگەیشتن!) جا لەم سونگەیەوە دەڵێین: (دەنگ و نەبرە و جۆر و شێوەی خوێندنەوە و گۆپێکردن، لە هۆنراوی کوردیدا بەتایبەتی، ڕۆڵ دەبینن و لە پارە پارەکردن و بەها دانان بۆ پیتدا، قسەی هەستیار دەخوا، بەمەرجێ زۆر لە سروشتی زمانی کوردییەوە دوور نەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر وشە و ڕستە، بەڕێنووس و ڕێزمانی ئاسایی دەنووسرێن، بەڵام لە کاتی شیکردنەوە و پچڕ پچڕکردندا، بەجۆرێ تر دەخوێنرێنەوە، یا دەنووسرێن، ئەمە لە

عەرەبیشدا تا ڕادەیێ هەروایە).

جا وا لەم ڕوانگەیەوە ئەم شیعرەی نامیش بەڕێنووسی کوردی و عەرەبی پێکەوە پارە پارە دەکەین. نامی -جەنابی مامۆستا شێخ عبدالکریمی مودەرریس- دەفەرموێ (تەویل):

لە دنیـــــا نەبینراوە لە وێنەی ئەتۆ کـــــەسێ

بەعەدل و بەئیحسان و بەئیکرامی سەروەری

شیکردنەوەی:

لە دنیا: نەبینراوە : لە وێنەی: ئەتۆ کەسێ

ب-- : ب--- : ب-- : ب-ب-

لَدَنْیا : نَبِنْرَاوَا : لَوِیْنَیْ : أتُوکَسِیْ

فعولن: مفاعیلن: فعول : مفاعلن

بەعەدلو: بەئیحسانو: بەئیکرا: می سەروەری

ب-- : ب--- : ب-- : ب-ب-

بَعَدْلُو : بَأحْسَانُوْ : بَأِکْرا : مِسَرْوَرِیْ

فعولن : مفاعیلن : فعولن : مفاعلن

(سەرنج): مەبەست لەم کتێبە ئاسانکردنی شیعر دانانە، بۆ کورد، لەبەر ئەوە خۆمان بەووردەکاری لاوەکییەوە خەریک ناکەین، وەک ئەوە بلێین شیعر بەئەلمانی و ڕووسی و هەندی و فەڕەنسی واوا دەهۆنرێتەوە، بەڵکو هەل دەقۆزینەوە، هەتا لە بوارەکاندا، هەستیاری کوردی تازە نەفەس، بەعەرووزی زمانەکەی خۆی ئاشنا ببێ، تا دەستی بەکار بێ. جا لەم ڕوانگەیەوە ئەمە ڕوون دەکەینەوە:

(کە بزوێن و پیتی بزوێن کە ئەمانەن: (ە، ی، و) دروستە بەدوو ڕەچاو، ڕەچاو بکرێن:

یەکەم: دروستە درێژ بکرێنەوە و کش بهێنرێن و لەگەڵ پیتە دەنگیەکەی پێشیان بڕگەیەکی درێژی لە جۆری سەبەبی سووک دروست بکەن.

دووەم: دروستیشە کە درێژ نەکرێنەوە و بەکورتی گۆیان پێ بکرێ و، ڕۆڵی حەرەکە - جووڵە -ی عەرەبی ببینن و بەس: (بڕ: ناچاریەکان/١١،١٢، ١٣، ١٩).

ئەوەتا لە شیعرەکەی نامیدا، دوا بزوێنی کورتی (نەبینراوە) درێژ کراوەتەوە، هەتا بووە بە(نەبینراوا) کە یەکسانە بە(مفاعیلن ب - - -) گەرچی دروستیشە وەک خۆی



بێنێتەوە و بەکەفکراو دابنرێ: (نەبینراوە = مفاعیل ب - - ب). هەروا بایەخ دراوە بەواوە عەطفەکان و بەپیتێکی وەستاو حلێب کراون، بەڵام هەموو پیتە بزوێنەکانی تر بەجووڵە - بەحەرەکەی ڕووت - ژمێردراون، ئەمەیش وەک لە دوو ڕێنووسەکە و کێشی ترازووەکەوە دەردەکەوێ.

جا بۆیە دەڵێین: کاتێ بمانەوێ بەحری چامەیێ، یا کێش و قاڵبی هۆنراوێ بدۆزینەوە وا باشە، شیعرێ وا هەڵبژێرین، بڕگەکانی لە پارە پارەکردندا ڕوون و ئاشکرا بن و، ئاڵۆز و خواروخێچ نەبن و لەو بڕگە و جۆرەکێشانە نەبن کە تایبەتن بەکوردییەوە، بەڵکو لە چەشنی بڕگەی عەرەبی بن.

بەنموونە: چامەی یەکەمی پیتی سینی دیوانی مەحوی، بریتییە لە نۆ دێڕ. بەڵام هیچیان وەک ئەم دێڕە، بڕگەکانی ڕوون و ئاشکرا نین:

خودا ئەم دەردی عیشقەم لێ نەکا کەم هەتا هەم بەس، لەباتیی هەر دەوا بەس

پارە پارەکەی، یا شیکردنەوەکەی:

خُدَا أمْ دَرْ : دِعِشْقَمْ لِیْ: نَکَاکَمْ

ب - - -: ب - - - : ب - -

مفاعیلن : مفاعیلن : فعولن

هَتَا هَمْ بَسْ: لَبَاتِیْ هَرْ : دَوَا بَسْ

ب - - - : ب - - -: ب - -

مفاعیلن : مفاعیلن : فعولن

ئەم کێشە خۆی وافیرە، چونکە لە هەزەجدا بەپێی عەرووزی خەلیل، دەریای هەزەج مەجزووئە، واتە: چوار پێی هەیە، مورەببەعە، نەک موسەددەس، کەچی ئەم کێشە شەش پێی هەیە، یەکێکە لە زەربە باوەکانی وافیر بەپێی عەرووزی خەلیلی، کەچی کوردەکانی خۆمان، کوێرانە ناویان ناوە: هەزەجی مەحذووف، نامی ئەم کێشەی بەوافیر داناوە، کەچی د. عەزیز گەردی بەهەڵە دایناوە بەهەڵە (بڕ: کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ل - ١٢٢، علم العروض والقافیة. د. عبدالعزیز عتیق، فن التقطیع الشعري والقافیة. د. صفاء خلوصي).

**(پاڵفتەی باسـەکە):**

دەریای تەویل یەک عەرووز و چوار زەربی هەیە:

آ- عەرووزی یەکەم قەبز کراوە، چوار زەربی هەیە، سیانیان ناسراون:

١- عەرووزی قەبزکراو و زەربی ساخ: (مفاعلن ب-ب- × مفاعیلن ب---).(١)

٢- عەرووزی قەبزکراو و زەربی قەبزکراو: (مفاعلن ب-ب-×مفاعلن ب-ب-)(٢).

٣- عەرووزی قەبزکراو و زەربی حەذفکراو: (مفاعلن ب-ب- × فعولن ب--)(٣).

٤- عـەرووزی قـەبزکـراو و زەربی مـەحـذوفی مـقـیـد بەسکوون: (مـفـاعلن ب-ب-× فعولان)(٤). ڕاستتر ئەوەیە ئەم زەربە مەقصوورە: (مفاعیلن ـــــ فعولان).

ب- هەندێ تر دەڵێن: عـەرووزێ تریشی هەیە، مـەحـذوفـە، گـوایە ئەویش دوو زەربی هەیە:

١- مەحذوف: (فعولن × فعولن). وەک:

لَقَدْ سَاءَنِي وَصَاحِبُ سَعْدٍ    وَمَا طَلَبَا لِقَتْلِهِ لغرامَهْ

٢- مەقبوز: (فعولن × مفاعلن). وەک (بڕ: **٢٣٢** - الاقعاد).

جَزَ اللّهُ عَبْساَ عَبَسَ آلِ بَغيضٍ    جزاءَ الكِلاَبِ العَاويَاتِ وَقَدْ فَعَلْ

ج- کلیلی تەویل:

١- طویـــلُ لَهُ دوُنَ البُحُورِ فَضَائـــــلُ    فعولن مفاعیلن فعولن مفاعـــل

٢- اَلاَحَيّيَا رَسْمـــآ بِدَارْينِ قَــدْ مَرَّتْ    لَهُ أعْصُرٌ منْ عَهْد كسْرى وسَابُورِ

٣- طَوِيلُ مَدَى شَوْقِي إلى خَيْرِ مَلجَاءِ    جَمَـــالُ مُحَيَّـــاهُ يَفُوقُ سَنَـايوح

**٢- (دەریای مـەدید):**

پێشەکی بڕوانە گۆڕانکارییەکانی بەحری مەدید، لە لیستی سیازدەدا/ دووەم.

١- لە بازنەی خۆیدا هەشت پێی هەیە، بەم شێوەیە:

كُلُّ شَيْخ إنْ رَأى في المَنَامِ مَا مَضَى    وَدَّ لَوْ عَادَ شَبَابُ مَعَ الصَّفْو انْقَضَى

فاعلاتن: فاعلن: فاعلاتن: فاعلن

-ب-- : -ب-: -ب--: -ب-

(١) : (٢) : (٣) : (٤)



فاعلاتن : فاعلن: فاعلاتن: فاعلن

-ب-- : -ب-: -ب-- : -ب-

(٥) : (٦) : (٧) : (٨)

من بە قوربانی کەسێ بم، بێ بەقوربانی نەبی    بێ جیاوازی لە نێوان فورس و کورد و عەرەبی

بەڵام لە شـیـعـری کـۆنی عـەرەبیـدا قـەت بەتەواوی بەکـار نەهاتـووە، چونکە هەمـیـشـە بەمەجزووئی بەکارهاتووە. ئێستایش بۆ زیادە ڕوونکردنەوە دەڵێین:

یەک و دوو و سێ و پێنج و شەش و حەوت حەشون، ژمارە چوار عەرووزە، ژمارە هەشت زەربە، لە (١) وە تا (٤) صـەدرە = نیـوە دێڕی یەکـەم = کـەرتی یەکـەم = مـیـصـراعی یەکەم.

لە ژمارە (٥)ەوە هەتا (٨) عـەجزە = نیـوە دێڕی دووەم = کەرتی دووەم = مـیـصـراعی دووەم = لەتی دووەم. بەڵام کاتێ دەبێ بەمـەجزوء، پێی چوارەم و هەشـتـەم فـڕە دەدرێ و ژمارەی پێـیـەکان دەگـۆڕێن و بگرە جێگـۆڕکـێش دەکەن، چونکە (٥) دەبێ بە(٤) و (٦) دەبێ بە(٥) و (٧) دەبێ بە(٦) لە (مثمّن)ەوە دەبێ بە(مسدّس). ئەو کاتە ژمارە (٣) دەبێ بەعـەرووز و ژمارە (٦) دەبێ بەزەرب، وە (١) و (٢) و (٤) و (٥) دەبن بەحەشو (ناواخن) لە دێڕە مەجزوئەکەدا، چونکە لە هەشتەوە بووە بەشەش.

٢- زیحافەکانی:

١- خەبن ٢- کەف ٣- شەکل ٤- قەصر ٥- بەتر ٦- تەشعیث ٧- حەذف ٨- صەلم.

٣- شیکردنەوەی زیحاف و عیللەتەکانی:

١- خـەبن لە مـەدیدا قـرتاندنی ئەلفی (فـاعلن) یا ئەلفی (فـاعـلاتن)ە، پاش خـەبن (فـاعلن) دەبێ بە(فعلن ب ب -) و (فاعلاتن) دەبێ بە(فعـلاتن ب ب - -) خەبن لەم دوو پارچەیەدا، چ ناواخن بن و چ عـەرووز و زەرب بـن دروسـتــە، تەنیـا لە (فـاعـلن)ی عەرووزی دووەمدا دروست نییە، کە مەحذوفی (فاعلاتن)ە، هەتا جیا ببێتەوە لە (فعلن ب ب -)ی عەرووزی سێیەم، کە مەخبونی مەحذوفی (فاعلاتن)ە.

خەبن لە مەدیدا لەم پێیانەدا لەم شوێنانەدا پێویستە لە: عـەرووزی سێـیـەمیـدا و لە زەربی یەکەمی عـەرووزی سێیەمیـدا. (بڕ: نەخشەی/٢/٦). دروستە هەموو پێیـەکانی مەدید مەخبوون بن وەک ئەم دێڕە:

وَمَتَى مَايَعِ مِنْكَ كَلاَمـاً     يَتَكَلَّمْ فَيُجِبْـكَ بِعَقْـلِ
فعلاتن. فعلن. فعلاتن     فعلاتن. فعلن. فعلاتن

٢- كەف لەم دەريايەدا قرتاندنی نوونی (فاعلاتن)ە، لە پاش کەف دەبێ بە(فاعلات - ب-ب). لە هەموو پێیەکانیدا کەف دروستە، تەنیا لە (فاعلاتن)ی عەرووزی یەکەم و زەربەکەیدا دروست نییە، هەتا ئەگەر بەدیمەنیش کەفکراو بێ، لەبەر ئەوەی ئاخری نیوە دێڕە، ئیشباع دەکرێ (بڕ: ١٣٢ - إشباع).

٣- شەکل لەم دەریایەدا لە (فاعلاتن)دا ڕوودەدا، کە ئەوەیە هەم خەبن بکرێ و هەم کەف ئاوا: (فاعلاتن ـــ فعلات ب ب - ب). شەکل لە چەشنی زیحافی لێکدراوە، وە لە هەموو (فاعلاتن)ەکاندا بەمەرجی موعاقەبە لە نێوانی پێش و پاشیدا دروستە (بڕ: ١٨ - البرئ/ چوارەم). نموونەی شەکل لە مەدیدا وەک:

لِمَنِ     الدِّيار  غَيَّرَهُنَ    كُلُّ دَانِي الْمُزْنِ جَوْن الرَّباب
فعلات. فاعلن. فعلات     فاعلاتن. فاعلن. فاعلاتن

٤- قەصر (قەسر) لەم دەریایەدا، تەنیا دەچێتە سەر (فاعلاتن) کاتێ کە زەربی یەکەمی عەرووزی دووەم بێ، بەقەسر دەبێ بە(فاعلات - ب -ْ).قەسر وەک دەزانین عیللەتێکی نەگۆڕە.

٥- بەتریش بەس دەچێتە سەر (فاعلاتن) کاتێ کە زەربی دووەمی عەرووزی سێیەم بێ، دەیکا بە(فاعل = فعلن - -).

٦- تەشعیث تەنیا دەچێتە سەر (فاعلاتن) کاتێ زەربی سێیەم بێ بۆ عەرووزی سێیەم، دەیکا بە(فالاتن = مفعولن - - -) مەگەر لە کاتی تەصریعدا بچێتە سەر (فاعلاتن)ی عەروض (بڕ: ٢٣٢ - الاقعاد).

٧- حەذف لەم دەریایەدا، تەنیا دەچێتە سەر (فاعلاتن) کاتێ کە عەرووزی دووەم بێ، یا زەربی دووەمی عەرووزی دووەم بێ، یا عەرووزی سێیەم بێ، یا زەربی یەکەمی عەرووزی سێیەم بێ، دەبێ بە(فاعلا = فاعلن -ب-) خۆ ئەگەر خەبنیشی لەگەڵدا بێ دەبێ بە(فعلن ب ب -) وەک عەرووزی سێیەم و زەربی یەکەمی: (فعلن ب ب - × فعلن ب ب -).

٨- صەلم (سەلم) بەپێی بڕیار و فەرمایشتی زۆربەی سەرچاوەکانی بەردەستم، صەلم لە مەدیدا نییە، کەچی لە عومدەی ئیبنو رەشیقدا دەفەرمووێ: (تیادا هەیە - ج/ ٢ ص٣٠٢).



٤- مەدید چوار عەرووز و هەشت زەربی هەیە، هەمیشە مەجزووئە:

١- عەرووزی یەکەم ساخە یەک زەربی هەیە وەک خۆی: (فاعلاتن × فاعلاتن) دروستە کە مەخبونیش بن (١) وەک:

يـا كثير الهَجْرِ لاَ تَنْسَ وَصْلِي     وَاشتغَالِي بِكَ مِنْ    كُلِّ شُغْلِي
ياكثيرل : هَجْرِلاَ : تَنْسَوَصْلِي     وَشْتغَالِي : بِكَمِنْ   : كللشُغْلِي
-ب-- : -ب- : -ب- -:     -ب--    : ب ب -:  -ب--
فاعلاتن: فاعلن : فاعلاتن     فاعلاتن : فعلن : فاعلاتن

ئەم نموونەیە ئەم خاڵانەی وا تیادا:

آ- مەجزووئە، چونکە پێیەکی بەتەواوی لێ کرتاوە.

ب- تام - تەواو - نییە، چونکە ژمارەی پێیەکانی، کە سێیە، کەمترە لە ژمارەی تەواوی پێیەکانی بازنەکەی خۆی کە چوارە.

٥- ئەم زەربە پێویستی بەتەصریع نییە، بەڵام لە سەردێڕدا تەقفیە بکرێ جوانترە، ئەم شیعرەی بەردەست جۆری سەرواداره، واتە: مقفایە. نامیش بەپێی ئەم زەربی یەکەمی مەدیدە، دەفەرمووێ:

سەد سوپاسم بۆ خودا خۆش ژیانم
یار شوناسم، بێ صەدا بۆ ئەمانم(*)

شیکردنەوە:

سَدْ سُپَاسَمْ  : بُوْخُدا  : خُشْژِيَانَمْ
- ب - -  : - ب -: -ْب - -
سەد سوپاسم: بۆ خودا: خۆشژیانم
فاعلاتن   : فاعلن : فاعلاتن
یارشُنَاسَمْ  : بیصدا : بۆ أمَانم
-ْب - - : - ب -: - ب - -
یارشوناسم : بێ سەدا: بۆ ئەمانم
فاعلاتن   : فاعلن  : فاعلاتن

(*) بڕوانە: عەرووزی نامی بەحری مەدید، لاپەڕە (١٠٨).

منیش دەڵێم:

وەک پەپوولەم. هێندە من. بێ زیانم
حـەز دەکـەم پڕ. بێ لە خۆ.شی ژیانم
حـەز دەکـەم پڕ بێ لە خـۆشی ژیانت
پێکی ئاشـتی بێ بەنۆشی گـیـانت!
حەز دەکەم پڕ بێ لە ئاشتی جیـهـانم
من هەمـوو کـەس بەبرای خـۆم دەزانم
خـۆشـیی تۆ خـۆشیی منە ئەی براکـەم
عەیبە من لە دەستی زوڵمی تە ڕاکەم!

(تە) واتە: تۆ، بەکوردی زاراوی کرمانجییە.

لێرەدا ئـاماژە بۆ ئەم چەند خـاڵە دەکەمـەوە، کە دەبێ بەهۆی ڕاهێنانی هەستـیـاری تازە نەفەس، واتە: تازە دەستپێکردوو:

آ– لە عـەرووز و ناواخنی شیـعـرەکەی نامیـدا، بڕگەی یەکەمی (فاعـلاتن) کە سەبەبی سووکە، لە جـۆری کوردییە، دوو پیـتـی دەنگی، لە ناوەڕاسـتـیـاندا بزوێنێکی درێژ، کە (خـۆش)ە، لە (خـۆش ژیانم)دا، و (یار)ە، لە (یـارشناسم)دا، وە لە ترازوو (کـێش)دا، هەر بە(فـا –) لە قەڵەم دەدرێن و دەنووسرێن، بەڵام لە نیشانە و هێماکاندا، لەسەر خەتە درێژکوولەکە، بەژمارەی پیتە وەستاوەکان، ئەم هێمایە (ە) دادەنرێ، لەسەر ئەم شێوەیە، وە ئەمـە لە ناو کـێشـزانەکـانا لە کـاتی نووسـینی بڕگـە و پێیـەکـان بەڕەمز و هێـمـا باو و زانراوە، ئاوا: (خۆش –ْ، ماست –ْْ – بڕ: بڕگەی کوردی).

ب– پارە پارەکردن و شیکردنەوە، بۆ زیادە ڕاهێنان و قاڵبوون:

حَزْ دکَمْ پڕ: بِی لآش: تِیجِهَانَمْ    مَنْ هَمُوکَس: بَبَرای : خُمْ دَزَانَمْ
–ب––   : –ب–ْ : – ب––     – ب – –   : ب ب –ْ: –ْ ب ––
فاعلاتن : فاعلن : فـاعلاتن    فاعلاتن    : فعلن    : فـاعلاتن

ج– لەم شیعرانەدا ئەمانە ڕەچاو دەکرێن:

١– وەتەدی کۆ لە (فـاعلن)ی نیوە دێڕی یەکـەمدا، لە جۆری کوردییـە. یەکەم و دووەم بڕگەی کورتـن و دوو پیتی بزوێنی درێژیش بەدوایا دێن ئاوا: (لآش ب –ْ) بڕوانە: (بڕگە،



لە – المقاطع العروضیة –دا).

٢– سەبەبی سووکی سەرەتای (فاعلاتن)ی زەرب، لە جۆری کوردییە (خۆم –ْ).

عەرووزی دووەم: مەحذوفی نامەخبوون، سێ زەربی هەیە:

١– مەقصور، قەسرکراو: (فاعلن × فاعلات – ب –ْ) (٢) وەک:

تَحْسِبُ اْلهَجْرَ حَلاَلاً لَهَا    وَتَرىَ الوَصْلَ عَلَيْهَا حَرَامْ
تحسبلهجْ: رَحَلاَ: لَنْ لَهَا    وَتَرَلْوَصْ: لعلي: هَا حَرَام
–ب––: ب ب–:–ب–    ب ب––: ب ب–:–ب–ْ
فاعلاتن. فعلن. فـاعلن    فعلاتن. فعلن. فاعلات = فاعلان

ئەم زەربە، بەزیادە تەصریع دەکرێ:

يا وَميضَ اْلبَرقِ بَيْنَ الغَمَامْ    لاَ عَلَيْهَا بَلْ عَلَيْكَ السَّلاَمْ

دەبینین عەرووز و زەرب، هەردوو قـەصر کراون و پیتی ڕەوییـان یەکە، کە میـمە، کەواتە دیارە تەصـریع کـراوە بەزیادە، چونکـە خـۆی بەپێی زەربەکـەی هەقی مـەحـذوفـە، کـە (فـاعلن)ە، بەڵام ئەوەتا قـەصر کراوە، نەوەک حەذف، بۆیە بووە بە(فـاعـلان – ب –ْ). دیارە کـە قـەسـر لە چاو حـەزفـدا پێیـەکە زیاتری دەمـێنێ، دەی ئەمـەیش وایە، چونکە (فاعلان) دەکاتە (فاعلن + ن). دوای ئەم سەردێڕە موصەررەعەیە، شاعیر لە شیعرەکانی دوایەوە، چووەتەوە سەر عەرووزی ئاسایی ئەم زەربە کە (فاعلن)ە، ئاوا:

يا وَميضَ اْلبَرقِ بَيْنَ الغَمَامْ    لاَ عَلَيْهَا ، بَلْ عَلَيْكَ السَّلاَمْ
إنَّ في الأحْـــدَاجِ مقصُورةً    وَجْهُهَا يَهْتِكُ سِتْرَ الظَّــلاَمْ
تحسبُ الهَجرَ حَـلاَلاً لَهَـــا    وَتَرى الوَصْلَ عَلَيْهَا حَرَامْ!!

کوردیش وەک:

حەز دەکەم پڕ بێ لە ئاشتی جیهان    وەک بەهەشت بێ، پڕ صەفا بێ ژیان

٢– مەحذوف وەک عەرووزەکەی: (فاعلن × فاعلن) (٣). وەک:

اعْلَمُوا أنّی لَكُمْ حَافِــظٌ    شَاهداً مَا كُنْتُ أوْ غَـائباَ
اِعْلَمُوأن: يلَكُمْ: حَافِظنْ    شَاهِدَنما: كُنْتُ أوْ: غَائِبَن
–ب––:–ب–: –ب–:    –ب––: –ب –: –ب–
فاعلاتن:فاعلن: فاعلن    فاعلاتن: فاعلن: فاعلن

ئەم زەربەیش پێویستی بەتەصریع نییە، بەلاَم تەقفیە بکرێ لە سەردێڕدا جوانترە وەک:

عاتِبٌ ظَلْتُ لَهُ عَاتِباً    رُبَّ مَطْلُوبٍ غَدَا طَالِباً

نموونەی کوردی بۆ ئەم زەربە (١٠/١٠/٢٠٠٠):

کوردە هەمدیسان شەڕ و خۆکوژی
فرسەتت نادەن بەخۆشی بژی
خاکی شێلراوت بەخوێنی شەهید
بۆتە مەڵبەندی سوارەی حەمید
کوردە ئەمجارەش سەرۆکانی تۆ
ڕۆڵەیان کردی بەقوربانی خۆ
تۆ بەکوشت دەدەن لە بۆ زێڕ و زیو
بوویتە هۆزێکی ئەبەد خێر نەدیو
من لە تاوی تۆ بەڕۆژ و بەشەو:
خەم وەکی قەفەز، منیش وەکی کەو!
تاقە ئاواتم ببینم بەچاو:
(خائنان بڕن بەپۆڕی خوراو)
پاک ببێتەوە هەموو نیشتمان
لەم هەموو حیزبەی ولاَتیان ڕمان!
بشەکێتەوە لەسەری سەری تۆ
عەلەمێ شایان لە بۆ بەری تۆ...

٣- زەربی ئەبتەر: (فاعلن × فعلن...) (٤) وەک:

إنَّما الزلْفَاءُ يَاقُوتَةٌ × أُخْرِجَتْ مِنْ كيسِ دِهْقَانِ

شیکردنەوەی:

إِنْنَمَلْزَلْ : فَاءُ يا: قوتَتُنْ + أُخْرِجَتْ مِنْ: كيسدِهِ: قاني
-ب-- : -ب-: -ب-: + -ب-- : -ب- : --
فاعلاتن: فاعلن: فاعلن + فاعلاتن : فاعلن : فعلن



ئەم زەربە بەلێکەم کردن تەصریع دەکرێ، ئاوا:

أيُّ تُفَّاحٍ وَرُمَّانِ    يُجْتَنَى مِنْ خَيْطِ رَيْحَانِ
أيُّ وَرْدٍ فَوْقَ خَدٍّ    مُسْتَنِيراً بَيْنَ سُوسَانِ
شَادِنٍ يعبدُ في رَوْضَةٍ    صيغَ مِنْ دُرٍّ وَمُرْجَانِ
مَنْ رَأَى الزَّلْفَاءَ في خَلْوَةٍ    لَمْ يَرَ الحَدَّ عَلَى الزاني
إنَّما الزلْفَاءُ يَاقُوتَةٌ    أُخْرِجَتْ مِنْ كيسِ دِهْقَانِ

عەرووزی سێیەم: مەحذوفی مەخبوون، سێ زەربی هەیە:

١- زەربی یەکەم وەک عەرووزەکەی مەحذوفی مەخبوونە: (فعلن ب ب - × فعلن ب ب -) (٥) وەک:

لِلْفَتَى عَقْلٌ يَعيشُ بِهِ    حَيْثُ تَهْدِي سَاقَهُ قَدَمُهُ

شیکردنەوەی:

لِلْفَتَى عَقْ: لُنْيَعِي: شُبِهِي    حَيْثُ تَهْدِي: سَاقَهو: قَدَمُهْ
-ب- - : -ب-:ب ب-    -ب-- : -ب- :ب ب-
فاعلاتن : فاعلن: فعلن    فاعلاتن : فاعلن: فعلن

ئەم زەربە تەصریع ناکرێ، سەردێڕی ئەم پارچە شیعرە ئەم شیعرە سەرواداڕەیە:

مِنْ مُحِبٍّ شَفَّهُ سَقَمُهْوَتَلاَشَى لَحْمُهُ وَدَمُهْ

نموونەی کوردی بۆ ئەم زەربە:

قەت نەبوو ڕۆژێ بەخۆشی بژیم    خەم وەکو زالوویە خوێنی مژیم

پارە پارە:

قَتْنَبُورُوْ: ژێبْخُوْ: شِبِژیم    خَمْ وکوزا: لُوْیَخُوی: نمَژِیمْ
-ب--: -ب-: ب بْ-    -ب- - : -ب -ْ: ب بْ-
فاعلاتن: فاعلن: فعلن    فاعلاتن : فاعلن : فعلن

شیکردنەوەی:

آ- (ی)ی ئاخری (خۆشی) بەجووڵە (حەرەکە) دانراوە، نەوەک بەپیتی بزوێنی درێژ، ئەمە نموونەی لە عەرەبیشدا هەیە، هەندێ پیت وەکو هێی ڕاناوی تاکی کەسی سێیەم و

پیتەکانی مەددی (ا، و، ی) هەندێ جار بەپێی پێویستیی کێش، لە عەرەبیشدا، درێژ دەکرێنەوە و بەپیتێ وەستاو دادەنرێن، هەندێ جاریش بەبێ ئیشباع گۆ دەکرێن و رۆڵی جوولّە دەبینن و بەس، چونکە سروشتی ئەم پیتانە هەر دووبارەکە هەڵدەگرن، بەوێنە بەپێی شوێن دەتوانی بڵێیت (تَمْضِی فِی) لەسەر کێشی (مفعولن)وە دەتوانی بڵێی: (تَمْضِفِی – ب –) لەسەر کێشی (فاعلن). هەمیشە لە چامەدا – وەک چەند جاری تر گوتمان – هەندێ جار چۆنێتیی کورت و درێژی پیت، یا چۆنێتیی بزوێنەکەی زۆر ڕوون نییە، تا لە یەکێ لە دێڕەکانیدا، بەباشی دەردەکەوێ. ئەوەتا لە پارچە شیعرەکەی (أيُّ تُفَاحٍ...)دا، بەئاخر وشەی دێڕی چوارەما کە (عَلَى الزانِي)یە دەزانرێ کە پیتی ڕەوی لە هەموو شیعرەکاندا، ژێرداری ئیشباع کراوە (بڕ: ناچاریەکان/١٢، ١٣، ١٩ + نووسینی عەرووزی).

ب– (زالوویە) ئەگەر لەبەر ناچاری کێش نەبێ، مافی ئەوەیە کە (زالوویێ) بێ، یا مافی (زالوویەک)ە. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە وێنەی ئەم ناچاریەدا لەسەر ئەم دێڕەی (خەیام – سەلام) – ڕەحمەتی خودا لە هەموویان بێ – کە ئەمە نیوەیەتی: (لەبەر خەڵق نۆرە بۆ سەر من نایە) دەڵێ: (نایە) ئەگەر لەبەر ناچاری (قافیە) نەبێ و بەئیملای ڕاستی بنووسرێ، ئەبێ بە(نایێ) بنووسرێ (واتە: بیشخوێنرێتەوە. بڕ: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی/٢/٩٧).

ج– چەندین یاسای تریش ڕەچاو کراوە، وەک (خوێ) لە (خوێنی)دا، کە لە جۆری برگەی کوردییە، هەستیاران بەدوو شێوە بەکاریان هێناوە، بەپێی شوێن و پێویست ئاوا (خوێ = مَفَا) یا (خوی = فا). وەک سالم – بەڕەحمەت بێ – لەم دێڕەدا بە(فا –)ی داناوە (هەزەجی هەشتی ساخ):

لەبی تەشنەی کوهەن زەخمم بەخوێنی نازەگی تەڕ بێ

حەیا بۆ ماهی مەستوورم کە دەستووری نەظەر نادا

پارە پارەی:

لَبِی تشنی: کهن زخمم: بەخێنی نا: زگِیْ تَرْبِیْ

ب– – –: ب – – –: ب – – –: ب– – –

مفاعیلن : مفاعیلن : مفاعیلن : مفاعیلـن



بەڵام مەحوی لەم شیعرەیدا بە(مفا)ی داناوە، دەڵێ: (هەزەج/ یا وافیری مەقطوف):

وەرە دەستێ بەخوونم کە نیگارین    خوێنی من حەلاڵت بێ نیگارا

پارە پارە و شیکردنەوەی:

وەرا دەستێ: بَخُونَمْ کا: نگارین    خُوِیْنِیْ مَنْ: حَلاَلَتْ بِیْ: نِگــارَا

ب– – – : ب– – –: ب – – ْ    ب– – – : ب – – –: ب– –

مفاعیلن : مفاعیلن: فعولــن    مفاعیلن : مفاعیلن : فعولن

کورت و پوخت تەرازووکردنی شیعری کوردی وەستاکاری زۆری دەوێ، بەهەموو کەسێ کۆڵی و ناشی ناکرێ، بەڵام بەرە بەرە کە مرۆڤ شارەزایی تیادا پەیدا کرد زۆر ئاسانە، وە ئەو وەختەیش دەتوانێ شیعری کوردی بەسافی و سووک و سۆڵی، بەپێی بەحرەکەی بەبێ لەنگی بخوێنێتەوە.

کەم کەس لە خوێنەرانی ئاسایی کە بتوانێ بەسافی، بەبێ لەنگی، شیعری مەحوی و نالی و حەریق بخوێنێتەوە، بەڵام کە گوێی ئاشنا بوو، بەپارە پارەکردنی، ئەوسا چەژ و خۆشییان لێ وەردەگرێ.

ئەگەر کەسێ بڵێ: خۆ ئەگەر بەم پێودانە بێ، هەموو دێڕە شیعرێکی کوردی پڕی لە زیحافی زۆر و ناچاری کێش و روخەصی شیعرییە، شتی وایش لە شیعردا زۆر ناپەسەندە، کەواتە: زۆربەی شیعری کوردی ناپەسەند و نارەسەنە، کەسێ ئەمە بڵێ، لە وەڵاما دەڵێین: (ئەمە ڕاستییە کە شاعیران هەستیان پێ کردووە، بەڵام چاریش نییە، بەم پینە و پەڕۆیە نەبێ، شیعری عەرووزی کوردی و وێنەی کوردی پیادە ناکرێ!). (بڕ: المقاطع العروضية).

د– جاران کە هۆنراوی کوردی بەرێنووسی کۆنی فارسی ئامێز دەنووسرا، پارە پارەکردن و تەرازووکردنی، زۆر لە ئێستای، ئاسانتر بوو، بگرە پێویست بەم هەمکە تەکەللوف و روخەصە شیعرییانەی ئێستاش نەبوو، مەبەستم ئەوەیە، کە نووسینی کوردی بەرێنووسی نوێ، کە بزوێن بەپیت دەنووسرێ، ئەوەندەی تر، شیعری کوردی لە عەرووزی عەرەبی دوورخستەوە، چونکە زیاتر کێشەی بۆ هەستیار و خوێنەر و نووسەر دروست کرد.

بۆ ڕاستی و دروستیی ئەم بۆچوونە بفەرموون ئەم چەند دێڕە هۆنراوانە، بەرێنووسی کۆن و بەرێنووسی نوێ سەرنج بدەین (ڕەمەل):

سەر کە جۆشێکی نەبێ، من زرکە تالّم بۆ چییە

دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشـەی بەتالّم بۆ چییە

لە کۆنا ئاوا دەنووسرا:

سرکـە جۆشـیک نبی من زرکـە تالّم بۆ چیـیە

دڵ کە هوشیک نبی شیشـەی بتالم بۆ چییە

جیاوازی ئەم دوو ڕێنووسە لەم شیعرەدا زۆر نییە، تەنیا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک لە ئاخری (جۆشیک) و (هۆشێک)ەوە نەنووسراوە، خۆ ئەگەر لە کۆنیشدا وەک ئێستا بنووسرابایە شیعرەکە لەنگ نەدەبوو، بەس پێیەکە لە مەخبوونەوە کە (فعلاتن)ە، دەبوو بە(فاعلاتن)ی ساخ. بەڵام لەم دێڕەی تردا جیاوازی دوو ڕێنووس، هەر زۆر زۆرە، کۆنەکە لە خەطی عەرووزییەوە زۆر زۆر نزیکە، کوردییەکەیش بگرە وەک عەرەبی وایە:

تجـــربەء عـــاشق بەســـوتانی دکـــرد او ظالمە

سَیْـرکِن ئیســتـا دلی مـشـتی زخـالم بو چیـە

تەجرەبەی عاشق، بەسووتانیی دەکرد، ئەو زاڵمە

سەیری کەن ئێستا دەڵێ مشتێ زوخاڵم بۆ چییە

٢- زەربی دووەم ئەبتەرە: (فعلن × فعلن = ب ب – × – –) (٦). وەک:

شادنٌ فِی عَیْنِه حورٌ     وَتَخَالُ اْلوَجْهَ دینَارا

شادنن في: عَیْنِهِی: حَـــوَرُنٌ     ب ب--: وَجهدی: نــارا

–ب – – : –ب– : ب ب–:     وتخالُلْ : –ب– : – –

فاعلاتن : فاعلن : فعلـــن     ب ب --: فاعلن : فعلن

فعلاتن

ئەم زەربە بەکەمی تەصریع دەکرێ، چونکە (فعلن ب ب –)ی عـەرووزی مـەحـذوفی مەخبوون دەکرێ بە(فعلن – –)ی ئەبتەر، کە بەتر عیللەیەکی تێکەڵە لە دوو عیللە کە حەذف و قـەطعن ئاوا (فاعـلاتن) بەحەزف دەبێ بە(فاعـلا) بەقـەطعیش دەبێ بە(فاعل ـــــ فعلن – –)، وەک:

زادَنی لَوْمُكَ إضرَارَا     إنَّ لِی فِی الحُبِّ أنْصَارَا



لە کوردیشا وەک:

تۆ کە نابی بەگوڵی بۆندار     بۆ دەبی بەخاری پڕ ئازار

توکنابی: بَکُلِیْ  : بندار     بُودَبی با: خارپڕ: ئـازار

–ب--: ب ب –: –ْ –ْ     –ب– – : –ب–: – –ْ

فاعلاتن: فعلن  : فعلن     فاعلاتن : فاعلن: فعلن

٣- زەربی سێیەم موشەعەعەس: (فعلن × فالاتن = ب ب – × – – –) (٧) وەک:

لَیْسَ مِنْ بَعْدِ الصِّبَا أمَـــلٌ     لامرئٍ یَهْوی غُصُونَ اْلبَانِ

لَیْسَمِنْبَعْ: دصصبا: أملـنلِمْرِئِنْیَهْ : وَیغضو: نلبانی

–ب-- : –ب– :ب ب–     –ب--: –ب– : – – –

فاعلاتن: فاعلن : فعلـن     فاعلاتن: فاعلن: فالاتن = مفعولن

ئەم زەربە بەلێپـتـرکـردن سەروادار – تەصـریع – دەکـرێ، چونکە عـەرووز مـەحـذوفی مـەخـبـوونە، واتە: لە (فـاعـلاتن)ی سـاخ، بەخـەبن (ا) و بەحـەذف (تن)ی لێ قـرتاوە، مـاوەتەوە (فـعــلا = فـعلن ب ب –) بەڵام لە (فـاعــلاتن)ی ضـەربی بەرابەری، تەنیـا (ع)ەکەی لێ کرتاوە بەتەشعیث، ماوەتەوە (فالاتن) کەواتە: دەبێ لە (فعلن ب ب –)ی عەرووز دوو ئەلف زیاد بکرێ تا دەبێ بە(فالاتن) یا (فاعاتن ـــــ مفعولن) ئاوا (ف ا ع ا ل ن ـــــ فاعالن ـــــ مفعولن!).

عەرووزی چوارەم: مەشطوری صەحیح هەر خۆیشی زەربە (دروستە کە خەبنیش بکرێ) ئاوا (فاعلن، فعلن) (٨) وەک:

یـــا لبکر لا تنوا     لیس ذا حین ونا

دارت الحرب رحی     فادفعوها برحی

٥- وەک دەزانین لە مەدیدا خەبن و کەف و شەکل و موعاقەبەی صەدر و موعاقەبەی عـەجز و مـوعـاقـەبەی تەرەفـەین هەیە، جـا وا ئەم چەند هۆنراوە بۆ زیادە ڕوونکردنەوە دەنووسین:

١- دێڕی مەخبون (ومتی ما یع...) لە سەرەتای بەحرەکەوە ڕەت بوو.

٢- دێڕی مەکفوف (فاعلات – ب – ب) وەک:

لَنْ يَــزَالَ قَوْمُنَا مُخْصِبين    صالحِينَ مَا اتَّقَوا وَاسْتَقَامُوا

فاعلات. فاعلن. فاعلات    فاعلات. فاعلن. فاعلاتن

٣- دێڕی مەشکول (فعلات) وەک:

لِمَنِ الـدِّيَــارُ غَيَّــرَهُــنَّ    كلُّ دَانِي المُزْنِ جَوْنِ الرَّبابِ

فعلات. فاعلن. فعلات    فاعلاتن. فاعلن. فاعلاتن

٤- موعاقەبەی صەدر، وەک (فعلن)ی پاش (فاعلاتن) لە شیعری ضەربی مقصوردا، کە نۆرەکرتێی کردووە لەگەڵ نوونی (فاعلاتن)ی پێشی ئاوا: (تحسب الهَجْرَ حَلاَلاً لَهَا ـــــ فاعلاتن + فعلن + فاعلن = -ب-- + ب ب - + -ب-) بڕوانە زەربی/٦ (تۆ کە نابی بەگوڵی...).

٥- موعاقەبەی عەجز، وەک یەکەم پێی مەکفوف لەم دێڕەدا، نۆرەکرتێی کردووە لەگەڵ (فاعلن)ی دوای خۆیدا، ئاوا: (لن یزال = فاعلات -ب-ب + قومنا = فاعلن -ب-).

٦- دێڕی تەرەفەین لە مەدیددا:

لَيْتَ شعري هَلْ لَنَا ذاتَ يَوْمٍ    بِجنوبٍ فارعٍ مِنْ تَــلاَقي

فاعلاتن. فاعلن. فاعــلاتن    فعلات. فاعلن. فاعلاتن

ئەوەتا (فعلات ب ب - ب)ی سەرەتای نیوەی دووەم، لەگەڵ (فاعلاتن)ی پێشی کە عەرووزە و لەگەڵ (فاعلن)ی پاشی کە ناواخنە، نۆرەکرتێی کردووە، ئەلفەکەی لەگەڵ نوونی فاعلاتن و نوونەکەی لەگەڵ ئەلفی (فاعلن)ی پاشی. بڕوانە دێڕی مەشکوولی ئەم بەحرە، کە پێی عەرووزی موعاقەبەی تەرەفەینی وا تیادا، بەڵام پێی یەکەمی گەرچی مەشکوولە بەڵام موعاقەبەی تەرەفەینی تیادا نییە، چونکە خەبنەکەی موعاقەبەی لەگەڵ پێشی نەکردووە، چونکە خۆی لە سەرەتاوەیە پێشی نییە، کەواتە مەرج نییە هەموو مەشکوولی معاقبەی طەرەفەینی تیادا بێ!!

٧- بۆ خۆڕاهێنان و قاڵبوون لەسەر گوتن و تەقطیعی شیعری کوردی لەم بەحرەدا، بڕوانە: (عەرووزی نامی ل - ١٠٩ صیحەتێ چاو جوان... تاد).



**پاڵفتەی دەریای مەدید:**

دەریای مەدید چوار عەرووز و هەشت زەربی هەیە:

آ- عەرووزی یەکەم ساخە (صەحیحە، سالمە) یەک زەربی هەیە وەک خۆی ساخ: (فاعلاتن - ب - - × فاعلاتن - ب- -) دروستە یەکێکیان، یا هەردووکیان خەبنکراو بن بڕوانە شیعری (ومتی مایع... لە زیحافەکانی ئەم بەحرەدا) (١).

ب- عەرووزی دووەم مەحذوفی نامەخبوونە سێ زەربی هەیە:

١- مەقصور (فاعلن - ب - × فاعلان - ب -ْ) (٢).

٢- مەحذوف وەک خۆی (فاعلن - ب - × فاعلن - ب -) (٣).

٣- ئەبتەر (فاعلن - ب - × فعلن - -) (٤).

ج- عەرووزی سێیەم: مەحذوفی مەخبوونە، سێ زەربی هەیە:

١- مەحذوفی مەخبون (فعلن ب ب - × فعلن ب ب -) (٥).

٢- ئەبتەر (فعلن ب ب - × فعلن - -) (٦).

٣- مشعث (فعلن ب ب - × فالاتن - - -) (٧)

د- عەرووزی چوارەم: مەشطوری ساخ هەر خۆشی زەربە، دروستە یەکێکیان یا هەردووکیان خەبن بکرێن: (فاعلن × فاعلن) یا (فاعلن × فعلن) یا (فعلن × فاعلن = ب ب - × - ب -) (٨). ئەم زەربە لە لای هەندێ لە زانایانی عەرووز، مەجزوئی رەمەلە، کە عەرووز و زەربەکەی مەحذوف بێ، جا لەسەر ئەم فەرمایشتە عەرووز و زەرب لە یەکتر جیاوازن، کەواتە: ڕاستە کە بگوترێ: ڕێ دەکەوێ عەرووز و زەربەکە لەسەر (فاعلن - ب -) یا (فعلن ب ب -) بن، بەڵام لەسەر ڕای ئەوانەی کە دەفەرموون مورەببەع (مشطور)ی مەدیدە، مەشطوریش عەرووز و زەربەکەی یەک پێیە، مەبەست لەوە کە دەڵێین: (مەشطوری ساخ هەر خۆشی زەربە، دروستە یەکێکیان یا هەردووکیان خەبن بکرێن) مەبەست لەمە ئاخری دێڕەکانە، یا نیوەی دێڕە مەشطورەکە لەگەڵ ئەو نیوەکەی تریدا، وەک لەم چەند شیعرەوە ئەمە ڕوون دەبێتەوە:

یــالبکر. لاتنوا    لیس ذا حین ونــا

فاعلاتن. فاعلن    فاعلاتن. فعلــن

یالبکرن. لاتنــو    لیسذاحی. نونــا

دارت الحرب رحى    فادفعوها. برحـى
فاعلاتن. فعلـن    فاعلاتن. فعلـن
دارت لحر. برحـن    فدفعوها. برحـى
بؤس للحرب التى    تركت قومى سدى
فاعلاتن. فاعلـن    فعلاتن. فاعلـن
بئسللحر. بـللتى    تركت قو. ميسدى

کلیلی دەریای مەدید:

لِمَدِيد الشِّعْرِ صِفَاتُ    فاعلاتن فاعلن فاعلاتن

شێخ مەعروفی نۆدێ - ڕەحمەتی خودای لێ بێ - دەفەرمووێ:

**مَدَّنِي مَنْ وَجْهُهُ بَدْرٌ داجٍ    وَصْفُهُ يَحْلُو لِمَنْ كَانَ يَتْلُو**

(بڕوانە: ١- الابجدیە - تێبینی/ک).

**٣- (بەحری بەسیط):**

بڕوانە: زیحاف و گۆڕانکارییەکانی دەریای بەسیت لە لیستی سیازدەدا: سێیەم. دەریای سێیەمی بەکار هاتووە لە بازنەی یەکەم و ئاخر دەریای بەکار هاتووە لەم بازنەیە، چوارەم دەریایە لە کۆی ئەو دەریایانەی سەر بەم بازنەیەن کە ئەم چوارەن: ١- تەویل ٢- مەدید ٣- مستطیل (مهمل) ٤- بەسیط. بەسیط بەتەواوی و بەمەجزوئی و بەمەشتووری هاتووە، لە بازنەی خۆیدا هەشت پێی هەیە بەم شێوەیە:

مستفعلن : فاعلن : مستفعلن : فاعلن
- - ب -: - ب -: - - ب -: - ب -
(١) : (٢) : (٣) : (٤)

مستفعلن : فاعلن : مستفعلن: فاعلن
- - ب -: - ب -: - - ب -: - ب -
(٥) : (٦) : (٧) : (٨)

لە کوردیدا بەسیتی هەشتی عەرووز و زەربی ساخ زۆرە، بەپێچەوانەی عەرەبی، عەرەبی دەبێ مەخبوون بن.



١- گۆڕانکارییەکانی:

١- خەبن ٢- تەی ٣- خەبل ٤- تەذییل ٥- قەتع ٦- تەخلیع

شیکردنەوەی ئەم گۆڕانکاریانە:

١- خەبن لە بەسیتدا: آ- لابردنی سینی (مستفعلن)ە و ئەلفی (فاعلن)ە، هەموو (مستفعلن) و (فاعلن)ی لە بەسیتدا خەبنیان دروستە، چ حەشوو بن و چ عەرووز و زەرب بن، تەنانەت دروستە هەر هەشت پێیەکان خەبن بکرێن بەیەکەوە. لە عەرەبیدا خەبن لە عەرووز و زەربی یەکەمدا نیمچە پێویستە، بەساخی نەهاتووە، مەگەر بەشاذ، بەڵام لە کوردیدا مەرج نییە مەخبوون بن. لە پاش خەبن (مستفعلن) دەبێ بە(متفعلن ب - ب - ــــ مفاعلن) و (فاعلن) دەبێ بە(فعلن ب ب -).

ب- (مستفعلن) کاتێ بەقەتع دەبێ بە(مفعولن) خەبنی دروستە، دەبێ بە(فعولن) هەروا (مستفعلان)ی موزال لە بەسیطدا، خەبن و تەی، بەتەنها، یا بەیەکەوە دروستە.

٢- تەی لە بەسیتدا بریتییە لە لابردنی (ف)ێ (مستفعلن) و (مستفعلان) لە پاش تەی دەبن بە: (مستعلن - ب ب - ــــ مفتعلن) و (مستعلان - ب ب -ْ ــــ مفتعلان) بەڵام تەی لە (مفعولن) و (فعولن)دا، لە بەسیتدا دروست نییە. هەموو (مستفعلن)ی تەیی دروستە، چ حەشو بێ، چ عەرووز و زەرب بێ، بەڵام تەی لە (مستفعلن)ی موخەللەعدا شازە.

٣- خەبل (خەبن + تەی) لە هەموو (مستفعلن) و (مستفعلان)ێکی بەسیتدا دروستە لە پاش خەبل دەبن بە(فعلتن) و (فعلتان).

٤- تەذییل لە مەجزووئی بەسیطدا دروستە. (مستفعلن) و موزاحەفاتی بەتەذییل دەبن بە(مستفعلان) و (مفاعلان) و (مفتعلان) و (فعلتان). تەذییل تەنیا دەچێتە سەر پێی زەرب و لە زەربا نەگۆڕە، لە کاتی تەصریعدا لە عەرووزیشا دروستە.

٥- قەتع - کە لابردنی پیتی وەستاوی کۆتایی وەتەدی کۆیە و وێستاندنی پیتی پێشیەتی - لە بەسیطدا دەچێتە سەر (فاعلن) و (مستفعلن)، (فاعلن) بەقەتع دەبێ بە(فاعل ــ فعلن - -) و (مستفعلن) بەقەتع دەبێ بە(مستفعل ــ مفعولن - - -).

٦- تەخلیع لە زەربی موخەللەعی بەسیتا ڕوونی دەکەینەوە.

٢- بەسیط حەوت عەرووز و دە زەربی هەیە:

* عەرووزی یەکەم مەخبوونە، دوو زەربی هەیە:

١- زەربی یەکەم وەک عەرووزەکەی خەبنکراوە: (فعلن × فعلن = ب ب- × ب ب-) (١).

وەک: مَوْلاَیَ صَلِّ وَسَلِّمْ دَائِماً أَبَدَا     عَلَى حَبِیبِكَ خَیْرِ الخَلقِ کُلِّهِمِ

پارە پارەی:

مَوْلاَیَصَلْ: لِوَسَلْ : لِمْدَائِمَنْ : أَبَدَا

- -ب -: ب ب-: --ب- :ب ب-

مستفعلن: فعلن : مستفعلن: فعلن

عَلَى حَبِیـ: بِکَخَیـْ: رِلخَلْقِکُلْ: لِهِمِیْ

ب -ب -:ب ب-: --ب- : ب ب-

مفاعلن : فعلن :مستفعلن: فعلن

ئەم نموونەیە ئەم خاڵانەی وا تیادا:

١- تەواوە مەجزوء و مەشطور و مەنهوک نییە.

٢- پێی یەکەم و سێیەم و حەوتەمی ساخە، واتە: (صەحیح = سالم)ە، پێی دووەم و چوارەم و شەشەم و هەشتەمی خەبنکراون.

٣- بەسیتی هەشتییە، لە جۆری زەربی یەکەمی عەرووزی یەکەمە.

٤- ئەم زەربی یەکەمی بەسیتە تەصریع ناکرێ، بەڵام تەقفیە بکرێ جوانترە، وەک ئەم شیعرەی تر کە سەردێڕی ئەم چامەیەی بوردییەیە:

أمِنْ تَذکُّرِ جیرانٍ بِذی سَلَمِ + مَزَجْتَ دَمْعاً جَری مِنْ مُقلَةٍ بِدَمِ

ئەوەتا دەبینین (سلم ب ب -)ی عەرووز و (بدم ب ب -)ی زەرب لەم سەردێڕەدا، بەبێ گۆڕانکاری بەپتری، یا بەکەمی، هاوکێش و هاوسەروان، بەمەیش دەگوترێ: (تقفیه).

نموونەی ئەم یەکەمی بەسیتە بەکوردی، وەک صەفوەت - بەڕەحمەت بێ - دەڵێ:

بڕێژە ڕەحمەت خودا بەدائیمی تا ئەبەد

سەر خۆشەویستت کە چاترینی خەڵقە بەجەم



پارە پارەی:

بڕێژە ڕەح: مەتخودا: بەدائمی: تائەبەد

ب-ب- : - ب - : ب-ب-: -ب-

مفاعلن : فاعلن : مفاعلن : فاعلن

سەرخۆشەویس: تت کە چا: ترینی خەڵ: قەبەجەم

- - ب - : - ب - : ب - ب -: ب ب -

مستفعلن : فاعلن : مفاعلن : فعلن

لەم نموونە کوردییەدا ئەم خاڵانە ڕەچاو دەکرێن:

١- ئەم زیحافانە ڕوویان داوە: خەبن لە پێی یەکەم و سێیەم و حەوتەم و هەشتەما.

٢- پێی عەرووز ساخە، خەبنکراو نییە، شتی وا لە عەرەبیدا ناپەسەندە، بەڵکو بەشاز دادەنرێ، بەڵام لە کوردیدا، لەبەر سروشتی تایبەتی زمانەکە، کە وشەکانی ساکینی زیاترە، لە موتەحەریکی، وە سروشتی وەستاو و نەوەستاوی، گەلێ جیایە لە سروشتی وەستاو و نەوەستاو لە عەرەبیدا، لەبەر ئەمە عەرووزی ساخ لەم زەربەدا، لە کوردیدا مەقبوولە و ناپەسەند نییە. واتە: پێی عەرووز و پێی زەرب، لە زەربی یەکەمی عەرووزی یەکەمدا، لە کوردیدا، بەبێ شازێتی و ناوازەیی دروستە، کە صەحیح (سالم = ساخ) بێ.

٣- خوالێخۆشبوو سەفوەت لە تەقفیەی ئەم چامەیەیدا دەڵێ:

لە یادی هەمسایەکەی دانیشتویی ذی سەلەم

فرمێسکت کرد تێکەڵی خوێنێ کە ئەڕژا لە چەم

ئەم دێڕە ئەم خاڵە عەرووزییانەی تیادا ڕەچاو دەکرێن:

آ- عەرووز و زەرب ساخن (فاعلن × فاعلن) بەسیتی هەشتی تەواوە، لە جۆری زەربی یەکەمە، سەرواداره، تەصریع ناکرێ.

ب- پیتی مەدد لە هەندێ پێدا کورت کراوەتەوە و بەجووڵە دانراوە، بووە بەپیتی بزوێنی کورت و بەس، وەک: (لە یادی هەم = لَیَادِهَمْ = ب - ب = مفاعلن) بەڵام پیتی لین حسیبی پیتی بێ بزوێنی تەواوی بۆ کراوە، وەک: (سایەکەی = سایَکَیْ = فاعلن = - ب -).

ج- (ی)ی ئیزافە، کە خۆی پێیەکی وەستاوە، بزواو کراوە بەژێر و بزوێنەکەشی ئیشباع

کراوە، تا لە چەشنی خۆی پیتێکی مەدد دروست بووە، کە (ی)ێیەکی وەستاوە، و سەرەنجام (ی) کە بووە بەبڕگەیەکی درێژ ئاوا: (دانیشتوی = دانِشْتُیْ = - - - = مفعولن) کراوە بە(دانیشتویی = دانِشْتُیِیْ = - - ب - = مستفعلن).

د- لە زاراوی ناوچەی سلێمانیدا، زۆر جار لە کاتی ئاخاوتندا، تیپی ڕاناوی تاکی کەسی دووەم، گوێ پێ ناکرێ، ئیکتیفا بەبزوێنی پێشی دەکرێ، جا لە پێی (فرمێسکت کرد = فر + مێس + کت + کرد = - - - - = مفعولاتن)دا، ئەم یاسایە ڕەچاو کراوە، لەسەر ئەم شێوەیە: (فَرْمِسْکَکَرْدْ = - - ب - = مستفعلن) دەنا پێیەکە لەنگ دەبێ. هەروەک لەم پێیەدا وەتەدی کۆ لە جۆری کوردییە، هەروا (خوێنی) دانراوە بەدوو سەبەبی سووک.

ناری - بەڕەحمەت بێ - دەفەرمووێ (بەسیتی هەشتی تەواو - پیتی نوون):

باڵی هوما سێبەری زوڵفی پەرێشانی ژن
نافەیی میشکی خەتا: پەرچەمی ئەفشانی ژن

مەلا طاهیری مەلا عەبدوڵلای بەحرەکەیی دەڵێ:

وەک خاکی دەورەی رەسووڵ، بۆن خۆش نییە میسک و گوڵ
پیرۆزە گەر بەئوسووڵ، بۆن کەن و ماچ کەن بەدەم!!

منیش - خوا تەوفیقم بدا، بەڕەحمەتی خۆی، لەسەر تەواوکردنی ئەم پەڕاوە کەم وێنەیە، بۆ ئەم زەربە - دەڵێم:

خودا لەبەر پێغەمەر، خۆش بە لە تاوانمان
ئاواتمان بێنە دی هی دین و هی نیشتمان

هـ- بۆ ئەوەی لاوەکانمان قاڵ و شارەزا بن لە تەقطیع و هۆنینەوەی هۆنراو، بەپێی ئەم دەریای بەسیتە، بابڕوانە: (دیوانی نالی، پیتی نون، چامەی حەوت، لاپەڕە - ٣٣٣ - کە ئەمە سەردێڕەکەیەتی: (بەسیتی هەشتی تەواو):

دووری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من
باری خودایا! کە تۆ بگری سەبەبکاری من
= مستفعلن. فاعلن. مفتعلن. فاعلن    مستفعلن. فاعلن. مُسْتَفْعِلُنْ. فاعلن

یا بابڕوانە: دیوانی ناری ل-٤١ چامەی/١٣ + ل- ٧٥ پیتی -ن- چامەی - ٣٨).



سەردێڕی چامەی لاپەڕە حەفتا و پێنج:

مات و پەشێوم نەما صەبر و قەرار و شەکیب
چونکە عیلاجی نەبوو دەردی دڵی بێ طەبیب

سەردێڕی چامەی لاپەڕە حەفتا و پێنج: (باڵی هوما سێبەری...). یا بڕوانە: عەرووزی نامی، ل - ٨٦ هُوَ الحبیب الذي...

(ئەی سابیق و لاحیقی ڕشتەی هەموو ئەنبیا
(کُنْتُ نَبِیّآ) ئەکەم بەحوجەجەتی ئەذکیا... تاد).

٢- زەربی دووەمی عەرووزی یەکەم قەتع کراوە: (فعلن × فعلن ب - - × - -)(٢) وەک:

یَا لَیْلَةً لَیْسَ فِي ظَلَمائِهَا نُورُ    إلاَّ وُجُوهاً تُضَاهِیهَا الدَّنَانِیرُ
یَالَیْلَتَنْ : لَیْسَ فِي: ظَلَمائِهَا : نُورو    إلْلاَوُجو : هنتضا : هیهدنَا: نیرو
- -ب-: - ب -: - -ب -: - -    - -ب- : -ب -: - -ب-: - -
مستفعلن: فاعلن : مستفعلن: فعلن    مستفعلن: فاعلن: مستفعلن: فعلن

آ- لەم هۆنراوەدا هەقی عەرووز (فعلن ب ب -)ی خەبنکراوە، بەڵام لەبەر تەصریع بەنەقص، بەقەتع وەک زەربەکەی کراوە بە(فعلن - -)ی قەتعکراو. دیارە کە قەتع زیاتری لێ دەکرێ تا خەبن، هۆنەر لەم هۆنراوەدا لە پاش سەردێڕ، لە دێڕەکانی تردا، لە عەرووزدا چووەتەوە سەر خەبنکراو، ئاوا:

یَا لَیْلَةً لَیْسَ فِي ظَلَمائِهَا نُورُ    إلاَّ وُجُوهاً تُضَاهِیهَا الدَّنَانِیرُ
حُورٌ سَقَتْنِي كَأسَ المَوْتِ أعیُنُهَا    مَاذَا سَقَتْنِیهِ تِلْكَ الأعْیُنُ الْحُورُ

تا کۆتایی (بڕوانە: میزان الذهب ص ٤٣).

ب- لەم هۆنراوەدا ریدف پەیڕەو کراوە، چونکە لە دووهەمی بەسیطدا، کە مەقطوعە، شاعیران ریدف پەیڕەو دەکەن، لەم هۆنراوەدا ریدف تێکەڵە لە واو و یێ (نور، دنانیر، حور، منشور، تکفیر، محذور...).

ج- نموونەی تەصریعکراوی ئەم زەربی قەتعکراوی ریدفدارە لە کوردیدا، وەک:

خودا لەبەر پێغەمەر، خۆش بە لە تاوانم
سەیرت بکەم لە بەهەشت، بەهەردوو چاوانم

خودا هەتا سەر خەڵات بکەی بەنووری ئەتۆ
دوو چاوی ساخ، بۆ تەماشا و دەوری قورئانم
ڕاستە کە تاوانی من زۆرە وەکو خۆڵی زۆر
ئومێد دەکەم لێم ببووری چونکە میوانم

نموونەی تەصریعکراوی ئەم زەربە، ئەم شیعرانەی موتەنەببییە:

عيدٌ بِأَيَّةِ حَالٍ عُدْتَ يَا عيدُ    بِمَا مَضَى أَمْ بِأَمْرٍ فيكَ تَجديدُ
أَمَّا الأَحبَّةُ فالبَيْدَاءُ دُونَهُمْ    فَلَيْتَ دُونكَ بَيدا دُونَهَا بيدُ
أَصَخَرَةٌ أنا ؟ مَالِي لاَ تُحَرِّكُنِي    هذِي المُدَامُ وَلاَ هذي الأَغَاريدُ
مَاذا لَقِيتُ مِنَ الدّنيا وَأَعْجبه    أَنِّي بِمَا أَنَا بَاكٍ مِنْهُ مَحْسُودُ

یا وەک ئەم دێڕە:

أَضْحى التَنَائِي بَدِيلاً مِنْ تَدَانِينَا    وَنَابَ عَنْ طِيبِ لُقْيانَا تَجَافِينا

٥- عەرووزی دووەم مەجزوئی صەحیحە، سێ زەربی هەیە:

١- زەربی یەکەمی عەرووزی دووەم موزالە: (مستفعلن × مستفعلات – – ب – × – – ب –ْ) (٣) وەک:

يا طالِباً في الهَوَى مَا لاَ يُنَالْ    وَسَائلاً لَمْ يُعَفْ ذُلَّ السُّؤَالْ
وَلَّتْ لَيَالي الصِّبَا محمودةً    لَوْ أَنَّهَا رَجَعَتْ تِلْكَ اللَّيَالْ

شیعری یەکەم هی کاتی تەصریعە، شیعری دووەم ئاوا پارە پارە دەکرێ:

وَلْلَتْلَيا : للصبا : محمودتن    لَوْأَنْنَهَا : رَجَعَتْ: تِلْكَلْلَيَالْ
– –ب– : –ب–: – – ب –    – –ب– : ب ب –: – –ب–ْ
مستفعلن: فاعلن: مستفعلن    مستفعلن: فعلن: مستفعلان

یا وەک شێخ مەعروفی نۆدێ – ڕەحمەتی خودای لێ بێ – دەفەرمووێ:

بَسَطْتُ كَفِّي إلى جودِ الَّذي    يَقْضِي لِكُلِّ البَرَايَا كُلَّ حَاجْ

٢- زەربی دووەمی عەرووزی دووەم ساخە وەک عەرووزەکەی: (مستفعلن × مستفعلن). (٤) وەک:

مَاذَا وَقُوفِي عَلى رَبْعٍ خَلاَ    مُخْلَوْلِقٍ دَارِسٍ مُسْتَعْجَمٍ



پارە پارەکەی:

مَاذَا وُقُو : فِي عَلى: ربعن خَلاَ    مُخْلَوْلِقِنْ : دارسِنْ: مُسْتَعْجِمِنْ
– –ب– : – ب – : – – ب–    – –ب –: –ب –: – – ب –
مستفعلن: فاعلن : مستفعلن    مستفعلن: فاعلن : مستفعلن

٣- زەربی سێیەم لە عەرووزی دووەم قەتعکراوە: (مستفعلن × مفعولن) (٥) وەک:

يَا مَنْ دَمِي دُونَهُ مَسْفُوكُ    وَكُلُّ حُرٍّ لَهُ مَمْلُوكُ
كَأَنَّهُ فِضَّةُ مَسْبوكَةُ    أَوْ ذَهَبٌ خالِصٌ مَسْبُوكُ

شیعری یەکەم تەصریعە بەکەمی، لە دێڕی دووەمدا هەستیار چووەتەوە سەر زەربەکە، ئاوا پارە پارە دەکرێ:

كَأَنْنَهُو : فِضْضَتُنْ: مَسْبُوكَتُنْ    أَوْذَهَبُنْ : خالِصُنْ: مملوكُنْ
ب– ب–: – ب –: – – ب –    –ب ب–: – ب–: – – –
مفاعلن : فاعلن : مستفعلن    مفتعلن : فاعلن : مفعولن

پێی یەکەم خەبنکراوە، ئەوەیش دروستە، بەڵام پێویست نییە، هەر وەک خەبن لەم جێگەیەدا بگۆڕە، نەک نەگۆڕ، پێی چوارەم تەیکراوە، تەییش لەم شوێنەدا دیسان دروستە، نەک پێویست، پێی شەشەم قەتعکراوە، کە زەربە، قەتعیش لەم شوێنەدا پێویستە و نەگۆڕە، دەبێ لە هەموو دێڕەکانی چامەکەدا، یان هۆنراوەکەدا پەیڕەو بکرێ.

* عەرووزی سێیەم مەقطوعە، یەک زەربی هەیە وەک خۆی مەقطووع (٦) وەک:

وكُلُّ ذِي إِبِلٍ مَوْرُوثُ    وكُلُّ سَلْبٍ مَسْلُوبُ
وكُلْلُذِي : إبلن: مَوْرُوثن    وكُلْلِذِي: سَلَبِنْ: مسلوبن
ب–ب–: ب ب–:– – –    ب–ب–: ب ب –:– – –
مفاعلن: فعلن: مفعولن    مفاعلن : فعلن :مفعولن

ئەم دێڕە – گەرچی عەرووز و زەربی لەسەر یەک کێشن – بەڵام چونکە هاوسەروا نین و پیتی ڕەوییان جیایە، نە موصەررەعە و نە موقەففایە، ئەمە پێویستی بەتەصریع نییە، چونکە زەرب و عەرووز هەردوو مەقطوعن، بەڵام وا جوانە تەقفیە بکرێ، ئەگەر ئەم شیعرە بکرێ بەسەردێڕ تەقفیە دروست دەبێ ئاوا:

وكُلُّ ذِي خُلُقٍ مَحْبُوبُ     وكل ذِي طَمَعٍ مَغْلُوبُ

* عەرووزی چوارەم مەجزوئی مەخبونی مەقطووعە، پێی دەگوترێ مخلّعي بەسيط، يەک زەربی هەیە وەک خۆی (٧). وەک:

كَآبَةُ الذُلِّ في كِتَـــابي     ونَخْوَةُ العِزِّ في جَوَابـــي
قَتَلْتَ نَفْساً بِغَيرِ نفسٍ     فَكَيْفَ تَنْجُو مِنَ العَذَابِ
قَتَلْتَنَفْ: سنْبِغَيْ: رِنفسن     فَكَيْفَتَنْ: جومِنَلْ: عَذَابى
ب–ب–: –ب –: ب––     ب–ب–: –ب –: ب– –
مفاعلن: فاعلن : فعولن     مفاعلن : فاعلن : فعولن

پێی یەکەم و چوارەم خەبن کراون، ئەوە شتێکی دروستە، بەڵام نەگۆڕ نییە لەم شوێنەدا، وەلێ خەبن و قەطع و جەزء، لە عەرووز و زەربی ئەم شوێنەدا، لەم جۆرە زەربەی بەسیتا مەرجە و پێویستە. شیعری یەکەم سەروادارە، هەروا شیعری دووەم، ئەم زەربە پێویستی بەتەصریع نییە، چونکە لە تەصریعدا دەسکاری کێش دەبێ بکرێ لە عەرووزدا، دەی ئەم زەربە کێشی عەرووز و زەرب بەبێ دەسکاری چون یەکن!

* عەرووزی پێنجەم مەشتووری ساخ، هەر خۆشی زەربە (٨) وەک ئەحمەد شەوقی –ڕەحمەتی خوای لێ بێ –دەڵێ:

تِلْكَ شُمُوسُ الدُّجى أمْ ظَبَيَاتُ الخَيَمْ
تُقْـبِلُ في مَـوكبٍ شقَّ سَنَاهُ الظُّلَمْ
اْنتَـثَرتْ لُؤلؤاً في المُهَـجَـات اْنتظَمْ
تَمرَحُ في مَأمنٍ مثل حَمَامِ الحَرَمْ

پارە پارەی:

تِلْكَشُمُو: سُدْدُجى: أمْ ظَبَيَا: تلخَيَمْ     تُقْبِلُ في: مَوكبِنْ : شَقْقَسَنَا : هُلْظُلَمْ
–ب ب–: –ب– :–ب ب–: –ب–     –ب ب–: –ب– : –ب ب–: –ب–
مفتعلن : فاعلن : مفتعلن : فاعلن     مفعتلن : فاعلن: مفتعلن :فاعلن

* عەرووزی شەشەم مەشطوری موزال هەر خۆیشی زەربە (٩).

* عەرووزی حەوتەم مەشتوری مەقتوع هەر خۆیشی زەربە (١٠). بەپشتی خودا لە دواوە چەند ڕاهێنانێ لەسەر دەریای بەسیت ئەنجام دەدەین.



(چەند نموونەیەکی تایبەت):

آ– دێڕی وا هەیە لە بەسیطدا، گشت پێیەکانی خەبنکراون، وەک:

لَقَدْ خَلَتْ حِقَبٌ صُرُوفُهَـا عَجَبٌ     فَـــأحْدَثَتْ عِبَراً وأَعْقَبَتْ دُوَلا
مفاعلن. فعلن. مفاعلن. فعلن     مفاعلن. فعلن. مفاعلن. فعلن

ب– بەیتی وا هەیە گشت پێیە شەشییەکانی تەیکراوە، وەک:

انْطَلَقُوا غُدْوَةً وَانْطَلَقُوا بُكَرا     في زُمَرٍ مِنْهُمُو تَتْبَعُهَا زُمَرُ
مفتعلن. فاعلن. مفتعلن. فعلن     مفتعلن. فاعلن. مفتعلن. فعلن

ج– دێڕی مەخبول، کە ئەوەیە پێی (مستفعلن) ببێ بە(فعلتن).

وَزَعَمُوا أَنَّهُمْ لَقِيَهُمْ رَجُلُ     فَأَخَذُوا مَالَهُ وَضَرَبُوا عُنُقَهْ
فعلتن. فاعلن. فعلتن. فاعلن     فعلتن. فاعلن. فعلتن. فعلن

د– دێڕی خەبنکراوی موذال (مفاعلن):

قَدْ جَاءكُمْ أَنَّكُمْ يَوْماً إذا     مَاذُقْتُمُ المَـوْتَ سَوْفَ تُبْعَثُونْ
مستفعلن. فاعلن. مستفعلن     مستفعلن. فاعلن. مفاعلان

ه– دێڕی تەیکراوی موزال (مفتعلان):

يَا صَاحِ قَدْ أَخْلَفَتْ أَسْمَاءُ مَا     كَانَتْ تُمَنِّيكَ مِنْ حُسْنِ وِصَالْ
مستفعلن. فاعلن. مستفعلن     مستفعلن. فاعلـن. مفتعلان

و– دێڕی مەخبولی موزال (فعلتان):

هذا مقامي قريباً مِنْ أخي     كُلُّ امْرِئٍ قَائِمٌ مَعَ أخِيهْ
مستفعلن. فاعلن. مستفعلن     مستفعلن. فاعلن. فعلتان

ز– موخەللەعی مەتوی وەک:

خُلِقْتَ مِنْ بَهْجَةٍ وَطِيبٍ     إذْ خُلِقَ النَّاسُ مِنْ تُرَابِ

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحيمِ

وەک دەزانین ئەم سێ دەریایە سەر بەبازنەی جیاوازن، جا وا لەم نەخشەیەدا هەوڵ دەدەین کە زۆر بەئاسانی حاڵی ببین کە دەریاکان چۆن چۆنی لە بازنەکان دەردەهێنرێن. بەر لە هەموو شتێ دەبێ ئەم خاڵانە بۆ مافی تەواوی ئەم مەبەستە ڕەوان و ڕەچاو بکرێن.

یەکەم: ئەو پێیانەی کە دەریاکانیان لێ دروست دەبێ، لە ناو بازنەکانیاندا. ئەم دە پێیەن: ١- فعولن ٢- مفاعیلن ٣- مفاعلتن ٤- فاع لاتن ٥- فاعلن ٦- مستفعلن ٧- متفاعلن ٨- مفعو لات ٩- فاعلاتن ١٠- مستفع لن.

دووەم: ڕەچاو دەکرێ - وەک لە ئوصول التفاعیلدا دەرکەوت - کە هەموو یەکێ لەم دە پێیانە، لە ژمارەیێ، لە وەتەد و سەبەب دروست دەبن، هەموو سەبەب و وەتەدێکیش دادەنرێ بەبڕگەیەکی عەرووزی، وە هەموو بڕگەیێ استقلالیتی خۆی هەیە.

سێیەم: لەم خاڵەدا پێیەکانی شازدە بەحرەکەی خەلیل، لەسەر شێوەی خۆیان لە ناو بازنەکانیاندا دەنووسین، وە ژمارەی بڕگەی هەر دەریایەک دەنووسین. ئاماژە بەوە دەکەین کە ئەم دەریایانە سەر بەپێنج بازنەکەن، کە لەم پێنج بازنەیە بیست و دوو بەحر دەردێن، بەڵام شازدەیان لە کۆندا بەکارهاتوون و شەشیان موهمەل بوون.

١- طەویل: فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن × ٢
٢- مەدید: فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن × ٢
٣- بسیط: مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن × ٢
= ٢٠ بڕگە (ب-١)= ٤٨ پیت

٤- وافر: مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن × ٢
٥- کامل: متفاعلن متفاعلن متفاعلن × ٢
=١٨ بڕگە (ب-٢)= ٤٢ پیت

٦- هەزەج: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن × ٢
٧- ڕەجەز: مستفعلن مستفعلن مستفعلن × ٢
٨- ڕەمەل: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن × ٢
=١٨ بڕگە (ب-٣)= ٤٢ پیت

٩- سەریع: مستفعلن مستفعلن مفعو لا ت × ٢
١٠- مونسەریح: مستفعلن مفعو لات مستفعلن × ٢
١١- خەفیف: فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن × ٢
١٢- موزاریع: مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن × ٢
١٣- موقتەزەب: مفعو لات مستفعلن مستفعلن × ٢
١٤- موجتەث: مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن × ٢
=١٨ بڕگە (ب-٤)= ٤٢ پیت



١٥- موتەقارەب: فعولن فعولن فعولن فعولن × ٢
١٦- موتەدارەک: فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن × ٢
= ١٦ بڕگە (ب-٥)= ٤٠ پیت

چوارەم: چۆن چۆنی بازنەکان دروست بوون، وە چۆن ڕیز دەکرێن، وە چۆن چۆنی زەربی تەواو و زەربی مەجزوء و دێڕی مەشطور و دێڕی مەنهوک و دەریای کلیلی بازنەکان و دەرهێنانی دەریاکان لە یەکتری چۆن چۆنی ئەم جۆرە شتانە(صح) دەزانرێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەم خاڵانەدا دەخوێنینەوە:

١- بازنەی جیاواز (دائرة المختلفة = دائرة الأجزاء المختلفة - بڕوانە: **٩٣** - الدائرة) بۆیە کراوە بەبازنەی یەکەم، چونکە بەحری تەویل و بەحری بەسیت سەر بەم بازنەیەن، وە لە کۆندا هەستیارە عەرەبەکان ئەم دوو دەریایەیان لە هەموو دەریاکانی تر، زیاتر بەکارهێناوە، زۆر بەکارهێنان دەبێ بەهۆی پێشخستنی بەکارهێنراو!.

٢- بازنەی تەبا (دائرة المؤتلف) بۆیە کراوە بەبازنەی دووەم، چونکە کامیلی وا تیادا، کە ئەمیش لە کۆندا وەک تەویل و بەسیت زۆر بەکارهاتوون.

٣- بازنەی هێنراو (دائرة المجتلب) بۆیە کراوە بەبازنەی سێیەم، چونکە وەتەد لە گشت پێیەکانیدا لە جۆری وەتەدی کۆیە، وەتەدی کۆیش پتر جێگەی هێزە هەتا وەتەدی مەفروق، کە سێیەکی ژمارەی وەتەدەکانی بازنەی پاشیەتی، کە بازنەی چوارەمە.

٤- بازنەی لەیەکچوو (دائرة المشتبە) بۆیە کراوە بەبازنەی چوارەم، چونکە دەریاکانی پترن لە بازنەی دوای خۆی و زۆرتریش بەکارهاتوون و بەژمارەی پیتیش زیاترن.

٥- بازنەی ساز (دائرة المتفق) دوا بازنەیە، کە بازنەی پێنجەمە.

٦- دەریای تەویل (بڕ: لیستی/١٣، یەکەم بەحری تەویل) دادەنرێ بەیەکەم بەحری دائیرەی یەکەم، کە بازنەی تەویلیشی پێ دەگوترێ، چونکە پێیەکانی بەوەتەد دەست پێ دەکەن، بۆیە پێشی دەگوترێ کلیلی بازنەی یەکەم، چونکە یەکەم دەریای ئەم بازنەیە و دەریاکانی تری ئەم بازنەیە لەم بەحرەوە فەکک دەکرێن و دەردەهێنرێن.

٧- دەریای وافیریش دادەنرێ بەکلیلی بازنەی دووەم، چونکە یەکەم دەریایەتی، بۆیەیش کراوە بەیەکەم دەریای چونکە بەوەتەد دەست پێ دەکا، بەحرەکانی تری ئەم بازنەیە بەسەبەب دەست پێ دەکەن، دەی وەتەد دادەنرێ بەبناغە بۆ سەبەب، چونکە کاتێ زیحاف دێ بەسەر سەبەبدا ئیعتیماد لەسەر وەتەدە. بازنەی دووەم بازنەی وافیریشی پێ دەگوترێ،

چونکە هەمـوو بازنەیێ دروسـتـە بەناوی یەکـەم دەریایەوە ناو بنرێ، کە دەبێ بەسـەرەتای خولانەوەی دەریاکانی بازنەکە و دادەنرێ بەکلیلی.

٨- دەریای هەزەجیش دادەنرێ بەکلیلی بازنەی سێیـەم - کە بازنەی هەزەجیـشی پێ دەگـوترێ - چونکە یەکـەم دەریـایەتی، بۆیەیش کـراوە بەیەکـەم دەریای، چونکە بەوەتەد دەست پێ دەکا، دوو دەریاکەی تری ئەم بازنەیە کە رەجەز و رەمـەلن، بەسـەبەبی سـووک دەست پێ دەکەن!

٩- بازنەی چوارەم نۆ بەحرە، شەشیـان بەکارهاتوون و سیانیـان پشتگوێ خراون، شەش بەحرە بەکار هاتووەکان تەنها موزاریعیان بەوەتەد دەست پێ دەکا، لەبەر ئەوە بەپێی قیاس بێ، هەقی وایە کـە بەحری موزاریع یەکـەم بەحری بازنەی چوارەم بێ، بەلاَم لەبەر ئەم دوو هۆیە نەکراوە بەیەکـەم: چونکە هەمـیـشـە بەمـەجزوئی بەکـار هاتووە، سـەرەڕای ئەوەیش راجیـایی هەیە لە بوونیـدا، ئەوەتا ئەخـفـەش دەڵێ: مـوزاریع و مـوقـتـەضـەب نین، چونکە عـەرەبان شیـعـریان پێ نەگـوتوون، زەجاجـیش دەفـەرمـووێ: (شیـعـر بەم دوو بەحـرە زۆر کەمە).

جا کـاتێ عـەرووززانەکان پێنج بەحرە بەکار هاتووەکانی تری بازنەی چوارەمـیـان سەرنج داوە، لەبارترینیـان بۆ کلیلی ئەم بـازنەیە بەحری سەریع بووە، چونکە لە زۆر ڕووەوە لەوان لەبەرچاوترە، لەبەر ئەوە بەحری سەریع دانراوە بەکلیلی بازنەی چوارەم، لەبەر ئەوە دروستە بەبازنەی چوارەم بگوترێ: بازنەی سەریع.

١٠- دەریای موتەقارەبیش دادەنرێ بەکلیلی بازنەی پێنجەم، چونکە بەوەتەد دەست پێ دەکا، بەبازنەی پێنجەم دەیشگوترێ: بازنەی موتەقاریب.

١١- سەرچاوەی بازنەکان بەحرە بەکار هاتووەکانن، سەرچاوەی بەحرەکانیش شیـعری شاعیرانن.

١٢- کـاتێ بازنەکـانیـان دانا، ناچار بوون بۆ کـۆنتـرۆڵکردنی بەحرەکان بەئاسـانی، چەند پێـیـەکی سـاخ، لە دە پێکەی لە ئوصـول تەفـاعـیـلدا ڕابووردن، دابنێن بەئەصڵ بۆ ئەو دائیرەیە، وە لەو پێیانەوە بەحرەکانی تری بازنەکە دەردەهێنرێن، وە مەرجە ئەو پێیانەی کە دەکـرێن بەسـەرچاوە و کلیلی بازنەکـە سـاخ بن، مـوزاحـەف نەبن، وە زەربێکی تەواو لە بەحـرەکـانی بازنەکـە دەکـرێ بەپێـوەر بۆ ژمـارەی پێـیـەکـانی. جـا پاش ئەوە کـە زەربە تەواوەکانی بەحرەکانی بازنەکە، بەهۆی بەحرە بەکار هاتووەکانەوە دیاری کران، ئیـتـر هەر



زەربێ، لە هەر بەحـرێ، دوو پێـی لەو زەربە تەواوانە کـەمـتـر بێ، دادەنرێ، بەمـەجـزوء، هەروەها شـەطر و نەهک بەپێی خـۆیان، ئەمـەیش بۆ ئەوە کـە تەوەرەی بازنەکـان تێک نەچێ، وە لە کاتی فەککی بەحرە فەرعییەکان لە بەحرەکانی پێشیان، یەک لە دوا یەک، هەر بەحرێ شیعری پێ نەگوترا بێ دایاننـاوە بەمهمل و پشتگوێ خرا و، ئەمەیش ناچارییە دەنا بازنەکە ناخولێتەوە.

هەروا هەر کـاتێ گـۆڕان و گـۆڕینێ بەسەر پێیـەکی ساخی ئەو زەرب و بەحـرانەدا هات، ئەوە لە جۆری ئەو زیحاف و عـیللەتانەن، بەزیادە، یا بەنەقص، کە لە نەخشـەکانی زیحاف و عـیللەتەکاندا ڕوونمان کردنەوە، لە نەخشەی یەکەوە هەتا نەخشـەی شەش، وەک خەبن و تەی و خەبل و تەرفیـل... تاد.

١٣- لە کۆندا بەپێی ئیـسـتـیـقرایێ، کە خەلیل کردی، شیـعـرە گوتراوەکانی هەسـتیـارە دێرینەکان، حەصر بوون لە پێنج بازنەدا. بەلاَم لە ڕاستیدا دروستە بازنەی تر دابهێنرێ، وە بەپێی دەریاکانی ئەو بازنە تازانە هۆنراوی نوێ بگوترێ.

١٤- هەر بەحـرێکی کلیل، بەچەند پێ خـوێندرایەوە، دەبێ بەحـرەکـانی تریشی ئەو ژمارەیان بۆ بڕیار بدرێ، بەوێنە دەریای تەویل، چوار پێی پێنجی و چوار پێی حەوتییە، پێ پێنجییەکان بریتین لە وەتەدێکی کۆ و سەبەبێکی سووک و، پێ حەوتییەکان بریتین لە وەتەدێکی کۆ و دوو سەبەبی سووک، دەی هەموو بەحرەکانی تری بازنەی تەویل، بریتین لە چوار پێی پێنجی و چوار پێی حەوتی لەسەر هەمـان شێوە و بونیـاد، بەبێ کـەم و پتری، بگرە هەر زیحاف و عیللەتێ لە پێیـەکانی دەریای کلیلدا دروست بێ، لە پێیەکانی دەریا فەرعـییەکانیشدا دروستە، خۆ ئەگەر بەحرێ، یا زەربێ لە بەحرێکی بەکارهاتوو پێیەکانی کەمتر بوو لە پێیەکانی دەریای کلیل، ئەگەر دوو پێی کەمتر بوو مەجزووئە، دووسێیەکی کەمتر بوو مەنهوکە، نیو دێڕی کەمتر بوو مەشطورە.

١٥- نموونەیێ لە جەرەیانی زیحاف و گۆڕانکاری، لە بەحری مفکوک منە و مفکوکدا، لە بازنەکاندا. دەڵێین:

١- تەویلی ساخ: فعولن مفاعیلن فعولن مفاعیلن.

١- مەدیدی ساخ: فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن

٢- تەویلی موزاحەف: فعو/ل (مفاعیل + مفاعلن) فعول (مفاعیل + مفاعلن)

٣- مەدیدی موزاحەف: فعو/ل (فعلاتن + فاعلات) فعلن (فعلات+فاعلات) فعلن.

١٦- چەند بەحرێکی تری پشتگوێخراو هەیە، ئێمە لەم لیستەدا سەرژمێرمان نەکردوون، وەک مقلوبی بەسیت (فاعلن + مستفعلن + فاعلن + مستفعلن × ٢) کە وەک بەحری مەدید لە بەحری طەویل دەردەهێنرێ.

١٧- چۆن چۆنی بەحرێ لە بەحری پێش خۆی دەردەهێنرێ؟

آ- کاتێ بەپێی ئەم خاڵانەی باس کران بەحری کلیل لە بازنەدا، دیاری کرا، ئەوجا هەموو پێیەکانی بەساخی، بڕگە بڕگە دەکرێن، لە ناو نەخشەیەکا - وەک لە دواوە کراوە - بەجیا جیا دەنووسرێن، هەموو سەبەبێ و هەموو وەتەدێ بەجیا لە خانەیەکدا دەنووسرێن، ئاوا: فعولن ـــ (فعو) (لن) وە (مفاعیلن) ئاوا: (مفا/عی/لن) لە سێ خانەدا دەنووسرێ، ئەوە دادەنرێ بەبەحری یەکەم و بەبەحری کلیلی بازنە.

ب- لە پلەی دووەمدا یەکەم بڕگەی یەکەم پێی بەحری کلیل لە سەرەتای کێشەکەوە لە خانەکەی خۆیەوە دەگوێزیتەوە بۆ پاش دواترین بڕگەی دێڕەکە، وە لەوێ دایدەنێین ئەوجا لە سەرەتاوە دەست دەکەین بەخوێندنەوەی، سەبەب بەسەبەب و وەتەد بەوەتەد، بڕگە بەبڕگە، تا کۆتایی لەسەر شێوەی بەسط لە عیلمی وەفقدا، وەک لە بڕگەی (ج)دا ڕوونی دەکەینەوە.

ج- جا پاش ئەوەی کە هەموو پێیەکانی بەحری کلیلمان، بەساخی، بڕگە بڕگە، لە ناو خانەکانی ڕیزی یەکەمی نەخشەکەدا دانا، لەسەر شێوەی وەفق، دەست دەکەین بەدانانی بڕگەکانی، لە ناو خانەکانی ڕیزی دووەمی نەخشەکەدا، تا ڕیزی دووەمیش تەواو پڕ دەبێتەوە، ئەوجا لەسەر شێوەی پێشوو ڕیزی دووەم دەگوێزینەوە بۆ ڕیزی سێیەم، هەتا لەناکاو دەگەڕێینەوە بۆ سەر دەقی ڕیزی یەکەم، کە ئیتر بازنەکە تەواو دەبێ.

ئێستا بۆ پتر ڕوونکردنەوە ئەم ڕستەیە بەسط دەکەین، لەسەر شێوەی وەفق، هەتا بۆ پڕکردنەوەی نەخشەی بازنەکان، بەهرەی لێ وەربگرین:



| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئە | وە | سە | بە | تە | کە | یە | = ئە وە سە بە تە کە یە |
| ٢ | وە | سە | بە | تە | کە | یە | ئە | = وە سە بە تە کە یە ئە |
| ٣ | سە | بە | تە | کە | یە | ئە | وە | = سە بە تە کە یە ئە وە |
| ٤ | بە | تە | کە | یە | ئە | وە | سە | = بە تە کە یە ئە وە سە |
| ٥ | تە | کە | یە | ئە | وە | سە | بە | = تە کە یە ئە وە سە بە |
| ٦ | کە | یە | ئە | وە | سە | بە | تە | = کە یە ئە وە سە بە تە |
| ٧ | یە | ئە | وە | سە | بە | تە | کە | = یە ئە وە سە بە تە کە |
| ٨ | ئە | وە | سە | بە | تە | کە | یە | = دێڕی ئەصڵ = ئەوە سەبەتەکەیە |

ئەوەتا لە ئەنجامی ئەم بەسطەدا، حەوت خوێندنەوەی جیاجیا دروست بوو، دەی لە بازنەکانیشدا، بەهۆی ئەو جێگۆڕکێیەوە خوێندنەوەی جیا جیا دروست دەبێ، کە هەر خوێندنەوەیێ دادەنرێ بەبەحرێ، ئەمەیش وێنەی نەخشەی هەر پێنج بازنەکانە لە دواوە، لەگەڵ ژمارە و ناوی بەحرەکانیان.

| ناوی بەحر | ژمارەی مستعمل | مستعمل | محمل | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- تەویل | ١ | = | | فعو لن مفا عی لن فعو لن مفا عی لن فعو لن مفا عی لن فعو لن مفا عی لن | بازنەی یەکەم برێتییە لە پێنج دەریا، سیانی بەکار هاتوو، دوانی پشتگوێخراو |
| ٢- مەدید | ٢ | = | | فا علاَ تن فا علن فا علا تن فا علن فا علا تن فا علن فا علا تن فا علن | |
| ٣- مستطیل | | | = | مَفَا عی لن فعو لن مفا عی لن فعو لن مَفَا عی لن فعو لن مفا عی لن فعو لن | |
| ٤- بسیط | ٣ | = | | مُسْ تف علن فا علن مس تف علن فا علن مس تف علن فا علن مس تف علن فا علن | |
| ٥- ممتد | | | = | فا علن فا علا تن فا علن فا علا تن فا علن فا علا تن فا علن فا علا تن | |
| دیسان تەویل | | | | فعو لن مفا عی لن فعو لن نفا عی لن فعو لن مفا عی لن فعو لن مفا عی لن | بازنەی یەکەم تەواو |
| ٦- وافیر | ٤ | = | | مفا عَلَ تن مفا عَلَ تن مفا عَلَ تن مفا عل تن مفا عل تن مفا عل تن | بازنەی دووەم سێ بەحرە، دوانی بەکارهاتوو، یەکێکی پشتگوێخراو |
| ٧- کامل | ٥ | = | | مُتَ فا علن مُتَ فا علن مت فا علن مت فا علن مت فا علن مت فا علن | |
| ٨- متوافر | | | = | فا علا تُكَ فَا علاَ تُكَ فا علاَ تُكَ فا علاَ تك فا علا تك فا علا تك | بازنەی دووەم تەواو |
| ٩- هزج | ٦ | = | | مفا عی لن مفا عی لن متفا عی لن مفا عی لن مفا عی لن مفا عی لن | بازنەی سێیەم تەواو، دیسان گەڕایەوە سەر هەزەج. سێ بەحرە هەر سێکیان بەکار هاتوون |
| ١٠- رجز | ٧ | = | | مس تف علن مس تف علن مس تف علن مس تف علن مُسْ تف علن مس تف علن | |
| ١١- رمل | ٨ | = | | فا علا تن فا علا تن فا علا تن فا علا تن فا علا تن فا علا تن | |



**پاڵفتەی دەریای بەسیت:**

دەریای بەسیت حەوت عەرووز و دە زەربی هەیە:

عەرووزی یەکەم مەخبوونە، دوو زەربی هەیە:

١- عەرووزی مەخبون و زەربی مەخبون وەک: (فعلن ب ب- × فعلن ب ب -)-١-

٢- عەرووزی مەخبون و زەربی مەقتوع وەک: (فعلن ب ب - × فعلن - -) -٢-

عەرووزی دووهەم مەجزوئی ساخە، سێ زەربی هەیە:

١- عەرووزی مەجزوئی ساخ و زەربی موزال: (مستفعلن - - ب - × مستفعلان - - ب -ْ) -٣-

٢- عەرووزی مەجزوئی ساخ و زەربی مەجزوئی ساخ: (مستفعلن - - ب - × مستفعلن - - ب -) -٤-

٣- عەرووزی مەجزوئی ساخ و زەربی مەجزوئی مقطوع: (مستفعلن - - ب - × مفعولن - - -) -٥-

عەرووزی سێیەم مەقطوعە، یەک زەربی هەیە مەقطوعە وەک خۆی:

(مفعولن - - - × مفعولن - - -) -٦-

عەرووزی چوارەم مەخبونی مەقتوع، یەک زەربی هەیە وەک خۆی: (فعولن ب - - × فعولن ب - -) -٧- بەم زەربە دەگوترێ: مخللەعی بەسیت.

عەرووزی پێنجەم مەشطوری صەحیح هەر خۆیشی زەربە: (فاعلن - ب - × فاعلن - ب -) -٨-

عەرووزی شەشەم مەشطوری موذال، هەر خۆیشی زەربە: (فاعلان - ب -ْ × فاعلان - ب -ْ) - ٩ -

عەرووزی حەوتەم مەشطوری مقطوع: (فعلن - - × فعلن - -) - ١٠ -

کلیلی دەریای بەسیت: مستفعلن فاعلن × ٤. شێخ معروفی نۆدێ - ڕەحمەتی خودای لێ بێ - دەفەرمووێ (بڕ: ١ - الابجدیة - تێبینی - ک).

آ- بَسَطْتُ نَحْوَ إله العَرْشِ كَفٌ رجى     والمرتَجى رَبَّـــهُ مُسْتَاهِــلُ لِمنح

ب- إنَّ البسيطَ لَدَيْـه يُبْسَـطُ الْامَلُ     مستفعلن فاعلن مستفعلن فعلن

ج- يَـــا حَارِ لاَ أرْمَيَنْ مِنْكُمْ بِدَاهِيَةٍ     لَــمْ يَلْقَهَا سُوقَــةٌ قبلي وَلاَ مَلِكُ

نموونەیەکی کوردی لە هۆنراوی سالم (بەسیتی هەشتی موزال):

ئاوی حــەیاتی منە بۆســەیی لێــوی حــەبیب
حــاڵی مــەمــاتی منە، دیدەنی ڕوویی ڕەقــیب
شــانە لە زوڵفت مــەدە، جــێی دڵی ئاوارەیە
حەیفە مەشێوێنە سا مەسکەنی مسکین غەریب
غــــەیری لەبت کێ دەکــــا چارەیی دەردی دڵم
نەبضی من و، دەردی من، دوورە لە فـیکری طبـیب
دیدە و ئەبرۆیی تۆ فــتنەیی مــاهی صــەفــەر
دیدەیی جــادوویی تۆ مــایەیی حــیلە و فــەریب
ڕەونەقی گــوڵشــەن دەچێ، شــاهدی گــوڵ ون دەبێ
ئاخــری مــاهی بەهار، قــوڕ بەســەری عــەندەلیب
ضیددی یەکن، یەک بەیەک، ناروخەس، ئاو و نمەک
شاهیی و عــەهد و وەفا، سالم و صــەبر و شەکیب

بەحرەکەییش دەڵێ:

ئەی دڵ! مــەڕێ: (چم نەمــا: کــردوومــە تاوانی وا)
لە ڕاست خــەڵاتی خــوا، ییێکە چ زۆر بێ چ کــەم!!
مــوحــەممەدە ســەروەری، ئێــســتــاکــە و ئاخــری
ئادەمــیــزاد و پەری، عــارەب و کــورد و عــەجــەم[١]

ڕوونکردنەوە:

١- ئەوەی کە بڵێین چامەکەی سالم بەسیتی هەشتی مەتوی موزالە، ئایا ئەمە ڕاستە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: لە کێش و قاڵب و دەریا خەلیلییەکاندا، شتی وا بەم ناوونیشانەیە نییە، بەڵام وەک دەزانین، هەستیارە عەرەبەکان و هەستیارانی گەلە موسوڵمانەکان - لە

(١) پێی سێیەم و چوارەمی لەتی یەکەم: (ناروخەس ئاو و نمەک) دەبێ ئاوا بخوێنرێتەوە: (نَارُخَسَا - ب ب - = مفتعلن + وُونَمَكْ - ب - = فاعلن). (بڕ: ناچاریەکان - ١٠١ + ١٠٠).



ژێر کــاریگەری هۆی زۆردا - لە ســەددا ســەد، پابەند نەبوون و نابن بەکــێــشــە خەلیلییەکانەوە، بەڵکو بەچەندین شێوە هەوڵیان داوە کە کێشەکانی خەلیل پەرە پێ بدەن، وە بەسەدان کێشی نوێی تر هۆنراو بهۆننەوە، گەرچی هەتا ئێستا هەستیارەکان هەر لەو سووڕگەدا دەخولێنەوە کە خەلیل ڕەنگڕێژی کردووە و بەردی بناغەکەیی داناوە، بەوێنە دەریای بەسیت، بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان عەرووز و زەربەکانی، لە نێوانی سێ تا حەوت عەرووز و شەش تا دە زەربدان، کەچی مامۆستا شێخ جەلالی حەنەفی، قسە لە بەسیتی بیست و پێنجەم دەکا!!

٢- لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو شێوە و زەربە نوێیانە، بەشێوەیێ لە شێوەکان دەچنەوە سەر بەحرە خەلیلییەکان، بەوێنە بەحری هەزەجی خەلیلی کۆن چوارییە، بەڵام نوێکەی لە عەرەبیدا شەشی هەیە، کۆنەکەیش - کە مەجزوئە - هەر کاری پێ دەکرێ لە عەرەبیدا. بەڵام لە فارسی و کوردی و تورکیدا هەزەجی هەشتی زۆرە، لە عەرەبیشدا پەیدا بووە، وەک:

يا أَرْحَماَ مِنْ كُلِّ رَاحمِينَ رُحْمَاكَ اْلْمُنَى + لِكُلِّ مَظْلُومٍ، وَقَهْرُكَ اْلمَنَى لِمَنْ جَنَى!

٣- کورد و فارس و تورک و گەلە موسوڵمانەکانی تریش، زۆر بەوردی و بەسەرنجەوە، عەرووزی خەلیلییان خوێندۆتەوە، لە یاسا و ڕێساکانی بەباشی تێگەیشتوون، هەر کەسێ لە لایەنی خۆیەوە بەپێی سروشتی زمانەکەی خۆی، سوود و بەهرەی لە هەموو ڕێسا و یاسا خەلیلییەکان وەرگرتووە، چ لە بواری ضەرورات و ڕوخسەتی شیعری و ناچاریە کــێــشــیــەکــاندا بێ، وە چ لە بواری چۆنێــتی و چەندێتی و عــیللەت و زیحــاف و گۆڕانکارییەکانی ناو پێیەکاندا بێ.

بۆ نموونە: تەذییل و تەرفیل و تەسبیغ، تەنیا لە زەربی مەجزووئی چەند بەحرێکا، لە عەرەبیدا هەن، کەچی ئەمان هاتوون لە مەجزوء و نامەجزوئی ئەو بەحرانەدا و، لە غەیری ئەو بەحرانەیشدا بەکاریان هێناون، تەنانەت لە هەندێ جۆری رەجەزی مورەففەلدا، هەموو پێیەکانی مورەففەلن ئاوا: مستفعلان مستفعلان × ٢.

٤- شتێ هەیە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (لزوم ما لا یلزم). ئەمە لە کوردی و فارسی و عەرەبی نوێدا، بەجۆرێکی تر سەری هەڵداوە. بەوێنە ئەحمەدی خانی یاد زیندوو - ڕەحمەتی خوای لێ بێ - دەڵێ:

(القطعة في بحر البسيط المَطْوِيِّ) (بڕ: ١١٤ - زحاف).

١- گـەر تە دڤـێتن ببی مـیـر و سـەر و مـوعـتـەبەر
کـیـذبُ و خـیـلافێ مـەبێـژ گـەر تە بکەن کـەر بەکـەر[1]

٢- مـفـتـعلن فـاعلن مـفـتـعلن فـاعلن
مـەتوبیـە بەحـرا بەسـیت، لێ بکە جـارێ نەظەر

٣- (شَمل)ە بەلاَف بوونە، هەم ڤـێک کـەتنە (شـمله) بەڕ
زەربیـیـە مـافـووره هەم طەنفـەسـە ئەی باخـەبەر

٤- هەرب و هەزیمە رەڤین قـەرح و جـەراحـە برین
ضـد و عـدوّ دوژمنن، حـەرب و وەغـا هەردوو شـەڕ

٥- (زُحْـزِحَ) ئێ دووربویی (أزْلَفَ) ضـدّی ویـیـە
(أفْلَحَ) گـەر یا خـەلاص (صلد) قـەوی (صـەخـره) بەڕ

٦- حـینث و جـوناح و حـەرەج، ویزر و وەبال و ذونوب
(إثم)ە گونەه، غـیظ کـەرەب (کَرْبِ) غەمن (رأس) سەر

٧- ئەربە: وەطەر: ئیـحـتـیـاج: حەوجـەیی، هێـڤی ئەمـەل
(سَـمْعِ)ی بهـیـستن بەصـەر دیتن و نێـرین نەظەر

جا وا لەم لێکۆڵینەوە بەرکوڵەدا ئەم چەند خاڵانە دەخەینە ڕوو، بەمەبەستی ڕاهێنان و قاڵبوون:

آ- دەی ئەم چامەیە سەراسەر لە زەربی یەکەمی بەسیتە، لە جۆری کوردییە، کە هەشتی تەواوە، نەک مەخبوون، چونکە لە عەرەبیدا زەربی یەکەم مەخبوونە مەگەر زۆر کەم، ئەمە لە عەرەبیشدا نموونەی هەیە، وەک: (انطلقت غُدْوَةً...) یا وەک: (تِلْكَ شُمُوسُ الدُّجی... بڕ: فَنُّ التَقْطِیع الشِّعْرِيِّ ل - ٧٤)... تاد.

بەڵام ئەوەندە هەیە، چ لە عەرەبیدا و چ لەکوردی و فارسیدا، بەپێی یاسا خەلیلییەکان،

---

(١) ئەمەی خانی دەفەرموێ، دروشم و دەستووری گەورە پیاوانی سەردەمی خۆی بووە، بەڵام دروشمی گەورە پیاوان و سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆ ئەمەیە:
گـەر دەتەوێ تۆ ببی مـیـر و سـەر و بەخـتـەوەر
نەکەی قسەی ڕاس بکەی، گەر تە بکەن کەر بەکەر



لەم دوو زەربەدا، مەرج نییە هەموو نییە هەموو پێیە شەشییەکانی لە گشت دێڕەکانی هۆنراوەدا تەیکراو بن، گەرچی دروستە بەبێ دیاری کردن، پێیەک یا دوو پێ، یا زیاتر، لە دێڕێکا، یا لە چەند دێڕێکا، لە چامەیەکا تەی کراو بێ. وەک لە دێڕەکانی نموونەکانی زەربەکاندا هەست بەشتی وا دەکرێ. کەواتە: هەر کاتێ هەستیار، بەئارەزووی خۆی، پابەند بێ بەم جۆرە کێشەوە، ئەوە لە چەشنی (لزومی ما لا یلزمە) چونکە پابەندبوون بەشتێ کە بەپێی ڕێسا دامەزراوەکان پێویست نەبێ لەم بابەتەتە، لە بنەڕەتدا (لزوم ما لا یلزم) پەیوەندی بەسەرواوە هەیە.

من ئێستا جگە لە چامەکەی خانی و نالی و سالم چەند چامەیەکی هەستیارانی ترم لە بەردەستدایە، هەموویان لەوە دەچن کە بەبەسیتی مەتوی لە قەڵەم درا بن، بەڵام لە ڕاستیدا، لە زۆر دێڕیاندا، وە لە گەلێ پێیاندا، مەگەر بەزۆرە خەرێ، دەنا مەتوی نین، واتە: شاعیر و هەستیارەکان لەم جۆرە چامە و هۆنراوانەدا، کاتێ زۆریان بۆ هاتووە، چاریان نەماوە چوونەتەوە سەر یاسا گشتییە بەرەڵاکان، کەواتە: مەگەر لەسەر بنیاتی ئەوە کە زۆربەی پێیەکانی ئەم جۆرە چامەیانە پێیان بگوترێ: مەتوی.

ب- لە هەندێ چاپدا، نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی یەکەم ئاوایە: (گەر تە دڤێتن تۆ ببی...) بێژەی (تو) زیادە لەسەر کێش، لەبەر ئەوە هەڵەیە، هەڵەی نووسیارە، کە لە دەم خەڵکی نەخوێندەوارەوە نووسیویانەتەوە، وە خۆشیان ئاگایان لە عەرووز نەبووە.

ج- گِرْتَدَڤِیْ: تَنْبَبِیْ: مِیرْسَرُوْ : مُعْتَبَرْ
-ب ب - : -ب-:-ب ب-: -ب-
متفعلن : فاعلن: مفتعلن: فاعلن
کِذْبُخْلاَ : فِیْ مَبِژْ: گَرْتَبکَنْ: کَرْبْکَرْ
-ب ب-: -ب -:-ب ب-: -ب-
متفعلن : فاعلن : مفتعلن : فاعلن

لەم دێڕەدا لە یەک نیوە دێڕدا، پیتی مەددی عەطف، کە واوە، دووجار بەکار هاتووە، لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمیشدا، لە یەکەم پێدا جارێ بەکار هاتووە، بەڵام بەبێ پارسەنگێ (مورەجحیحێ) جگە لە خواستەی کێش، لەم سێ شوێنەدا، دەبێ لە دووانیاندا نەخوێندرێتەوە و دابنرێ بەبۆری ڕووت و بەس، وەلێ لە یەکێکیاندا دەخوێنرێتەوە و لە کێشدا بەنوونی وەستاوی کۆتایی (مفتعلن) دەکێشرێ ئاوا: (مِیرُسَرُوْ

# پێڕست


عەرووزی کوردی ..... 8
(ناچارییەکانی شیعر = الضَّرُورَاتُ الشِّعْرِيَّةُ) ..... 13
ڕێساکانی ئێست و جۆرەکانی ..... 64
(نووسینی عەرووزی = الخَطُّ العَروضِيُّ) ..... 68
(وشەیێ سەبارەت بەگرنگیی زانستی عەرووز) ..... 73
عەرووز چییە ؟ ..... 73
مەوزووع و بابەتی عەرووز ..... 73
شیعر چییە ؟ ..... 73
(جۆرەکانی شیعر: أنواع الشعر) ..... 75
(بڕگە: مەقطەع، بڕگە عەرووزییەکان: اَلْمَقَاطع الْعَرُوضِيَّة) ..... 75
(بڕگەی کوردی) دوو جۆری سەرەکی هەیە ..... 78
(بڕگەی عەرەبی) ..... 87
(بڕگەی عەرووزی) ..... 87
(کێشی بڕگەیی) ..... 90
یەکەم: (پیتی ئەلف) أ = ا ..... 95
(دووەم: پیتی بێ) ..... 119
سێیەم: پیتی تێ: حرف التَّاءِ ..... 145
چوارەم: پیتی ثێ: حرف الثاء ..... 147
پێنجەم: پیتی جیم: حرف الجیم ..... 150
شەشەم: پیتی حێ: حرف الحاء ..... 154
حەوتەم: پیتی خێ: حرف الخاء ..... 165
هەشتەم: پیتی دال: حرف الدَّال ..... 180
نۆیەم: پیتی ذال: حرف الذَّال ..... 183
دەیەم: پیتی ڕێ: حرف الرَّاءِ ..... 185
یازدەهەم: پیتی زێ: حرف الزای ..... 193
دوازدەهەم: پیتی سین: حرف السِّین ..... 199
سیازدەهەم: پیتی شین: حرف الشین ..... 205
چواردەهەم: پیتی صاد: حرف الصَّاد ..... 216





پازدەهەم: پیتی ضاد: حرف الضاد ..... 220
شازدەهەم: پیتی طێ: حرف الطَّاءِ ..... 230
حەڤدەهەم: پیتی ظێ: حرف الظاء ..... 233
هەژدەهەم: پیتی عەین: حرف العین ..... 234
نۆزدەهەم: پیتی غەین: حرف الغین ..... 242
بیستەم: پیتی فێ: حرف الفاء ..... 243
بیست و یەک هەم: پیتی قاف: حرف القاف ..... 245
بیست و دووهەم: پیتی کاف: حرف الکاف ..... 311
بیست و سێیەم: پیتی لام: حرف اللام ..... 313
بیست و چوارەم: پیتی میم: حرف المیم ..... 316
بیست و پێنجەم: پیتی نوون: حرف النون ..... 317
بیست و شەشەم: پیتی واو: حرف الواو ..... 323
بیست و حەوتەم: پیتی هێ: حرف الهاء ..... 327
بیست و هەشتەم: پیتی یێ ..... 328
زیحاف و عیللە: گۆڕان و گۆڕین لە هەڵبەستدا ..... 330
یەکەم: زیحاف (گۆڕان) دوو جۆری هەیە ..... 331
دووەم: عیللە: گۆڕین: عیللە –یا گۆڕین– دوو جۆرە ..... 334
(ڕاستکردنەوەی کێشی دێڕە لەنگەکان) ..... 413
(پاڵفتەی دەریای کامیل) ..... 431
(هۆنراو چییە ؟!) ..... 433